خوێندنەوەی

ئەبو جەعفەر

ئیبن وەردان و ئیبن جەماز

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەرشتیاری وەرگێڕان

شيخ نظام الدين يونس عزيز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَان

في القراءات العشر للقرآن

قراءة أبي جعفر المدني

براوييه / ابن وردان وابن جماز من طريق الدرة

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل

الشيخ : سعيد صالح زعيمة

الشيخ : جمال ابراهيم القرش

إعداد

خادم القرآن الكريم الدكتور:

أحمد ضيف الله أبوسمهدانة

الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى والأربع الشواذ

عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

خوێندنەوەی

ئەبو جەعفەر

ئیبن وەردان و ئیبن جەماز

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضيف الله عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری وەرەگێڕان

شيخ نظام الدين يونس عزيز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
777 لە 2024/7/8
عێراق - هولێر

ليستى سەرپەرشتيارى تەرجەمەكردنى پەرتووك

شێخ هيبت فخري القاضي — **سەرپەرشتيارى زانستى**

ڕێگە پێدراو لە قيڕائاتى عەشرەى بچووك و گەورەو چوار شاذەكە

خاوەنى بڕوانامەى ماستەر لە زانستى ئيسلامى

يونس عثمان محمد أمين — **پێداچوونەوەى زانستى**

ڕێگە پێدراو لە قيڕائاتى عەشرەى بچووك

ماستەر لە زمانى عەرەبى

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — **پێداچوونەوەى زمانەوانى**

قوتابى لە قيڕائاتى عەشرەى بچووك

دكتۆرا لە زمانى ئينگليزى و زمانەوانى – وەرگێرى سوێندخواردوو

ئەندازيار زاهر مزاحم الشريده — **سەرپەرشتيارى چاپ**


قوتابى لە قيڕائاتى عەشرەى بچووك

ماستەر لە ئەندازيارى كۆمپيوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — **وەرگێڕ**

مامۆستاى خوێندنى ئيسلامى

ماستەر لە زاستى ئيسلامى


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

له عوسمانی کوڕی عەفانەوە (رضي الله عنه) ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن ئەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە مافی هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسیٚ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان حوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان
پێشهكی به پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ پهروهردگاری جیهانیان، ئهوهی كه ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاكهی ئهوهی لهگهڵ كردوین كه باوهڕی پیٚ بهخشیوین، وئێمهی تایبهت مهند كردووه به ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاكترین كتێبه له جوانی و به هێزیدا و چیرۆكهكانی دووباره ئهبێتهوه، قورئانی پیرۆز ڕوونكهرهوهی ههموو شتێكه، هیدایهت بهخش و ڕهحمهتهو مزگێنیشه بۆ موسلمانان و چاكترین ڕێگاو ڕێبازه، درودو ڕهحمهت بۆ سهر ئهو نێردراوهی كه ڕهحمهت و بهرهكهته بۆ ههمووو جیهان، گهورهو خۆشهویستمان موحهمهد (ﷺ)، ومیهرهبانی برژیٚ بهسهر خانهوادهو ئهصحاب و شوێن كهوتوانی و ئهوانهی شوێنیان كهوتوون به چاكه تا ڕۆژی دوایی.

به دڵنیایهوه خودای مهزن فهرمانی كردووه به ڕووكردنه قورئانی مهزن به خوێندنهوهو لهبهر كردن و تێگهیشتن و بیرلێكردنهوهو كارپێكردنی له زۆر ئایهت له قورئانی پیرۆز، یهكێك لهو ئایهتانه دهفهرمویێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ٢٩ ﴾ فاطر: ٢٩

وههروها پێغهمبهری خۆشهویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری كردووین كه خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بكهین و كهسانی تریش فێر بكهین، ههر وهك ئهفهرمویێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

پهروهردگاری پاك و بێگهرد خهڵكانێكی ئامادهكردووه له ههموو كات و سهردهمێكدا، هاوكاری كردوون بۆ خزمهت كردنی قورئانی پیرۆز، تاوهكو بهڵێنی پهروهردگار بێته دی له پاراستنی پهرتوكهكهی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبهت كردووه بۆ خزمهت كردنی قورئانی پیرۆز، وهریان گرتووه، ههروهك چۆن پێغهمبهر(ﷺ) وهری گرتوهو كهسانی دوای خۆی فێركردووه،

موسلمانانیش له‌ هه‌موو سه‌رده‌مێكدا قورئانیان خوێندووه‌ به‌ خوێندنێكی پاراو وجوان هه‌ر وه‌ك چۆن دابه‌زیووه‌، پاشان پێمان گه‌شتووه‌ به‌ پاك و بێگه‌ردی دوور له‌ هه‌موو هه‌ڵه‌و كه‌م و كورتیه‌ك، به‌ سه‌نه‌دێكی نه‌پچڕاو ده‌ست به‌ ده‌ست تاوه‌كو ده‌گات به‌ پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویستمان(ﷺ).

به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی ولأتمان به‌ تایبه‌تی گرنگیه‌كی زۆری داوه‌ به‌ قورئانی پیرۆز، به‌ شێوه‌یه‌ك كه‌ به‌ هه‌زاره‌ها ئه‌زبه‌ركاری (حافز) قورئانیان تێدا هه‌ڵكه‌وتووه‌و له‌ هه‌ردوو ڕه‌گه‌ز به‌ ده‌یه‌ها هه‌زار قورئانخوێنیان تێدا هه‌لكه‌وتووه‌، سوپاس بۆ ئه‌و خودایه‌ی خاوه‌نی هه‌موو فه‌زل و چاكه‌یه‌كه‌، وسوپاس بۆ ئه‌و چاكه‌و میهره‌بانیه‌ی له‌گه‌ڵ ئێمه‌ كردویه‌تی، خه‌ریك بوون به‌ قورئان باشتره‌ له‌وه‌ی كه‌ خه‌ڵكی له‌ مولك و سامان كۆیده‌كه‌نه‌وه‌. سوپاس بۆ خودای گه‌وره‌، خه‌ڵكی پێش بڕكێ ده‌كه‌ن بۆ خزمه‌ت كردنی قورئانی پیرۆز، به‌مه‌به‌ستی ده‌ست كه‌وتنی خێرو پاداشت.

یه‌كێك له‌وانه‌ برای خۆشه‌ویست دكتۆر ئه‌حمه‌د ضـه‌یف الله‌ سه‌مهدانه‌، ده‌ستی كردووه‌ به‌ ئاماده‌كردنی زنجیره‌یه‌ك له‌ كتێبی قیرائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاته‌ ژێر ده‌ستی قوتابیانی زانسته‌كانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوه‌ (الدرر الحسان) له‌ ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی قورئان ، تا به‌شی هه‌بێت له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ گرنگی به‌ قورئانی پیرۆز ده‌ده‌ن و خه‌ریكی ئه‌م كاره‌ن، ئاسان كردنی فێربونی قیرائاتی قورئانی پیرۆز و شاره‌زاكردنی كه‌سانی تر، من سه‌یری ئه‌م كاره‌م كرد بۆم ده‌ركه‌وت كه‌ ماندوبونێكی زۆر پیرۆزی تێدا به‌كار هێناوه‌، ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی له‌ خۆ گرتووه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، به‌ وردبینی و جوان وه‌رگرتنی.

سه‌ره‌تا ده‌ستی كردووه‌ به‌ باس كردنی بنچینه‌كانی خوێندنه‌وه‌ی قاریئه‌كه‌، ئه‌وه‌ی كه‌ مه‌به‌سته‌ له‌ باسه‌كه‌دا، دواتر ده‌ستی كردوه‌ به‌وه‌ی كه‌ جیاوازه‌و پێچه‌وانه‌ی قیرائه‌تی (حه‌فصه‌)و (فه‌رش)[1].و بنچینه‌كانیه‌تی، پیت پیت و وشه‌ وشه‌، پاشان له‌ به‌شی سێهه‌م ده‌ستی كردووه‌ به‌ باس كردنی وشه‌كانی (فه‌رش) كه‌ پێچه‌وانه‌ی خوێندنه‌وه‌ی

[1] فه‌رش: زاراوه‌یه‌كی زانستی قیرائاتی قورئانه‌، كه‌ ئاماژه‌ده‌كات به‌و ووشانه‌ی كه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌یاندا جیاوازی هه‌یه‌ له‌ نێوان قاریئه‌كاندا. (وه‌رگێڕ)

(حه‌فصه). په‌رتوكه‌كه گشتگیره به‌وه‌ی كه جیاوازی قاریئه‌كه له خۆ ده‌گرێت و فێرخواز شته وونبووه‌كانی خۆی تێدا ده‌دۆزێته‌وه.

داواكارم له په‌روه‌ردگار ئه‌م به‌رهه‌مه سودی هه‌بێت بۆ هه‌موو خه‌ڵك به شێوه‌یه‌كی گشتی و خه‌ڵكی تایبه‌ته‌ند به قورئانی پیرۆز به تایبه‌تی، وپاداشتی برای به‌ڕێزمان كاك ئه‌حمه‌د بداته‌وه كه هه‌ستاوه به‌م كاره چاكه به باشترین شێوه وئه‌مه‌شی بۆ بكاته چاكه‌یه‌كی نه‌بڕاوه به‌و زانسته‌ی كه خه‌ڵكی سودی لێببینێ، وداواكارم خودای مه‌زن هێزو چالاكییه‌كی پێ ببه‌خشێت بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتوكی په‌روه‌ردگارو بڵاوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئان تا بچێته ژێر ئه‌م فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

په‌روه‌ردگار ئه‌م كاره‌مان لێ وه‌ربگره‌و له ڕیزی چاكه‌كانماندا تۆماری بكه، چونكه به‌ڕاستی تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر بیسه‌رو زانایت، ته‌وبه‌و په‌شیمانیمان لێ وه‌ربگره‌و بێگومان تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر ته‌وبه وه‌رگرو میهره‌بان و دلۆڤانی، خودایه بمانگێڕه له ئه‌صحابی قورئانی پیرۆزو نزیك له خۆتت به تایبه‌ت، خودایه دڵێكی پاك و مه‌به‌ستێكی بێ گه‌ردمان پێ ببه‌خشه له گوفتارو كرده‌وه‌دا، خودایه كۆتایی ته‌مه‌نمان پر خێر بكه‌ی.

درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر پێشه‌واو خۆشه‌ویست و پێغه‌مبه‌رمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سه‌ر خانه‌واده‌و یارانی به گشتی.

عبدالرحمن ی كوڕی یوسف الجمل[1]

---

(1) دكتۆر: عبدالرحمن يوسف احمد الجمل، پێشه‌وای قورئانخوێنانی فه‌له‌ستین، له دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نه‌سیرات له ناوه‌ڕاستی كه‌رتی غه‌زه، مامۆستای به‌ژداربو له ته‌فسیر و زانسته‌كانی قورئان و خوێندنه‌وه‌كانی قورئان له كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین له زانكۆی ئیسلامی له غه‌زه، كاری كردووه وه‌ك مامۆستای یاریده‌ده‌ر له كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین، دواتر بۆته عه‌میدی كۆلێژی ناوبراو، ئێستا كار ده‌كا وه‌ك سه‌رۆكی ده‌زگای قورئانی پیرۆز و سونه له كه‌رتی غه‌زه و سه‌رۆكی فه‌رمانگه‌ی قیرائاتی سه‌نه‌ده‌كانی قورئانه، به‌ڕێز دكتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینه‌ی چاكه‌و ماڤ به‌سه‌رمانه‌وه هه‌یه له دوای په‌روه‌ردگاری مه‌زن له بلاوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنه‌وه‌ی له غه‌زه، چه‌ند په‌رتوكێكی بلاًو كراوه‌ی هه‌یه له قیرائاتی قورئان و سه‌نه‌ده‌كانی وه‌رگرتوه‌و ڕێگه پێدراوه له لایه‌ن كۆمه‌لێك به‌ڕێزو مامۆستای گه‌وره‌وه، له‌وانه‌ی مامۆستاو شێخی گه‌وره به‌ڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی به پێنووسی شێخ: سه‌عید زه‌عیمه

سوپاس بۆ په‌روه‌ردگاری جیهانیان، ڕه‌حمه‌ت وسه‌لام بڕژێ به‌سه‌ر چاترینی په‌یامبه‌ران و پێشه‌وای بڕواداران، ئه‌و كه‌سه‌ی كه كتێبێكی به‌سه‌ر دابه‌زیوه هیچ خواری و كه‌م و كورتی تێدا نیه، نه له‌پێش و نه له دواوه.

سه‌یری ئه‌م زنجیره پیرۆزه‌م كرد كه ناونراوه به گه‌وهه‌ره‌كانی قیرائاتی قورئان (الدرر الحسان) له ده خوێندنه‌وه‌كانی قورئان، كه دكتۆر ئه‌حمه‌د ضه‌یف الله باوكی سه‌مه‌ه‌دانه، بینیم پڕه له زانیاری ورد له ناوه‌ڕۆكدا.

منیش داواكارم له یه‌زدان كه سودی هه‌بێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان به‌وه‌ی كه داڕێژراوه‌و نوسراوه‌ته‌وه له‌م زنجیره پیرۆزه‌دا .

دووباره سوپاس بۆ په‌روه‌ردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:
سعید صالح زعیمه[1]

---

[1] شێخی پزیشك: سه‌عید صالح مصطفى زعیمه، زانایه‌كی لێكۆله‌رو كاربه‌جێیه، یه‌كێكه له زانایانی خوێندنه‌وه‌كانی قورئان له ئه‌سكه‌نده‌ریه، پزیشكی جه‌ڕاحه له ئه‌زهه‌ر، له دایك بوی1957ز، ده‌رچوی په‌یمانگای سه‌موحه‌یه، بۆ قیرائاتی قورئانی بڕوانامه‌ی بالای وه‌رگرتوه له ده خوێندنه‌وه‌كانی بچوك و گه‌وره، شیكردنه‌وه‌و ڕوونكردنه‌وه‌ی هه‌یه له‌سه‌ر ده‌قه‌كانی شێخ و زاناكان وه‌ك شاطبی و ئیبن جه‌زری و جه‌مزوری، قورئانی پیرۆزی به‌ته‌واوی خوێندۆته‌وه به ده خوێندنه‌وه‌كانی بچوك و گه‌وره به‌سه‌ر زانا شێخ موحه‌ممه‌د عبدالحمید عبدالله خلیل ، خاوه‌نی به‌رزترین پالپشته له جیهاندا له خوێندنه‌وه‌ی ده قیرائاته گه‌وره‌كه، وشێخ سه‌عید قورئانی خوێندۆته‌وه به‌سه‌ر زۆر شێخ دا كه باس ده‌كرێن نزیكه‌ی چل پیاو و ئافره‌ت ده‌بن، هه‌مووی ڕێپێدانیان وه‌رگرتوه، بۆ نمونه كه‌سێكه به‌ناوی عبدالفتاح مه‌دكور، وهه‌روها شێخ سه‌منودی،و شێخ عه‌لی نحاس،و شێخ عه‌لی رحال،و دایكی سه‌عد، ومۆله‌تی له خوێندنه‌وه‌ی ده‌ی بچوكی پێداوم به‌ناوی مامۆستا تناظر النجولی، زۆر كتێبی هه‌یه له زانستی خوێندنه‌وه‌كانداو جگه له خوێندنه‌وه‌كانیش،

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی شێخ: جه‌مال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و ته‌نیا، درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر گیانی ئه‌و كه‌سه‌ی كه هیچ پێغه‌مبه‌رێك له دوای ئه‌و نایه‌ت.

ئه‌م په‌رتووكه‌م بینی كه ناونراوه به (الدرر الحسان) له ده خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، له نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئه‌حمه‌د ضه‌یف الله باوكی سه‌مهه‌دانه ، بینیم كتێبێكی چاكه له داڕشتن، شتێكی جوانی پێش كه‌ش كردوه، سود به‌خشه له بابه‌ته‌كانیدا، ئاسانه له‌سه‌ر زانست خوازان، تكاكارم له په‌روه‌ردگار سودی بگێنێت له هه‌موو كات و ساتێكدا، چونكه ته‌نها ئه‌و پشتیوان و به‌هێزه له‌سه‌ر هه‌مووو شتێكدا.

(والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته)

ووته‌ی شێخ:

جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم القرش [1]

هه‌ول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئه‌نجام داوه له بڵاوكردنه‌وه‌ی زانستی قیرائات، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش زانستێكی به‌رفراوانی هه‌یه له زانستی نه‌حوو صه‌رف و ته‌فسیر و زانسته شه‌رعیه‌كاندا.

[1] شێخ: جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحه‌ممه‌د القرش، له دایك بوی 1963ز، چه‌ن ڕێگه پێدراوێكی به‌ده‌ست هێناوه له خوێندن و خوێندنه‌وه‌دا، بڕوانامه‌ی زانكۆیی هه‌یه له كۆلێژی ئاداب و په‌روه‌رده به‌شی زمانی عه‌ره‌بی ساڵی1987ی زاینی، سه‌رپه‌رشتیار بووه له به‌شی قورئانی پیرۆزو زانسته‌كانی له بنكه‌ی یه‌كه‌م بۆ په‌ره‌پێدانی په‌روه‌رده‌یی له ڕیاز، به‌ژداری له زۆر خول كردووه وه‌ك لێهاتویی و سه‌رپه‌رشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوه‌و سه‌رۆكی به‌شی سه‌رپه‌رشتیاری په‌روه‌رده‌یی بووه له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی خانمانی پێشو له وڵاتی سعودیا، وه‌هه‌روه‌ها كاری كردوه وه‌ك به‌ڕێوه‌به‌ر بۆ كاروباری فێركردن له قوتابخانه‌كانی ناوه‌ڕاست له ساڵی1427ی كۆچی تا وه‌كو ساڵی1433ی كۆچی، به‌ژداری كردوه له پێش بركێی نێو ده‌وڵه‌تی بۆ له‌به‌ر كردنی قورئانی پیرۆز له وڵاتی كویه‌ت له ساڵی 1432ك، و 1433ك، چه‌ن نوسراوێكی خۆی هه‌یه له (التدبر، التجويد، الوقف، العلوم التربوية، العقيدة)

ژ	عربی	کوردی
1	حركة	جوڵە
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	لەبری
4	سكون	زەنەدار
5	شدة	شەدەدار
6	ضمة	ضـەمەدار
7	فتحة	فەتحەدار
8	كسرة	كەسرەدار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانەپاڵ
11	وقف	وەستان
12	وصل	نەوەستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنەوە
15	مد	درێژكردنەوە
16	التكبير	گوتنی(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنی(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنی(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنی دوو جوڵە
20	توسط	درێژكردنی چوار جوڵە
21	اشباع	درێژكردنی شەش جوڵە
22	تسهيل	لابردن یان ئاسان خوێندنەوە

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

پێشه‌كی:-

سوپاس بۆ ئه‌و خودایه‌ی قورئانی پیرۆزی كردۆته‌ ڕۆناكی بۆ خه‌ڵك تا ڕێ نیشانده‌ری گومڕاو سه‌رلێشێواوان بێت، وخه‌ڵكی له‌ تاریكی نه‌زانی ڕزگار كردووه‌ به‌ره‌و ڕوناكی قورئانی پیرۆز، وده‌روونی پاك كردۆته‌وه‌و ده‌ری هێناون له‌ سه‌ر گه‌ردانی و به‌ره‌و جوانترین و به‌رزترین پله‌وپایه‌ی بردوون.

ڕه‌حمه‌ت و میهره‌بانی برژێ به‌سه‌ر پێشه‌ومان، موحه‌ممه‌دی كوڕی عبدالله(ﷺ)، ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾**ی به‌سه‌ردابه‌زیوه‌.**

به‌هۆی ئه‌م قورئانه‌ پیرۆزه‌ چلكی ئاره‌زووه‌كانی لابردوه‌ له‌گه‌ڵ پیسیه‌كان، هه‌ر به‌هۆی ئه‌م قورئانه‌ پێشه‌وایه‌تی بۆ مرۆڤه‌كان دروست كردووه‌، بوون به‌ نمونه‌ له‌ پۆشاكی هێزی باوه‌ڕدا، درووود له‌سه‌ر خانه‌واده‌ی ئه‌م په‌یامبه‌ره‌و ئه‌م هاوڕێیانه‌ی كه‌ چاكترین كه‌س بوون، ودرووود له‌سه‌ر ئه‌وكه‌سانه‌ش كه‌ شوێن كه‌وتنه‌ی ڕێبازی ئه‌وانن له‌ پیاو چاكان و پاكان، ئه‌وانه‌ی قورئانی پیرۆزیان ئه‌زبه‌ر كردو پارێزگاریان لێ كرد، په‌روه‌ردگار پاداشتی چاكه‌كانیانی داوه‌ له‌ دونیاو دوارۆژدا، په‌روه‌ردگار چاكه‌كارانی خۆش ده‌وێت:

به‌ دڵنیاییه‌وه‌ زانستی ته‌جویدو خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز له‌پێشینه‌ی زانسته‌كانی تره‌ له‌باس كردن و یادگه‌دا، وپیرۆزترین شوێن و پێگه‌یان هه‌یه‌ ، چونكه‌ په‌یوه‌ستن به‌ فه‌رموده‌ی په‌روه‌ردگاری جیهانیان به‌ شێوه‌یه‌ك ئه‌و زانسته‌و ئه‌و زنجیره‌ قورئانیانه‌ پاداشتێكی زۆری له‌سه‌ره‌، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌فه‌رموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت

من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

دوای ئه‌وه‌ی فێركردنی قورئانی پیرۆزو شاره‌زابوون لێی، وبلاوكردنه‌وه‌ی شێوه‌ی خوێندنه‌وه‌كه‌ی و گێرانه‌واكانی، نزیكت ده‌كاته‌وه له په‌روه‌ردگاری جیهانیان، به پاڵ پشتی فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌رمان (ﷺ) كه ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[2]. **واتا: چاكترینتان ئه‌و كه‌سانه‌ن كه خۆی فێری قورئان ده‌كات و كه‌سانی تریش فێر ده‌كات.**

له‌سه‌ر وه‌لاّم دانه‌وه‌ی پێشنازی هه‌ندێ له هاورێیان، ئیستخاره‌ی په‌روه‌ردگارم كرد، داوای كۆمه‌ك و هاوكاری و رێنیشاندانی پشت ئه‌ستوریم لێ كرد، ئه‌ویش دڵ و ده‌روونمی ئارام كرد له‌سه‌ر نوسینی ئه‌م بابه‌ته‌ی ئه‌م به‌شه‌دا، به هیوای ئه‌وه‌ی بتوانم ببم به شوێن كه‌وته‌ی پێغه‌مبه‌ره‌كه‌م (ﷺ) ده‌ستم پێ كرد به داوای پاڵ پشت و هاوكاری خودای گه‌وره له‌سه‌ر بلاوكردنه‌وه‌ی ئه‌م زنجیره قورئانیه‌ی پاش ئه‌وه‌ی كه سه‌ربه‌رزو سه‌ر فراز بووم به وه‌رگرتنی فێربونی زانستی ده خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز خوێندنه‌وه‌ی بچووك و گه‌وره‌و چوار جۆر خوێندنه‌وه شازه‌كان (القراءات الشاذة) **به پاڵ پشتی مامۆستا بەرێزه‌كان و له‌سه‌ر ده‌ستی شێخه به‌رێزه‌كانم، ده‌ست پێ ده‌كه‌م له‌م رووه‌ی كه هه‌ست به به‌رپرسیاره‌تی ده‌كه‌م، نه‌ك له‌رووی ئه‌وه‌ی كه بلێم من شایه‌نی ئه‌م كاره‌م.**

ئه‌و رێگایه‌ی گرتومه‌به‌ر له‌م زنجیره‌دا، بریتیه له زنجیره‌یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆزو زانسته‌كانی كه ناوم ناوه (الدرر الحسان) **له ده خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، من ئه‌م بابه‌ته‌م كۆكردۆته‌وه له كتێبه‌كانی پێشو، وئه‌وه‌شی كه وه‌رم گرتوه له مامۆستاكانم، باسی ئه‌و جیاوازیانه‌م كردووه كه راویه‌كان یان قاریئه‌كه پێچه‌وانه‌ی**

---

[1] ئه‌بو داوود، په‌رتووكی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپه‌ڕه189.

[1] بوخاری، له باسی خيركم من تعلم القران و علمه، ژماره‌ی فه‌رمووده5027، لاپه‌ڕه436.

پێشەوا حەفصی كردووە، باسی یەك دەنگیم لە نێوانیاندا نەكردووە، مەگەر كەمێك جار نەبێ كە باسی یەك هەڵ وێستیان ئەكەم زیاتر بۆ ڕوون كردنەوەو تەواوكەری سودەكانە، ئەم پەرتوكەی لە ژێر دەستی خوێنەری بەرێزدایە كردومە بە سێ بەش، لە بەشی یەكەم : باسی بنچینەكانی خوێندنەوەی پێشەوا ئبی عەمری بسری بە ریزبەندی بابەتەكانیشیم ڕێك خستووە بە پێی ئەوەی كامەیان گرنگترە لەوی تر، بەپێی ئەو ئەزمونەی كە هەم بووە لە وانە وتنەوەی قورئانی پیرۆزدا.

لە بەشی دووم : بە شێوەیەكی گشتی زیاتر باسی بنچینەكان و (فەرش)م كردووە، بە شێوەیەكی ڕێك و پێك باسم لە وردودرشتی ووشەكان كردووە، وهیچ جیاوازی نیە لە نێوان ئەم وشە ناكۆكە لە وشەكانی بنچینەیی بێ یاخود (فەرش) بێ، تاوەكو پێداویستیەكانی كەسی سەرەتایی جێ بەجێ بكات، ئەمەش لە ڕێگەی دروست كردنی خشتەیەكی سێ ستونی بەم شێوەیە:

ستونێكیان تایبەتە بە پێشەوا (حفص) ستون تایبەتە بە پێشەوا ئەبو جەعفەرو ستونێكیان تایبەتە بە ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی خوێندنەكان، سەبارەت بە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووكە لێكچونێك هەیە لەگەڵ بەشی پێشە خۆی تەنها ئەوە نەبێ من كورتم كردۆتەوە تەنها بە بەكارهێنانی وشەی (فەرش) لەگەڵ كەمێك زیادە، تا ئامانجەكان بەدەست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزاییان هەیە لە خوێندنەوەكاندا لە كاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەم بەشە، وبتوانێ ووشەكانی (فەرش) دەربهێنێ بە شێوەیەكی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێرەدا باسی پێشەكیەكەی(ئیبن مەهران)ی ئەصفەهانیم كردووە خاوەنی كتێبی (المبسوط) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس لە كتێبەكەی خۆی دەكان دە فەرموێت: (دەمەوێت پێتانی ڕابگەێنم كە من پۆلێنم كردووە تەنها بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونیە، بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزایی تەواویان هەیە لەم بوارەدا، و هونەری تەواوی هەیە لە زانستەكان و ئاكارەكاندا)

به مێشكم داهات كه ههندێ بابهتی پهروهردهیی تێكهڵاو بكهم لهم زنجیره پیرۆزهدا، وهك مهبهستێك لهوانهوتنهوهكانی خوێندنهوهی قورئانی پیرۆز له زنجیرهو دانیشتنهكانی قورئان و ڕێگهی زنجیرهكانی قورئانی تایبهت به خولی پێشهوا ئهبو جهعفهر، وتوندو تۆڵكردنی زنجیرهكانی قورئانی پیرۆز تایبهت به خولی ناوبراو، كاتێ تاقیكردنهوهكان و گشت بابهتهكان تهواو ئهبن بهیهكتر پهیوهست ئهكرێن، وجگه له كاری تری پهروهردهیی كه شاراوه نیه لای ههمووو كهسێكی تێگهیشتوو، ئهوانهی باس كران ههمووویان له چوارچێوهی تهواوبوندا له نێوان چوار چێوهی تیۆری و لایهنی كرداری دهبێته یارمهتیدهر بۆ مامۆستا یان خوێنهر تا پشتی پێ ببهستێ له كاتی فێركردن و فێربوونی ئهم قیرائهیه.

داواكارم له خودای مهزن ئهم زنجیره قورئانیهم بۆ وا لێبكات كه مهبهستم تهنها ڕازی بوونی ئهو بێت و تهنها له پێناو ئهودا بێت، تكام وایه لێم وهربگرێت به باشترین شێوه، وڕێزێكی گهورهو بێ پایهنی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسهرهكهی و ئهوكهسانهشی كه له دهورو بهریدان ههبێت، وههروها سودهكهی بگێنێ به نهوهی داهاتوو پشت به پشت، منیش بپارێزێت له بیرۆكهی نابهجێ، وپێنوسیشم ڕزگار بكات له ههڵه، ههركهسێ كهمتهرخهمیهكی بینی تیایدا یان ههڵهو كهمو كورتیهكی تیایدا دۆزیهوه تكای لێ دهكهم پۆزشم بۆ بێنێتهوهو ئامۆژگاریم بكات و چاكی بكاتهوه.

پێویسته ئهوهش بلێم كه ئهم ماندوبونهی من بۆ خزمهت كردنی پهرتووكی خودای گهوره ههر چهنده زهحمهتی تێدایه بهڵام لهگهڵ ئهوهشدا تام و چێژێكی تایبهتی خۆی ههیه، ههرچهنده ئهزیهت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان دهبێت.

بهرلهوهی پێنوسی ڕوون كردنهوه ههڵگرم، بهپێی فهرموودهی پێغهمبهر(ﷺ) كه دهفهرموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراستهی ههموو ئهو كهسانه دهكهم كه هاوكارو یارمهتیدهرم بوون، پاداشتی چاكه كارانیش تهنها چاكهیه.

---

[1] ترمذی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپهڕه383.

سوپاسێكی بێ پایان و تایبهت بۆ شهیخهكهم بهڕێز (سولهیمان ی باوكی عاذره)
چاكهو ماڤ بهسهرمدا ههیه ، ئهو له تهرازوی ژێریدا پێش دهخرێت، لهسهر پێداچونهوهی ئهم زنجیره باسه و ڕاست كردنهوهی له ڕووی زمانهوانیدا.

وهروها سوپاسی برای بهڕێزم (عبدالسلام طباسی) **دهكهم لهسهر پێداچونهوهو زیاده خستنه سهر شێوه هونهریهكهی له دهرچوون و ڕاخستنی ئهم پهرتووكه، وسوپاس بۆ شێخی بهڕێز** (عبدالله جمال العرقان) **لهسهر ئهم ماندوبونهو بوونی پهیوهندی بهردهوام لهگهڵ ماموٚستایان بۆ پێش كهش كردنی ئهم زنجیره پیرۆزه.**

له كۆتاییدا سوپاسی ههمووو ئهو كهسانه دهكهم كه سودیان پێم گهیاندوه به ڕستهیهك، یان سودیان پێم گهیاندوه به ئاماژهیهك، یان منیان ڕاست كردۆتهوه له ههڵه، یارمهتیان داوم به نوسین، گهر بمهوێ سوپاس و پێزانینیان كورت بكهمهوه تهنها دهڵێم ئهوهیان لامه كه به نیاز پاكی بۆیان بپاڕێمهوه.

خزمه تكاری قورئانی پیرۆز
د. ئهحمهد ضیف الله عومر ئهبو سهمههدانه
ڕێگه پێدراوی ده قیراِئاتی (خوێندنهوهكانی) قورئانی پیرۆز
بچوك و گهوره
و چوار جۆره دهرچووهكه له قیراِئاتی قورئانی پیرۆز

دهروازهیهك:-

سوپاست دهكهم لهسهر وهرگرتنی ئهم پهرتووكه، ئومێدهوارم پالپشتت بێ له بیرۆكهو زانیاری به سود، هاوكاریت بكات لهسهر خوێندنهوهی پهرتووكی پهروهردگار به شێوهیهكی ڕاست و دروست.

ههروها ئومێدهوارم – له ڕێگهی ئهو پۆسته ئهلیكترۆنیهی داندراوه له سهرهتای ئهم پهرتووكه – دهولهمهندم بكهیت به تێبینیهكانت، وئهم پهڕاوه گرنگانهی كه من ههڵوهستهیان لهسهر دهكهم، ئهو دێرانهی كه من هێلم له ژێر داوه، هیچ شتێك لهوه چاكتر نیه كه نوسهر ببینێ نوسراوهكهی به جوانترین شێوه نوسراوه، به تایبهت ئهگهر نوسین و پهرتوكهكهی پهیوهست دار بێت به قورئانی پیرۆز، ئهوه زیاتر بایهخی پێ دهدات و دڵنیایی لهسهر دهبێت.

پێم باشه لێرهدا ئهوه بگوازمهوه كه (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووه سهبارهت به كهمتهر خهمی وماندوبونی مرۆڤ، سهرهڕای گشت ههوڵهكانی، بۆ پوخت كردنی شتهكان و ڕاستكردنهوهیان و بهدواداچونیان، دهفهرموێت: "من ئهبینم هەركهسێك پهرتوكێك بنوسێت له ڕۆژی دواتر ده لی: ئهگهر لهبری ئهمه ئهمهم بهكار بهێنابوایه باشتر بو، ئهگهر ئهوهی بۆ زیاد كرابوایه چاكتر بو، ئهگهر ئهوه پێش بخرابوایه گرنگتر بو، ئهگهر ئهوه لا بردرابوایه جوانتر بو، ئهمهش گهورهترین پهنده، بهڵگهی سهلماندنی ئهوهیه كه نوسینی ڕستهكانی مرۆڤ كهم و كورت و ناتهواون" ئیبن قهییمی جوزی، د.ت، بهرگی 1، لاپهڕه 2).

داواكارم له بهڕیزت كاتێكت ههبێت بگهڕێیتهوه بۆ ماڵپهڕی فهیس بوك: بهناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپهڕی كهسی من)، چونكه من

---

[1] ارهتی نوسینی ئهدبیات ی بهناوبانگ عیماد ئهصفههانی، پاشان بهناوی عیماد بلاوبۆتهوه، لهم بارهیهوه سهیری: عبدالله ی كوڕی عبدالرحمن ی بهسام بكه: كتێبهكهی بهناوی (توضیح الاحكام من البلوغ المرام) مهككهی پیرۆز، نوسینگهی الاسدی، چ5، بهرگی1، 2003ز، لاپهڕه3.

ده‌مه‌وێت هه‌ندێ شتی باش و ده‌ستكاری و نمونه و سه‌رچاوه‌ی تر دابنێم كه به ڕاستی سودیان بۆ تۆ ده‌بێت له دواییدا.

له نوسینی ئه‌م په‌رتوكه‌دا شێوازێكی تایبه‌تم به كار هێناوه – پاش داوای یارمه‌تی و پاڵ پشتی له په‌روه‌ردگار – لێره‌دا به كورتی باسی ده‌كه‌م به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

1. نوسینی ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆز به وێنه‌ی عوسمانی.

2. نوسینی فه‌رموده‌كانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به سه‌رو ژێره‌وه‌و به نوسینێكی جیا له نوسینه‌كانی تر، مه‌به‌ست له‌م كاره‌ش بۆ گه‌وره‌یی و پیرۆزی فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ره(ﷺ).

3. له كاتی نوسینی ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سوره‌ته‌كه‌و ژماره‌ی ئایه‌ته‌كه‌م كردووه، ڕاسته‌و خۆ له‌دوای ئایه‌ته‌كه‌م داناوه تا نوسینه‌كان زۆرو تێكه‌ڵاو نه‌بێت.

4. پێناسه‌ی زاراوه‌كانم كردووه به‌پێی توانا.

5. ڕونكردنه‌وه‌ی واتای هه‌ندێ وشه‌ی نادیار له په‌راوێزدا .

6. پێناسه‌ی هه‌ندێك كه‌سایه‌تی كه ناویان هاتووه له‌م په‌رتوكه‌دا.

7. من پێداگربوم – به پێی توانا– له بیركردنه‌وه‌و هه‌ڵوه‌سته له وه‌رگرتنی هه‌ر بابه‌تێك یان بڕیارێك له‌سه‌ر دیارده‌یه‌ك، له‌به‌ر ئه‌وه ڕۆچوون له فه‌رمانێك كه په‌یوه‌ندی به قورئانی پیرۆزه‌وه هه‌یه ئه‌وه ده‌خوازێت كه به‌دواداچونی بۆ بكه‌یت و لێی وردبیته‌وه جوان تێڕابمینێیت، ئه‌وه‌ش به یارمه‌تی په‌روه‌ردگار و چاكه‌ی ئه‌وه به‌سه‌رمه‌وه، له‌گه‌ڵ كورتی كات و دووری ڕێگادا.

8. لە كاتی وەرگرتنی دەقێك وەكو خۆی، دەقەكەم خستۆتە نێوان دوو كەوانەی دەقی" " لەگەڵ ئەوەش ئامـاژەم بە سەرچاوەكەی كردووە لە ناوەڕۆكەكەیدا.

9. ئەگەر وەرگرتنی دەقەكان بە واتاكەی بو، واتا كاتێ گەڕایەوە بۆ خودی دەقەكە بینیت بە دەست كاریەوە باس كرابو ئەوە وشەی {سەیركە}م بۆ بەكارهێناوە ئاماژەشم پێ كردووە كە سەرچاوەكەی بەم شێوەیە، ئەم شێوازە بەكاردێنم لەكاتی بەناوبانگ بوونی دەقەكە یان دیار نەبوونی خاوەن وتەكە، ئەگەر لە نێوان وشەكاندا ئەم خاڵانەم دانا (....)، ئەمە واتا بەشێك لە وتەكان نادیارەو پێویست بە باس كردنی نیە بەڵكو دەبێت پوخت بكرێت، یان سود لە باس كردنی نیە.

10. لەكاتی وەرگرتنی دەقێك و خستنە ڕستەیەك بۆ ناو دوو كەوانە لە كاتی نوسیندا، ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێت كە ئاگاداربە ئەوەی نێوان كەوانەكانە وتەی خۆمە، نەك وتەی وەرگیراو.

11. هەر وشەیەك پێویستی بە سەرو ژێر هەبێت سەروژێردارم كردووە تا تێكەڵاو نەبێت لەكاتی دەربڕینا.

12. ناوەڕۆكم بۆ سەرچاوەكان داناوە – كە ئەوەش زۆر یارمەتی دەرم بو بۆ ئەم پەرتوكە – كۆكراوەیەو یەك لەدوای یەك دامناوە بەپێی ریزبەندی پیتەكانی زمانی عەڕەبی، وناوەڕۆكم داناوە بۆ بابەتەكانی ناو پەرتوكەكە لە كۆتایی كتێبەكەدا.

13. دانانی ژمارەو نیشانەكانی خاڵبەندی وەكو: نیشانەكانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنەوەی دەقەكان ئەمەش بە مەبەستی جیاكردنەوەیەتی.

14. گەڕاومەتەوە سەر بەشێكی زۆر لە سەرچاوەو ماستەر نامەی زانكۆیی و بابەتی ترو ماڵپەڕە ئینتەرنێتیەكان، وگەڕاومەتەوە بۆ دەیەها سەرچاوەی تر بەلاَم بەكارم نەهێناوە چونكە لەگەڵ بابەتی من زۆر تێكی نەكردۆتەوە.

15. زۆربەی جار ئەو دەقەی كە وەرمگرتووە ئاماژەم بەسەرچاوەكەی نەكردووە. تا ژێرنوسەكان زۆر نەبێت، ومن ئارەزوی كورت كراوە دەكەم و زیاتر ماندوبوونەكەم بۆ شتی گرنگتر بە كاردێنم، لە كۆتایی كتێبەكەدا باسم كردووە، لە ناوەڕۆكی سارچاوەكان ئەوەی كە زۆر سودم لیَ بینیوە لە بڕگە زانستیەكەدا.

16. لە كۆتایی: كاتێك بینیم بەرفراوانیەك هەیە لە بنچینەو بڕگەكانی ئەم كتێبەدا و گشتگیریەكەیدا، دلنیابووم بڕگەكانی درێژە دەكێشێت، بینیم پێویستە ئەو بابەتانەی ڕوون وئاشكران كورت كەمەوە لەسەر ئەوانی تر، مەبەست لەم كۆششە ئاسایی كردنی بابەتە درێژەكان بوو.



ئه‌م ڕێگایه‌ی به‌كارم هێناوه بۆ وشه‌ی فه‌رش

به پێی توانا هه‌وڵمداوه پابه‌ندبم به به‌كارهێنانی نوسینی ڕه‌سمی عوسمانی له نوسینی وشه‌كانی فه‌رشدا.

- ✓ ئه‌گه‌ر وشه‌یه‌كه‌م به‌ڕه‌هایی به‌كارهێنا، واته مه‌به‌ستم پێی له‌كاتی وه‌ستان و نه‌وه‌ستانه (وقفاً – ووصلاً)
- ✓ (أ) ئاماژه‌یه به ئاسانكردنی هه‌مزه، ئه‌گه‌ر نوسینی پیته هه‌مزه‌كه له‌سه‌ر شێوه‌ی ئه‌لیف بوو، وه‌ك: [ءَأَعۡجَمِيٌّ].
- ✓ (ؤ) ئاماژه‌یه به ئاسانكردنی هه‌مزه، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه له‌سه‌ر شێوه‌ی (و) بوو، وه‌ك: [أَؤُنَبِّئُكُم].
- ✓ (ئـ) ئاماژه‌یه به ئاسانكردنی هه‌مزه، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه له‌سه‌ر شێوه‌ی به‌رزكردنه‌وه‌ی ده‌نگ بێت(نه‌بره)، وه‌ك: [أَئِمَّةَ].
- ✓ (•) ئاماژه‌یه به ئاسانكردنی هه‌مزه، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه له ڕیزی پیته‌كانی تر نوسرابێت، وه‌ك: [أَءِنَّكَ].
- ✓ (ـّس) ئه‌م نیشانه‌یه له‌سه‌ر بێت، واتا خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م پیته به پیتی(س) ده‌بێت، وه‌ك: [ٱلصِّرَٰطَ].
- ✓ (ـۿ) ئه‌م نیشانه‌یه له‌سه‌ر بێت، واتا وه‌ستان به پیتی(ه)ی زه‌نه‌دار، وه‌ك: [فِيمَّ][فِيمَه].
- ✓ (ـۿ) ئه‌م نیشانه‌یه له‌سه‌ر پێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی له‌سه‌ر وه‌ستاو، به پیتی(ه) وه‌ك:

[رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ـٌ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر ضەممەداركردنی پیتی نونی تەنوین، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری ضەممە، وەك: [بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتندخُلُواْ].

✓ (ـٍ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر كەسرەداركردنی پیتی نونی تەنوین بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری كەسرە، وەك: [أَحَدُۢ ۞ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر كەوتە ژێر پیت، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئیمالە[1]، وەك: [مَجۡرِىٰهَا].

✓ ئەگەر ناوی ڕاوی (گێرەوەرەكە)م نەبردبوو، واتا هەردوو ڕاویەكە یەك خوێندنەوەیان هەیە، واتە جیاوازیەكە تەنها لەسەر ئەبو جەعفەرە بە ڕاویەكانیەوە.

✓ لە بەشی یەكەم لە وشەكانی فەرش كورت كردنەوەم كردووە لەسەر ناو هێنانی پیتی(م)ی كۆ، زۆربەی جار دووبارەم نەكردۆتەوە لە بەشەكانی تر، ئەوەش بەهۆی زۆر بەكارهاتنی لە قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم لە هەندێك جار لەگەڵ یاسای تر باس كردووە لە هەمان وشە.

✓ بەشی سێیەمم تایبەت كردووە تەنها بە وشەكانی فەرش، لەگەڵ ئاشكراكردنێكی كورت، دەربارەی پیتی(ه)ی كینایە[2]، وپیتی(م)ی كۆ، لەگەڵ وەستان بە پیتی(ه) لەبری پیتی(ت)ی مێ، وگەیشتنە دوو پیتی زەنە بەیەكترو ئەوانەی هاووێنەی ئەوەن كە باسمان كرد، لەم بەشەدا باسم نەكردووە، تا درێژنەبێتەوە، ئەوەشی زانیاری زیاتری دەوێت بگەڕێتەوە بۆ بەشی دووەم، زۆر بە درێژی باس كراوە.

---

[1] ئیمالە(الامالە) واتە خوێندنەوەی ئەلیف و یائدا هاوشێوەی (ێ)ی كوردی لێدێت، وەكو:(مَجۡرِىٰهَا) (مەجڕاها) (مەجرێها)

[2] كناية: دركە – دوو نیازی – بەڵام لێرەدا مەبەستی پێی ڕاناوی لكاوە(ضمير متصل).

گرنگترین تایبەتمەندییەكانی ئەم پەرتووكە

1. پەرتوكەكە لە ژێردەستتدا دەبێت تا چێژ وەرگری لە خوێندنەوەی پەرتووكی پەروەردگار، بەخێرایی دەتگەیێنێت بە زانستی خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، نەخوشیت بۆ دیاری دەكات، چارەسەریشت بۆ دەدۆزێتەوە، وبۆچوونە پەسندەكەشت پیٚ دەبەخشێت.

2. نمونەی كرداریت بۆ ڕێك دەخات لەگەلٚ نمونەی ژیری و گریمانەیی، تا خوێنەرێكی كاراو بە توانات لیٚ دروست بكات بتوانی گەڕان و تێڕامان بكەیت.

3. بە وردی شیكردنەوەو كردنەوەی گریٚ كوێرەكانی زۆرێك لە بابەتە ئالۆزو تێكەلأوەكانت بۆ دەكات، دواتر چارەسەرێكی زانستی گونجاو بۆ هەر یەك لە كێشەكان دەكات.

4. ئەم پەرتووكە كێشەو چارەسەری زۆرێك لە بابەتە تایبەتە بچوكەكانت دەخاتە ژێر دەست، درێژە پێدەرە تا بابەتە گەورە ئالۆزیەكانت پیشان دەدات.
5. نمونەو بەڵگەی زۆر ورد هەلبژێردراون تا بیرۆكەی بابەتەكان بە تەواوی پێت بگات.

6. لە ناوەڕۆكدا كۆكەرەوەی گرنگترین بۆچون و ئەو بابەتانەیە كە لە پەرتووكەكانی تری پەیوەست بەم بوارە.

7. سادەو ئاسان كردنی زانیاریەكان بەپێی توانا.

8. بەكارهێنانى نیشانەو ئاماژەى دیارى كراو لە جیاوازییە فەرشییەكان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیارى كردنى وێناكردنى ئەم جیاوازییانە ، باسى ئەم نیشانەو ئاماژەم كردووە لە بەشى نوسینى وشەكانى فەرش.

9. ئەم پەرتووكە جیاكراوتەوە بە بەشێك لە پرس و گرفتە گرنگەكانى، وەك – پەیوەندى نێوان پیتەكان – بۆ ئەو كەسانەى كە سەیرى زانستى تەجوید و خوێندنەوەكان دەكەن تا دەركى پىێ بكەن، وپێیئاشنابن.

10. پەرتووكەكە دابەش كراوە بەسەر سىێ بەشدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنەرى بەڕێز و خێرا بگات بە زانیاریەكان، لە پێشەكیەكەش ئاماژە بەم بەشە دراوە.



مەبەست لە خوێندنی قیرائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەکان کە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ کار پێکردن:

زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕێ کە ئامادەیە کەسێکی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاکە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بکات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا کە دەفەرموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴾.

4. پەیوەندی دروست بکات لە نێوان ملکەچی و بیرکردنەوە لە کاتی نوێژدا.

5. بەروبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەکی و لێهاتویی پەرەپێ بدات، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قوڵی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیرائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵکی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بکات.

7. خۆشەویستی له پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) كه دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەول و كۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونكه فێری یاسای ژیانی دەكات.

9. ئەو پەڕی توانای خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت به مامۆستایەكی قورئانی بۆ منالّی موسڵمانان، (زەكاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەكانی قیڕائاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بكات له ئایندا.

11. چاندنی بەهێز كردنی تواناكانی لەسەر ئەزبەركردن و جێبەجێ كردنێكی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەكانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێركردن و دوركەوتنەوە له تێكەلاّوكردن.

په‌یڕه‌وی خولی قورئانی تایبه‌ت به‌ خولی پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر

- ئه‌م په‌رتوكه‌ بۆ سودبه‌خشین به‌ تۆ داڕێژراوه‌، بیربكه‌ره‌وه‌ به‌رده‌وام له‌گه‌ڵت دابێت له‌ماوه‌ی ئه‌م خوله‌دا.
- سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌كی ئه‌م خوله‌ ئه‌م په‌رتووكه‌یه‌ كه‌ ئه‌وه‌ش تایبه‌ته‌ به‌ خوێندنه‌وه‌ی پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر.
- ئاماده‌كردنی فه‌رش و وشه‌كانی ئه‌بو جه‌عفه‌ر له‌سه‌ر موصحه‌ف تایبه‌ت به‌ هه‌موو قوتابییه‌ك.
- تاقیكردنه‌وه‌ی چالاكی به‌شێوه‌یه‌كی به‌رده‌وام له‌ كۆتایی هه‌مووو بابه‌تێك.
- ئه‌م خوله‌ له‌ تۆیه‌و بۆ تۆشه‌، ئێمه‌ش به‌ به‌شداری چالاكانه‌ی ئێوه‌ خۆشحاڵین.
- بۆچونت به‌لامانه‌وه‌ گرنگه‌، ڕه‌زیلی نه‌كه‌یت بۆ ده‌ربڕینی پێشنیازه‌كانت بۆ په‌ره‌پێدانی ئه‌م په‌رتووكه‌، یان بۆ پێش خستنی په‌یڕه‌وی ئه‌م خوله‌.

ڕێكاره‌كانی بازنه‌ی قورئانی تایبه‌ت به‌ پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر

- نه‌هاتن بۆ ماوه‌ی سێ جار به‌بێ هۆ سزاكه‌ی ده‌ركردنه‌.
- وته‌ی لاوه‌كی كه‌ په‌یوه‌ندی نه‌بێت به‌ بابه‌ته‌كانه‌وه‌ قه‌ده‌غه‌یه‌.
- قسه‌كردن به‌ مۆبایل له‌ كاتی وانه‌دا قه‌ده‌غه‌یه‌.

پێشەوا ئەبو جەعفەر

یەزیدی کوڕی قەعقاق، گوتراوە: فەیروزی کوڕی قەعقاع، وگوتراوە جوندوبی کوڕی فەیروز، بەڵام ئەوەی یەکەمیان ڕاسترە.

❖ نازناوی ئەبو جەعفەری مەدەنی

بە ئەبی جەعفەری مەخزومی مەدەنی قاریء ناسراوە، مەولای عەبدوڵلای کوڕی عیاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعەی مەخزومی.

تابیعیەکی بەڕێز بووە، بە هەشتەم قوڕائی عەشرە ئەژماردەکرێت، کەسێکی بەناوبانگ و ڕێزداربووە، پێشەوای خەڵکی مەدینە بووە لە قیرائەتدا، لە سەردەمی خۆیدا بێ وێنە بوو، پێشەوایەتی قاریئەکان لەئەوەوە کۆتایی پێهاتووە لە شاری مەدینە، ماوەیەکی زۆر قورئانی پیرۆزی بەسەر خەڵکیدا خوێندۆتەوە، دەستی بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز کردووە بە لە ڕودانی حەرە، بەسەر هاتی حەررە لە ساڵی شەست و سێی کۆچی ڕویداوە، گێڕاویانەتەوە کە لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان –ڕەزای خودای لێبێت– قورئانی خوێندۆتەوە، وهەروها ئەبو جەعفەر موفتی و موجتەهیدو عابیدو بەڕۆژ بەڕۆژو دەبوو بەشەو بە شەونوێژخەریك دەبو.

یەحیای کوڕی موعین دەربارەی ئەبو جەعفەر دەفەرموێت: ئەبو جەعفەر پێشەوای خەڵکی شاری مەدینە بوو لە قیرائاتدا، ناوی قاریئی لێندرابوو، کەسێکی باوەڕ پێکراوو کەم قسەی دەکرد.

یەعقوبی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبی کەثیری ئەنصاری دەفەرموێت: ئەبو جەعفەر پێشەوای خەڵکی شاری مەدینە بوو.

ئیبنو موجاهید دهفهرموێت: له ئهصمهعی بۆمیان گێڕایهوه له ئهبو زهننادهوه كه فهرمویهتی: كهسێك نهبووه شارهزاتر بێت لهفهرمودهكانی پێغهمبهردا(ﷺ) وهك ئهبو جهعفهر، چونكه ئهبو جهعفهر لهسهردهمی خۆیدا بهپێش عهبدوڕڕهحمانی كوڕی هورمزی ئهعرهج دهكهوت كه هاوڕێی ئهبی هورهیره بوو.

پێشهوا مالیك دهفهرموێت: ئهبو جهعفهر پیاوێكی چاك بوو، قورئانی پیرۆزی بهسهر خهڵكی مهدینهدا دهخوێند.

سولهیمانی كوڕی جهماز له پێشهوا مالیك دهگێڕتهوه كه فهرمویهتی: ئهبو جهعفهر ڕۆژ نا ڕۆژێك بهڕۆژو دهبو وهك بهڕۆژوبونی داود پێغهمبهر(سهلامی خوای لێبێت) وبهردهوام بو لهسهر ئهم جۆره بهڕۆژوبونه، كاتێك چهند كهسێك پرسیاریان لیّ كرد لهسهر ئهم جۆره بهڕۆژوبونه له وڵامدا فهرموی: دهمهوێت نهفسم ڕابێنم لهسهری تا بتوانم پهرستنی پهروهردگاری پیّ بكهم.

ئیبنولجهزهری دهفهرموێت: خوێندومهتهوه له دهستنوسی مامۆستا ئهبی عهبدوڵلای قهصاع كه ئهو له نیوهی شهودا به چوار ناوهێنان نوێژی دهكرد له ههر ڕهكعهتێك سوڕهتی فاتیحهی دهخوێند دواتر سوڕهتێكی درێژی له دوای فاتیحه دهخوێند پاشان نزای بۆخۆی ئینجا بۆ موسڵمانان و ئهو كهسانهی قورئانی لهلا خوێندون لهگهڵ ئهوانهی به شێوهی قیرائهتی ئهو دهخوێننهوه له پێش ئهو ولهدوای ئهو.

نافعی كوڕی ئهبو نهعیم دهفهرموێت: ئهبو جهعفهر له شهودا ههڵدهستایهوه بۆ شهو نوێژكردن لهكاتی بهیانیانیدا دادهنیشت قورئانی بۆ خهڵك دهخوێند دواتر خهوی دههات و دهیفهرمو: بهرد بخهنه نێوان بهنچهكانم دواتر بیگوشن ئهوانیش وایان دهكرد –مهبهستی لهم كاره تاوهكو خهوی برهوێتهوه–.

ڕیوایهت كراوه له عهبدوڕڕهحمانی كوڕی زهیدی كوڕی ئهسلهم فهرمویهتی: پیاوێكی شارهزا له فیقهو نهزان بهكاروباری دونیا به ئهبی جهعفهری مهولای كوڕی عهیاشی گوت: خۆش بهختی بۆتۆ لهوهی وهرتگرتووه له قورئان، ئهویش له وڵامدا فهرموی: ئهوه

لەكاتێكدایە ئەگەر حەلالەكەی بە حەلال بزانم و حەرامەكەی بە حەرام و دواتر كارم پێی كرد.

ڕیوایەت كراوە كە ئەبو جەعفەر كاتێك بچوك بووە سەردانی دایكی بڕواداران كردووە ئومو سەلەمەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش دەستی بەسەر سەری داهێناوەو نزای خێری بۆ كردووە.

لە سولەیمانی كوڕی موسلیمی كوڕی جەمازەوە فەرمویەتی: لە خەودا ئەبو جەعفەرم بینی لەسەر كەعبەی پیرۆز بوو پێم گوت ئایە تۆ ئەبو جەعفەری؟ فەرموی: بەڵێ وسەلامی من بگێنە بە براكانم وپێیان ڕابگێنە كە پەروەردگار منی بە شەهیدی زیندو ئەژماركردووە وهەروها فەرموی: سەلام لە ئەبو حازم بكە، وپێی ڕابگێنە كە ئەبو جەعفەر دەڵێت: ژیری چونكە خوداو فریشتەكانی كۆڕو كۆبونەوەكانی ئێوارانی دەبینن.

ئیبنولجەزری دەفەرموێت: سەرسوڕمانە كەسێك توانج لە خوێندنەوەی ئەبو جەعفەر بگرێت یان بە نامۆی دابنێت چونكە هیچ جیاوازی نیە لە نێوان حەوت خوێندنەوەی ئەوو خەڵكیدا.

مالیك دەفەرموێت: ئەبو جەعفەر پیاو چاك بوو، فەتوای بۆ خەڵكی شاری مەدینە دەدا، یەحیای كوڕی موعین بە باوەڕپێكراوی داناوە.

ئەبو عەبدوڕحمانی نەسائی دەفەرموێت: یەزیدی كوڕی قەعقاع باوەڕپێكراوە، وئیبنو حاتەم دەفەرموێت: پرسیارم لە باوكم كرد فەرموی فەرمودەكانی دروستە، وموحەممەدی كوڕی سەعد دەفەرموێت: ئەبو جەعفەر باوەڕپێكراوو كەم دواو بوو، ئیبنو حەبان لە پەرتووكی(الثقات)و پەرتووكی(الحروف)دا باسی دەكات لە سونەنی ئەبی داوود.

ئەبو جەعفەر لە عەبدوڵلای كوڕی عەباس و جابری كوڕی عەبدوڵلاو عەبدوڵلای كوڕی عومەری كوڕی خەتاب و ئەبو هورەیرەو زەیدی كوڕی ئەسلەمی وەرگرتووە

چونكه لهسهردهمی ئهودا بووه، وههروها له مهولاكهی خۆی كه عهبدوڵلای كوڕی ئهبی ڕهبیعهی مهخزومی و مهڕوانی كوڕی حهكهم یشی وهرگرتووه.

له ئهبو جهعفهریان وهرگرتووه: مالیكی كوڕی ئهنهس و ئیسماعیلی كوڕی جهعفهرو عهبدولعهزیزی دهڕاوهردی و عهبدولعهزیزی كوڕی ئهبی حهزم.

❖ مامۆستاكانی ئهبو جهعفهر

قورئانی بهسهر مهولاكهی خوێندۆتهوه عهبدوڵلای كوڕی عیاشی كوڕی ئهبی ڕهبیعهی مهخزومی و عهبدوڵلای كوڕی عهباس و ئهبو هوڕهیڕه، وههروها فهرمودهی لهوهوه گێڕاوتهوه، وعهبدوڵلای كوڕی عهیاش قورئانی لهلای ئوبهی كوڕی كهعب خوێندۆتهوه وئوبهی بهسهر پێغهمبهری خوای خوێندۆتهوه(ﷺ).

گوتراوه كه ئهبو جهعفهر قورئانی لهلای زهیدی كوڕی ثابت خوێندۆتهوه، ئبنولجهزهری دهفهرموێت: ئهوه ڕهنگه ڕویدابێت چونكه هێناویانهته لای ئومو سهلهمه -ڕهزای خوای لێبێت- خێزانی پێغهمبهر(ﷺ) ئهوكات ئهبو جهعفهر بچوك بو ئوموسهلهمه دهستی بهسهر سهری داهێناو نزای بهخێری بۆ كرد، وههروها نوێژی بۆ ئیبنو عومهر كردووهو قورئانی خوێندۆتهوه بهر له ڕوداوی حهڕه كه له ساڵی شهست وسێدا ڕویداوه.

❖ قوتابیهكانی ئهبو جهعفهر

قیرائهتیان لێگێڕاوتهوه نافعی كوڕی عهبدوڕحمانی كوڕی ئهبو نهعیمی مهدنی و سولهیمانی كوڕی موسلیم ی كوڕی جهمازی زوهری و عیسی ی كوڕی ورهدان و عبدالرحمن ی كوڕی یهزیدی كوڕی ئهسلهم مولای عومهری كوڕی خهتاب -ڕهزای خوایان لێبێت-.

❖ منداڵهكانی ئهبو جهعفهر

دوو كوڕی ههبووه بهناوهكانی ئیسماعیل و یهعقوب، یهك كچی ههبووه بهناوی مهیمونه.

ئه‌و كه‌سانه‌ی
به‌ قیڕائه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ریان خوێندۆته‌وه‌

ذه‌هه‌بی ده‌فه‌رموێت: ئه‌حمه‌دی كوڕی یه‌زیدی حه‌لوانی به‌ قیڕائه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ری خوێندۆته‌وه‌ ئه‌ویش له‌ عیسای كوڕی وه‌ردانی وه‌رگرتووه‌ ئه‌ویش له‌ ئه‌بی جه‌عفه‌ره‌وه‌، وه‌هه‌روها زوبه‌یری كوڕی موحه‌ممه‌دی عومه‌ریش به‌ قیڕائه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ری خوێندۆته‌وه‌ له‌لای قالون به‌ سه‌نه‌دی ئه‌و، به‌هه‌مان شێوه‌ به‌ قیڕائه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ری خوێندۆته‌وه‌ سوله‌یمانی كوڕی داودی هاشمی له‌ سوله‌یمانی كوڕی موسلیم له‌ جه‌مازه‌وه‌ له‌ ئه‌بو جه‌عفه‌ر، وه‌هه‌روها دوری له‌ ئیسماعیلی كوڕی جه‌عفه‌ر له‌ ئه‌بی جه‌عفه‌ر یان له‌ پیاوێك ئینجا له‌ ئه‌بو جه‌عفه‌ر وه‌ری گرتووه‌.

ئیبولجه‌زه‌ری ده‌فه‌رموێت: شێخ ئه‌بو عه‌بدوڵلای قه‌صاع سه‌نه‌دی قیڕائه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ری داوته‌ پاڵ ڕیوایه‌تی نافع له‌ په‌رتووكه‌كه‌ی به‌ناوی(مغني)، وقیڕائه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ر ڕیوایه‌ت كراوه‌ هه‌ر له‌په‌رتووكی(كامل)ی ئه‌بو قاسمی هه‌ذه‌لی، وه‌هه‌روها به‌ قیڕائه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ری خوێندۆته‌وه‌ ئه‌بو عه‌بدوڕحمان قوته‌یبه‌ی كوڕی مه‌هڕان، به‌هه‌مان شێوه‌ به‌سه‌ر ئیسماعیلی كوڕی جه‌عفه‌ری خوێندۆته‌وه‌، ولای ئێمه‌ ئه‌م ڕێگایه‌ دروسته‌.

❖ كۆچی دوایی ئه‌بو جه‌عفه‌ر

ئه‌بو جه‌عفه‌ر وه‌فاتی كردووه‌ له‌ شاری مه‌دینه‌ی پیرۆز له‌ سه‌رده‌ی خیلافه‌تی مه‌ڕوانی كوڕی موحه‌ممه‌د له‌ ساڵی130ی كۆچی له‌سه‌ر بۆچوونی ڕاست به‌ڵام گوتراوه‌ له‌ ساڵی132ی كۆچی یان127ی یان128 به‌ڵام هه‌ذه‌لی له‌ په‌رتوكی(كامل) ئه‌م به‌روارانه‌ی به‌ دوور زانیوه‌ وده‌فه‌رموێت: كۆچی دوایی ئه‌بو جه‌عفه‌ر له‌ ساڵی110ی كۆچیه‌.

سوله‌یمانی كوڕی موسلیم ده‌فه‌رموێت: ئه‌بو جه‌عفه‌رم بینی له‌كاتی سه‌ره‌ مه‌رگا ئه‌بو حازمی ئه‌عره‌جی هاته‌ لای هه‌ندێك ماموستای له‌ دانیشتوی لای خۆی له‌گه‌ڵ بو

بانگی ئەبو جەعفەریان كرد بەلاّم لەتاو حاڵی خۆی نەیتوانی ولاّمیان بداتەوە –شەیبە كە دەكاتە خەزوری كچەكەی ئەبی جەعفەر فەرموی: شتێكی سەیرتان نیشان بدەم؟ گوتیان بەڵێ، سینگی ئەبو جەعفەری نیشاندان كە شتێكی سپی لەسەر بو، ئەبو حازم و هاوڕێكانی وتیان: سوێند بە خوا ئەمە ڕوناكی قورئانە.

لە نافعی كوڕی ئەبی نەعیم گێڕدراوتەوە فەرموی: كاتێك لاشەی ئەبو جەعفەریان شوشت بینیان لەنێوان سینگو دڵی وەك پەڕێكی قورئان وابو ئامادەبوان وتیان هیچ گومانمان نیە ئەمە ڕوناكی قورئانی پیرۆزە.



ئەو كەسانەی
لە ئەبو جەعفەریان گێڕاوتەوە

بەناوبانگترین ئەو كەسانەی زانستی قیڕائاتیان لە ئەبو جەعفەر وەرگرتووە دوو ڕاوین ئەوانیش ئیبن وەردان و ئیبن جەماز، ئەم دوانە ڕاستەوخۆ لێیان وەرگرتووە:

- **ڕاوی یەكەم:** (**ئیبن وەردان**) (ڕەحمەتی خودای لێبێت).
- **ڕاوی دووەم:** (**ئیبن جەماز**) (ڕەحمەتی خودای لێبێت).

1- ئیبن وەردان (ڕەحمەتی خودای لێبێت)

ڕاوی یەكەم ئیبن وەردانە ناوی تەواوی ئەبو حارثە عیسای كوڕی وەردانی مەدەنیە، نازناوی حەذائە، پێشەواو قاریئێكی زۆر زیرەك بووە، ڕاوی و موحەقیقێكی زۆر ورد بین بووە، لە هاوڕێ كۆنەكانی نافع بوو، یەكێك بو لە هاوەڵە قاریئەكانی ئەبو جەعفەرو كەسێك بو كە قورئانی بەسەر ئەبو جەعفەرو شەیبە خوێندۆتەوە، پاشان بەسەر نافعیشی خوێندۆتەوە.

دانی دەفەرموێت: ئیبن وەردان بە توانترین و كۆنترین كەسی نافع بوو، بەشداری لە ئیسنادا كردووە.

ئیسماعیلی كوڕی جەعفەرو قالون و موحەممەدی كوڕی عومەری واقیدی قورئانیان بەسەر ئیبن وەردان خوێندۆتەوە.

2- ئیبن جەماز(ڕەحمەتی خودای لێبێت)

ئیبن جەماز: ئەبو ڕەبیع سولەیمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی موسلیمی کوڕی جەمازی زوهریە مەولای مەدەنی، قاریئێکی وردبین و باش بووە کاتێك باسی قاریئەکانی ئەبی جەعفەرو نافع دەکەین مەبەستمان ئیبن جەمازە، زانستی قیرائاتی وەرگرتووە لە ئەبی جەعفەرو شەیبە، پاشان زانستەکەی بەسەر نافع خوێندۆتەو، بە پیتی ئەبی جەعفەرو نافعی خوێندووە، ئیسماعیلی کوڕی جەعفەرو قوتەیبەی کوڕی مەهرانیش لە ئیبن جەمازیان ڕیوایەت کردووە، ئیبن جەماز دوای ساڵی170ی کۆچی وەفاتی کردووە.



ڕێگای
ئه‌بو جه‌عفه‌ر له قیرائه‌تدا

هه‌ریه‌ك له ڕاویه‌كانی ئه‌بو جه‌عفه‌ر ڕێگایه‌كیان[1] هه‌یه ڕێگاكانی دوڕڕه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

أ- ئیبن وه‌ردان ته‌نها یه‌ك ڕێگایه زانستی قیرائاتی گێڕاوته‌وه له ڕێگه‌ی دوڕڕه كه بریتیه له[2]: ڕێگای ئه‌بی عه‌باس فه‌ضلی كوڕی شاذانی كوڕی عیسای ڕازی، له ئه‌بو حه‌سه‌ن ئه‌حمه‌دی كوڕی یه‌زیدی حه‌لوانی ئه‌ویش له قالون له عیسای كوڕی وه‌ردان له ئه‌بو جه‌عفه‌ر، هه‌ر له‌ویشه‌وه(31) ڕێگای تری لێ ده‌بێته‌وه.

ب- ئیبن جه‌ماز ته‌نها یه‌ك ڕێگه‌ی هه‌یه زانستی قیرائاتی له‌م ڕێگه‌یه گێڕاوته‌وه له ڕێگه‌ی دوڕڕه كه بریتیه له[3]: ڕێگه‌ی ئه‌بو ئه‌یوبی سوله‌یمانی كوڕی داوودی كوڕی عه‌له‌ی

---

[1] ئیبنولجه‌زه‌ری له په‌رتووكه‌كه‌ی(نه‌شر له قیرائاتی عه‌شر) ده‌فه‌رموێت: هه‌ر یه‌ك له ڕاویه‌كانی دوو ڕێگایان هه‌یه وهه‌ر یه‌ك له‌م دوو ڕێگایه ڕێگای تری لێ ده‌بێته‌وه، كۆی گشتی ڕێگاكانی ئه‌بو جه‌عفه‌ر له هه‌ردوو ڕێگاكه‌دا ده‌بێته52 ڕێگا.

[2] ڕێگای تر كه ئیبنو جه‌زه‌ری هه‌ڵیبژاردووه له په‌رتووكی(نه‌شر له قیرائاتی عه‌شر) بریتیه له ڕێگه‌ی: ئه‌بو قاسم هیبه‌ت الله ی كوڕی جه‌عفه‌ر له باوكی خۆی جه‌عفه‌ر، هه‌ر له‌ویشه‌وه(9) ڕێگه‌ی تر دروست ده‌بێت، له‌وه‌وه بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت كه له هه‌ر ڕێگه‌یه‌ك كۆمه‌ڵه ڕێگه‌یه‌كی تر ده‌بێته‌وه، وكۆی گشتی ڕێگای عیسای كوڕی وه‌ردان ده‌بێت(40) ڕێگه له هه‌ردوو ڕێگاكه‌دا.

[3] ڕێگای تر كه ئیبنو جه‌زه‌ری هه‌ڵیبژاردووه له په‌رتووكی(نه‌شر له قیرائاتی عه‌شر) بریتیه له ڕێگه‌ی: ئه‌بو عه‌مر حه‌فصی دوری له ئیسماعیلی كوڕی جه‌عفه‌ر له ئیبن جه‌ماز، له‌وه‌شه‌وه ده‌بێته(3) ڕێگه، له‌وه‌وه بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت كه له هه‌ر ڕێگه‌یه‌ك كۆمه‌ڵه ڕێگه‌یه‌كی تر ده‌بێته‌وه، وكۆی گشتی ڕێگای ئیبن جه‌ماز ده‌بێته(12) ڕێگه له هه‌ردوو ڕێگه‌كه‌دا.

کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عەباسی هاشمی، ئەوانیش لە ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر لە ئیبن جەماز لە ئەبو جەعفەر، لەویشەوە دەبێتە(9) ڕێگە.

ئیبنولجەزەری[(1)] **(ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت:**

أبو جعفر عَنْهُ ابْنُ وَرْدَانَ نَاقِلٌ كذَاكَ ابْنُ جَمَّازٍ سُلَيْمَانُ ذُو الْعُلاَ




[(1)] **لە پەرتووکی**(الدرة المضيئة في القراءات الثلاث)، **دێڕی پێنجەم.**

سه‌نه‌دی
قیرائه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ری مه‌ده‌نی

ئه‌بو جه‌عفه‌ری مه‌ده‌نی زانستی قیرائاتی خوێندۆته‌وه به‌سه‌ر مه‌ولای خۆی عه‌بدوڵلای كوڕی عیاشی كوڕی ئه‌بی ڕه‌بیعه‌ی مه‌خزومی، وهه‌روها به‌سه‌ر گه‌وره زانای ئومه‌ی ئیسلامی عه‌بدوڵلای كوڕی عه‌باس، وبه‌سه‌ر ئه‌بو هوڕه‌یره‌، ئه‌م سێ كه‌سه‌ش به‌سه‌ر ئه‌بی مونذیر ئوبه‌ی كوڕی كه‌عب، وهه‌روها ئه‌بو هوڕه‌یره‌و ئیبنو عه‌باس به‌هه‌مان شێوه به‌سه‌ر زه‌یدی كوڕی ثابتیان خوێندۆته‌وه‌، گوتراوه ئه‌بو جه‌عفه‌ر ڕاسته‌وخۆ به‌سه‌ر زه‌یدی كوڕی ثابتی خوێندۆته‌وه‌، وزه‌یدو ئوبه‌ی كوڕی كه‌عب به‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ری خوایان خوێندۆته‌وه(ﷺ).

سه‌نه‌دی
قیراِئه‌تی ئه‌بو جه‌عفه‌ر



بنچینەی
قیرائەتی ئەبو جەعفەر

أصول: کۆیە تاکەکەی(أصل)ـە، لە زمانی عەرەبیدا بەو بناغەو بنچینە دەگوترێت کە شتی لەسەر بونیاد دەندرێت.

ئوصول لە ڕووی زاراوەدا: هەموو حوکمێکی گشتی دەگرێتەوە کە بچەسپێت لەسەر ئەوشتانەی مەرجی حوکمەکەی لێ بێتە دی، یان مەبەست لە ئوصول(واتە: ئەو یاسا گشتیانە دەگرێتەوە کە دووبارەدەبنەوە)، وەك(مد) درێژکردنەوە، (قصر) کورتکردنەوە، (فتح)کردنەوە، (امالە) واتا لارکردنەوە، وئەوەی بەوانە دەچێت.

الفرش: لە زمانی عەرەبیدا واتا ڕاخستن و بڵاوکردنەوە.

الفرش لە زاراوەدا: لە زاراوەدا بریتیە لەو بڕیارەی تایبەتە بەهەندێ وشەی قورئانی کە ڕای جیاوازی لەسەرە لە نێوان قورڕائەکانی خوێندنی قورئان لەگەڵ بەهێزکردنی هەموو خوێندنەوەکان بۆ خاوەنەکەی، وەك{مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ}.

عاصم و کیسائی و یەعقوب و خەلەفی عاشر وشەی{مَٰلِكِ} بەجێگیرکردنی ئەلیف دەخوێننەوە لە دوای پیتی(م)، بەڵام جگە لەئەوان وەك: نافع و ئیبن کەثیرو ئەبو عەمرو ئیبن عامیرو حەمزەو ئەبو جەعفەر ئەلیفەکە لادەبەن، واتا بەبێ ئەلیف دەیخوێننەوە، بەم شێوەیە{مَلِكِ}.

لای قاریئەکان هەر وشەیەك خولانەوەی کەم بێت لە نێوان قیرائاتەکانداو بۆچونی جیاوازی لەسەر بێت، ئەوە پێی دەگوترێت فەرش، چونکە کەباس کراوە لە شوێنی خۆی لە سورەتەکاندا بەپێی ریزبەندی قورئان، ئەوە وەك ڕایەخراوێکی لێدێت کەڕاخرابێت.

ههندێك فهرش ههیه دهكرێت حوكمهكهی گشتگیر بكرێت، وهك زهنهداركردنی پیتی(د) له وشهی(ٱلۡقُدُسِ) لای ئیبن كهثیر، به پێچهوانهوه ههندێك بنچینهمان ههیه كه ناكرێت حوكمیان گشتگیر بكرێت، ههر وهك له ههندێك شوێنی دیاركراودا هاتووه وهك له پیتی(ی)ی دانهپالْ و زیاده، یان وهك ههندیٚ لهو وشانهی كهله بابهتی ههمزهكان و بابهتی ئیمالهدا باس دهكرێت، ئهم ناونانهش له ههر یهك لهوان بههۆی زۆر بهكارهێنانیانهوهیه.



بابەتی
درێژکردنەوە و کورت کردنەوە

بابەتی درێژکردنەوەو کورت کردنەوە لە بابەتە گرنگەکانی ئەحکامی تەجویدە، چونکە قورئانی پیرۆز بە دوو شت جیاکراوتەوە لە زمانی عەرەبی، ئەویش بریتین لە:
یەکەم: مینگە(غونە) دووەم: درێژکردنەوە.

ڕەنگە بنچینەی درێژکردنەوە لەم فەرمودە وەرگیرابێت کە پێشەوا بوخاری(ڕەحمەتی خودای لێبێت) باسی کردووە لە صەحیحەکەی خۆیدا لە قەتادە(ڕەزای خودای لێبێت) دەگێڕێتەوە کە ئەو پرسیاری لە ئەنەسی کوڕی مالیك کردووە(ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەربارەی خوێندنەوەی پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا لەو شوێنەی کە پێویستی بە درێژکردنەوە دەبو.

لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا بە دەنگەکەی خۆی هەروەك پێشەوا سیوطی باسی کردووە لە کتێبەکەی خۆی بەناوی(الدر المنثور) وئەلبانی بەڕاستی زانیوە کە پیاوێك ئایەتی﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾،[تەوبە: 60]ی خوێندەوە بیٚ درێژکردنەوە، ئیبن مەسعود(ڕەزای خودای لێبێت) فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) بەم شێوازە نەیخوێندۆتەوە، پیاوەکەش وتی ئەی چۆن بەسەرتانی دەخوێندەوە ئەی باوکی عەبدوڕڕەحمان؟ فەرموی: بەم شێوەیە دەیخوێندەوە﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾، واتا بە شێوەی درێژکردنەوە، مەبەستی ئیبن مەسعود واتا ڕازی نەبو کە پیاوەکە بەبیٚ درێژکردنەوە ئایەتەکە بخوێنێتەوە.

تێبینی:

زاراوەی كورت كردنەوە ئەگەر بەتەنها باسكرا مەبەستی زانایانی تەجوید ئەوەیە كە تەنها دوو جوله درێژ بكرێتەوە، بەڵام مەبەست لە زاراوەی درێژكردنەوە زیاتر لە دوو جوله درێژدەكرێتەوە.

لەسەر بابەتی درێژكردنەوەو كورتكردنەوە بۆچونی جیاواز هەیە لەنێوان حەفص و ئەبو جەعفەر، جیاوازیەكەش بەم شێوەی خوارەوەیە:



مه‌زهه‌بی پێشه‌وا
ئه‌بو جه‌عفه‌ر ده‌رباره‌ی درێژكردنه‌وه‌ی جیاواز له پێشه‌وا حه‌فص

1- درێژكردنه‌وه‌ی پێویست(لازم) له وشه‌یه‌كی ئاسانكراو:

ئه‌وه‌یه كه له‌دوای پیتی درێژكردنه‌وه پیتێكی زه‌نه‌داری پێویست بێت له یه‌ك وشه یان دوو وشه به‌لأم تێكهه‌لكێش نه‌كرابێت له‌گه‌ڵ دوای خۆی، واته شه‌دده‌دارنه‌كرابێت، ئه‌مه‌ش له زۆر شوێن ڕویداوه لای ئه‌بو جه‌عفه‌ر، وه‌ك وشه‌ی{ءَآلۡـَٰٔنَ}[یونس:51-91]، وه‌هه‌روها وه‌ك وشه‌ی{وَٱلَّٰٓـِٔي} به‌یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كان له‌باری وه‌ستاندا، وئیتریش هه‌یه دواتر له شوێنی خۆیدا باسی ده‌كه‌ین ان شاء الله، وناوی نراوه به ئاسانكراو به‌هۆی ئاسان ده‌ربڕین و خالی بونی له شه‌دده.

ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئه‌و پیته زه‌نه‌دارده‌كات كه ده‌كه‌وێته دوای پیتی درێژكراو له‌م وشانه‌ی خواره‌وه تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست له وشه‌یه‌كی ئاسانكراودا، ودرێژكردنه‌وه‌كه‌شی ده‌بێته شه‌ش جوله:

أ- وشه‌ی[ٱثۡنَا عَشَرَ] له ئایه‌تی{إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثۡنَا عَشَرَ شَهۡرٗا}(ته‌وبه:36)، ئه‌بو جه‌عفه‌ر به زه‌نه‌ی پیتی(ع)و درێژكردنه‌وه‌ی پێویست به شه‌ش جوله له ئه‌لیف ده‌خوێنێته‌وه به‌هۆی گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌دار به‌یه‌ك، تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست له وشه‌یه‌كی ئاسانكراودا.

ب- وشه‌ی[يَٰحَسۡرَتَىٰ] له ئایه‌تی{أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ}(زومه‌ڕ:56)، ئه‌بو جه‌عفه‌ر به زیادكردنی پیتی(ی) له دوای ئه‌لیفی كۆتایی ده‌خوێنێته‌وه، ده‌بێته فه‌تحه‌دار له باری نه‌وه‌ستانداو زه‌نه‌دار له‌باری وه‌ستاندا، ئیبن وه‌ردان خوێندنه‌وه‌یه‌كی تری هه‌یه بریتیه له: زه‌نه‌داركردنی پیتی(ی)ی

زیاده به‌ره‌ها ئه‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته پێشی درێژده‌كرێته‌وه به ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جوله به‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌نه‌دار به‌یه‌كه‌وه تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست له وشه‌یه‌كی ئاسانكراودا.

ت- وشه‌ی[لَا تُضَآرَّ] له ئایه‌تی{لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةُۢ بِوَلَدِهَا}(به‌قه‌ره:233)، ئه‌بو جه‌عفه‌ر به لابردنی شه‌دده‌ی پیتی(ر)و زه‌نه‌داركردنی ده‌خوێنێته‌وه، ودرێژكردنه‌وه‌ی پێویست له وشه‌دا له شه‌دده‌وه ده‌گوڕدرێت بۆ بێ شه‌دده.

ث- وشه‌ی[وَمَحْيَايَ] له ئایه‌تی{إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَآي وَمَمَاتِيَ}(ئه‌نعام:162)، ئه‌بو جه‌عفه‌ر به زه‌نه‌ی پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ ده‌خوێنێته‌وه به‌پێی یاسا گشتیه‌كه‌ی خۆی، وبه‌زه‌نه ده‌خوێنێته‌وه له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا، له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جوله له ئه‌لیفی پێش خۆی له هه‌ردوو باردا، تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست له وشه‌یه‌كی ئاسانكراودا.

ج- وشه‌ی[وَٱلَّٰٓـِٔي] ئه‌م وشه هاتووه له سوره‌ته‌كانی(ئه‌حزاب:4)و (موجادەله:2)و (طه‌لاق:4)، له دوو شوێندا وه‌ك ئایه‌تی{وَٱلَّٰٓـِٔي لَمۡ يَحِضۡنَۚ}، ئه‌بو جه‌عفه‌ر له‌باری نه‌وه‌ستاتندا به دوو شێوه ده‌خوێنێته‌وه:

یه‌كه‌میان: گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی)ی زه‌نه‌دارو درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جوله له ئه‌لیفی پێش خۆی، به‌هۆی گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌دار به‌یه‌ك، تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست له وشه‌یه‌كی ئاسان، به‌م شێوه‌یه ده‌خوێندرێته‌وه (ٱلَّآیْ).

تێبینی1:

له وشەی{الٓمٓ} **له ئایەتی**{الٓمٓ ۝ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ}(**ئالی عیمران**:1)، **نابێت پیتی(م) درێژ بكرێتەوە بە ئەندازەی دوو جولە، چونكە درێژكردنەوەكە دەبێت هۆكاری بە جولە خستنی پیتە میمەكە، ئەم جولەش لابراوە بەهۆی زەنەوە لە پیتە بڕگەكراوەكاندا.**

بۆ ئەم قسەش زیاد بكە كە پێویستە هەمزەی لكاو لەباری نەوەستاندا بخوێندرێتەوە لە وشەی پیرۆزی ناوی خوا(الله) ونابێت پیتی(م)ی (ل) تێكهەڵكێش نەكرێت لە پیتی(م)، لەداهاتودا باسی ئەم بابەتە دەكەین لە شوێنی خۆی ان شاء الله.

تێبینی2:

له وشەی{كٓهيعٓصٓ} **له ئایەتی**{كٓهيعٓصٓ ۝ ذِكۡرُ رَحۡمَتِ رَبِّكَ}(**مەریەم**:1)**و وشەكانی**{حمٓ ۝ عٓسٓقٓ} **له ئایەتی**{حمٓ ۝ عٓسٓقٓ ۝ كَذَٰلِكَ يُوحِيٓ إِلَيۡكَ}(**شوڕا**:1)، **ئەبو جەعفەر پیتی(ع) درێژدەكاتەوە بە ئەندازەی چوار جولەو شەش جولەو وەستانێكی كورت دەكات لەسەر پیتە بڕگەكراوەكان، وهەروها پیتی(ن) بزر(إخفاء) ناكات لە كاتی گەیشتنی بە پیتی(ص) لە سوڕەتی مەریەمدا، وهەروها پیتی(ن) ناشاردرێتەوە(إخفاء) ناكرێت لەكاتی گەیشتنی بە پیتی(س) لەكاتی گەیشتنی بە پیتی(ق) لە سوڕەتی شوڕا، لە داهاتودا باسی هەمو ئەم بابەتانە دەكرێت لە شوێنی خۆیدا ان شاء الله.**

2- درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو

بریتیه له‌وه‌ی كه پیتی درێژكردنه‌وه بكه‌وێته كۆتایی وشه‌و پیتی هه‌مزه‌ش بكه‌وێته سه‌ره‌تای ئه‌م وشه‌ی كه به‌دوایدادێت، وه‌ك ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ، فَأَمَّآ إِن، إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ﴾.

درێژكردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیداری گه‌وره(الصلة الكبرى) ده‌لكێندرێت به درێژكردنه‌وه‌ی نه لكاو(المد المنفصل)و پیتی میمی كۆ[1]. كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به دوادابێت، ئه‌بو جه‌عفه‌ر ته‌نها به درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله ده‌خوێنێته‌وه.

3- درێژكردنه‌وه‌ی لكاو

بریتیه له‌وه‌ی كه له دوای پیتی درێژكردنه‌وه هه‌مزه بێت له یه‌ك وشه، وه‌ك ﴿ٱلشِّتَآءِ، أُوْلَٰٓئِكَ، حُنَفَآءَ، ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ، قُرُوٓءٖ، وَجَآءَ، ٱلنَّسِيٓءُ﴾، **ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئه‌م وشانه ده‌خوێنێته‌وه به درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله به‌یه‌ك ده‌نگ.**

---

(1) درێژكردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی گه‌وره(الصلة الكبرى) بریتیه له‌وه‌ی پیتی(و) یان پیتی(ی) له دوای پیتی(ه)ی جێناوی لكاو بكه‌وێته كۆتایی وشه له‌دوای ئه‌ویش پیتی هه‌مزه بكه‌وێته سه‌ره‌تای وشه‌كه‌ی تر، مه‌به‌ستیشمان له پیتی(م)ی كۆ پیتی هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دوادابێت، دواتر له بابه‌تی پیتی(م)ی كۆ باسی ده‌كه‌ین.

بابەتی پیتی(میم)ی كۆ

میمی كۆ بریتیە لە پیتێكی زیادە لە پێكهاتەی وشەدا كە بۆ نێری كۆ(جمع المذكر) بەكاردێت، وهەروها(مێ)ش دەگرێتە خۆی، جیاوازیش نیە حەقیقەت بێت یان ئەوەی وەك نێری كۆ بەكاردێت، بەڵام بەخۆی نێری كۆ نیە.

دەرچوو لە پێناسەكە: واتا ئەو شتانەی كە پێناسەكە نایان گرێتەوەو لە بازنەی پێناسەكەدا دەردەچن:-

- **میمی زیادە:** كە لە پێناسەكەدا گوترا میمی زیادە، واتا ئەم پیتە میمە ناگرێتەوە كە زیاد نەبێت و بنچینەو ئەصلی وشەكە بێت وەك[بِمَ، ٱحۡكُم، أَلَمۡ].
- **واتای كۆی نێر بدات:** ئەمە ناگرێتەوە ئەگەر پیتی میمەكە واتای كۆی نێر نەدات، واتا بەكارهاتبێت بۆ تاك یان بۆ دووان وەك[أنهكما].
- **كۆی مێ دەگرێتەوە:** وەك[عليكم الصيام]، لێرەدا پیتە میمەكە بەكار هاتووە بۆ نێرو مێ، واتا هەردوو رەگەز دەگرێتەوە.
- **لە زمانی عەرەبیدا:** پیتی(م) دەگرێتەوە لە وشەی[منكم]، پیتی(م) لەم وشە بە میمی كۆ دادەندرێت لە زمانی عەرەبیدا.
- **لە بەكار هێنانی قورئاندا:** ئەوەدەگرێتەوە[ملئهم] لە ئایەتی{على خوفٍ من فرعون وملئهم أن يفتنهم}،(یونس:83)، لێرەدا ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ فیرعەون بە تەنها بەڵام بە شێوەی كۆ بەكار هاتووە، كەواتە: ئەم میمەش بە میمی كۆ ئەژمار دەكرێت.

نیشانەی(میم)ی کۆ

- ئەگەر لایبەری لە وشەدا مانای وشەکە تێك نادات، وەك(عليكم)، دەبێتە(عليك).

- یەکێك لەم سێ پیتانە لە پێش میمەکەدا بێت[(1)].

أ- پیتی(ك) وەك { منكم }، وتەنها ضـەممەدار دەبێت.

ب- پیتی(ت) وەك { كنتم }، وتەنها ضـەممەدار دەبێت.

ت- پیتی(ه) وەك { أموالهُم }، یان ضـەممەدار دەبێت، وەك لە نمونەی پێشو باس کرا، یان کەسرەدار دەبێت وەك (عليهِم).

ئەبو جەعفەر پیتی(م)ی کۆی لکاوەکەی(صیله) بە ضـەممە دەخوێنێتەوە، ئەگەر لە دوای خۆی جولەدارێك هاتبێت وەك{وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمُو يُنفِقُونَ ، وَمِنْهُمُو أُمِّيُّونَ ، عَلَيْكُمُو أَنفُسَكُمُو ، عَلَيْهِمُو غَيْرِ}، وچونکە بە دوو جولەی نەلکاو دەخوێنێتەوە هەر بۆیە


---

(1) یەك شوێن جیاکراوتەوە، هەمزە کەوتۆتە پێش پیتی(م)ی کۆ(میم الجمع)، ئەوەش لە ئایەتی19ی سورەتی حاقەیە{هاؤم} لێرەدا بەواتای (هلموا اقرؤوا كتابيه)، هەندێ لە زمانەوانان دەڵێن: بە واتای (هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆڕدراوە بە پیتی هەمزە، هەروەك قوتەیبی ئاماژەی پێ کردووە، رەضـی دەفەرموێت:(ها) ناوێکە بە واتای (بگرە) دێت وهەشت جۆر زمانی تێدایە، ئەمە یەکێکە لەم زمانانە: لەبری پیتی ئەلیف هەمزەی پێوە بلکێندرێت گۆڕانکاریەکانیشی وەك گۆڕانکاری پیتی(ك) دەبێت، وەك(هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)، باوکی قاسم فەرمویەتی: بەچەن شێوازو زمانێك دەخوێندرێتەوە چاکترینیان ئەوەی سیبەوەیهی باسی کردووە لە پەرتوکەکەی خۆیدا دەفەرموێت : عەرەب دەڵێن:(هاءَ یا رجل) بیگرە ئەی پیاو، هەمزەکەی فەتحەدار دەکەن، و(هاءِ یا امرأة) بیگرە ئەی ئافرەت بۆ ئافرەت هەمزەکە کەسرەدار دەکرێت، و(هاؤما یا رجلان أو امرأتان، وهاؤم یا رجال، وهاؤن یا نسوة) پیتی(م) لە وشەی (هاؤم) وەك پیتی میمەکە بۆ ئێوە بەکاردێت، وضـەممەدار کردنیشی وەك ضـەممەدار کانی ترە لە هەندێ شوێن.

پیتی(و)ی لكاو درێژ ده‌كاته‌وه به ئه‌ندازه‌ی دوو جوله جیاوازیشی نیه ئایه هه‌مزه‌ی به‌دواداهاتبێت یان نا.

به‌لاَم ئه‌گه‌ر له‌دوای پیتی(م)ی كۆ زه‌نه‌دارهات ئه‌وه ده‌بێته ضه‌مه‌داری نه‌لكاو، ئه‌وه‌ش بۆ ڕزگاربوون له گه‌یشتنی دوو زه‌نه‌دار به یه‌كتر، وه‌ك﴿جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ﴾.

به‌لاَم ئه‌گه‌ر وه‌ستا له‌سه‌ر پیتی(م)ی كۆ، ئه‌وه له‌كاتی وه‌ستاندا لكاوه‌كه لاده‌بات و پیتی(م)یش زه‌نه‌دارده‌كات وه‌ك–حفص–.



بابهتی(هائی) كینایه

هۆی ناونانی بههائی كینایه چونكه ناسناوێكی وهرگرتووه ئهویش بهكارهاتنیهتی بۆ كهسی سێ یهمی تاكی نێر(له زمانی عهرهبی)، وپێشی دهگوترێت هائی(الضمير) ڕاناو، له زاراوهی قوڕائهكان ناسراوه بههائی زیاده، ئهوهی واتای كهسی سێیهمی تاكی نێر دهبهخشێت.

كه دهڵێین هائی زائیده مهبهستمان هائی بنچینه نیه، واتا هائی ئهصڵی ناگرێتهوه وهك[لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰنُوحُ](شوعهڕا:116).

كه گوتمان واتای كهسی سێ یهمی تاكی نێر دهدات، ئهوه ناگرێتهوه هائێك بۆ تاكی مێ وهك[إِلَيْهَا]، ئهوهش ناگرێتهوه كه بۆ دووانه(موثهننا) وهك[عَلَيْهِمَا]، یان ئهوهی بۆ كۆ بهكارهاتووه وهك[إِلَيْهِمْ، إِلَيْهِنَّ].

هائی كینایه بهناو(اسم) دهلكێت، وهك{أَجَلِهِۦٓ}، به كاریش(فعل) دهلكێت، وهك{يُعَلِّمُهُۥ}، به پیتیش دهلكێت، وهك{إِلَيْهِ}.

هائی كینایه له بنچینهدا ضهممهداره، وهك(لَهُ).

هائی كینایه كهسرهدار دهبێت بههۆكار، هۆكارهكهش ئهوهیه ئهگهر كهسرهی له پێشدا هاتبوو.

هائی كینایه كهسرهدار دهبێت بههۆكار، هۆكارهكهش ئهوهیه ئهگهر پیتی(ی)ی له پێشدا هاتبوو.

جگه له‌م دوو شوێنه هائی كینایه ضـه‌**ممه‌دار ده‌بێت له‌به‌ر كاركردن به بنچینه‌ی خۆی، وه‌ك له ڕیوایه‌تی حه‌فصدا هاتووه له ئایه‌تی** ﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾ (**كه‌هف**:63)، **وئایه‌تی** ﴿بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ﴾ ،(**فه‌تح**:10)، **هه‌روها پێشه‌وا حه‌مزه** (طه:10) **و** (**قه‌صه‌ص**:29)، **به‌م شێوه ده‌خوێنێته‌وه** ﴿لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ﴾.



باری هائی كینایه

هائی كینایه له قورئانی پیرۆز چوار باری هه‌یه، ئه‌وانیش بریتین له:

1- بكه‌وێته نێوان دوو زه‌نه‌دار، واتا پێش و پاشی زه‌نه‌بێت، وه‌ك{فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ، وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ، ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ}.

2- پێشی جوله‌دارو پاشی زه‌نه بێت، وه‌ك{قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ، رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ}.
قاریئه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه نابێت له‌و دوو باره‌دا هائی كینایه به لكاو بخوێندرێته‌وه تا دوو زه‌نه‌دار به‌یه‌كه‌وه كۆنه‌بنه‌وه[1].

3- پێش هائه‌كه زه‌نه‌دار بێت و پاشی جووله، وه‌ك{ وَشَرَوۡهُ بِثَمَنٍ ، خُذُوهُ فَٱعۡتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلۡجَحِيمِ ، مَا عَقَلُوهُ وَهُمۡ }. كۆ ده‌نگی زانایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه كه له‌م شوێنانه‌دا هائی كینایه به صیله ناخوێندرێته‌وه، ته‌نها هه‌ندێكیان نه‌بێ كه له هه‌ندێ باردا به صیله ده‌خوێندرێته‌وه.

4- بكه‌وێته نێوان دوو جووڵه وه‌ك{فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ}.

له‌م باره‌دا هه‌موو قاریئه‌كان پیتی(ه)یان لكاندووه به پیتی(و)ی گوتراو(لفظي) ئه‌گه‌ر ضه‌ممه‌دار بوو، ولكاندویانه به پیتی(ی) ئه‌گه‌ر كه‌سره‌دار بوو، ته‌نها له هه‌ندێ باری تایبه‌ت نه‌بێت.

---

[1] ته‌نها شوێنێك نه‌بێت، به‌رزی خوێندویه‌تیه‌وه له ئیبن كثیر كه هائی كینایه‌ی به پیتی(و)ی لكاندووه‌و پیتی(ت)ی دوای هائه‌كه‌شی شه‌ده‌دار كردووه، وه‌ك(تَلَهَّىٰ)، له‌(ئه‌علی:10)﴿فَأَنتَ عَنۡهُ تَّلَهَّىٰ﴾(عه‌به‌سه:15).

حوكمی هائی
كینایه لای پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر

جیاوازی نێوان ئه‌بو جه‌عفه‌رو حه‌فص له بابه‌تی هائی كینایه كورتكراوته‌وه له‌م خالأنه‌ی خواره‌وه:

أ- ئه‌بو جه‌عفه‌ر هائی كینایه به‌زنه ده‌خوێنێته‌وه بێ صیله له‌م چوار وشه‌دا:

1- ئایه‌تی{يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ} **به‌یه‌كه‌وه، له سوره‌تی(ئالی عیمڕان:**75) **به‌م شێوه‌یه**[يُؤَدِّهْ إِلَيْكَ].

2- ئایه‌تی{نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا}**(ئالی عیمڕان:**145)**و (شوڕی:**20)، **به‌م شێوه‌یه**[نُؤتِهْ مِنْهَا].

3- ئایه‌تی{نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ}**(نیساء:**115)، **به‌م شێوه‌یه**[نُوَلِّهْ مَا تَوَلَّىٰ].

4- ئایه‌تی{وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ}**(نیساء:**115)، **به‌م شێوه‌یه**[وَنُصْلِهْ جَهَنَّمَۖ].

ب- ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(ه)ی كینایه كه‌سره‌دار ده‌كات بێ صیله له سێ وشه‌دا به‌م شێوه‌یه:

1- ئایه‌تی{وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا}**(فورقان:**69)، **به‌م شێوه‌یه**[وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا].

2- ئایه‌تی{وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ}**(كه‌هف:**63)، **به‌م شێوه‌یه** [وَمَا أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ].

3- ئایەتی{وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ}(فەتح:10)، بەم شێوەیە[وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ]، پیتی(ل) لاواز دەكرێت لە وشەی الله چونكە كەسرەی لە پێشدا هاتووە.

ت- ئەبو جەعفەر پیتی(ه)ی كینایەو لكاوەكەی(صیله) بە پیتی(ی)ی گوتراو كەسرەدار دەكات لە پێنج وشەدا بەم شێوەیە:

1- ئایەتی{إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ} ئەوەش لە نۆ شوێندا هاتووە، ئەوانیش (ئەعراف : 59 + 65 + 73 +85) و (هود:50+61+84) و (موئمینون:23+32)، بەم شێوەیە [إِلَٰهٍ غَيۡرِهِۦ][1].

2- ئایەتی{وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ}(مائیدە:67)، بەم شێوەیە [رِسَالَتِهِۦۚ][2].

3- ئایەتی{ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥ}(ئەنعام:124)، بەم شێوەیە [رِسَالَتِهِۦۚ][3].

---

(1) ئەبو جەعفەر بە شاردنەوە(اخفاء)ی تەنوینی پیتی(غ) دەخوێنێتەوە، وبۆی هەیە پیتی(ر) كەسرەدارو لاوازی بكات.

(2) ئەبو جەعفەر ئەم شوێنە بە كۆ دەخوێنێتەوە، واتە بە كەسرەداركردنی پیتەكانی(ت)و (ه) لەگەڵ زیادكردنی ئەلیف لەدوای پیتی(ل)، لەسەر ئەمەش دروست دەبێت كەسرەداركردنی پیتی(ه)ی كینایە بەهۆی كەسرەی پیتی(ت).

(3) ئەبو جەعفەر ئەم شوێنە بە كۆ دەخوێنێتەوە، واتە بە كەسرەداركردنی پیتەكانی(ت)و (ه) لەگەڵ زیادكردنی ئەلیف لەدوای پیتی(ل)، لەسەر ئەمەش دروست دەبێت كەسرەداركردنی پیتی(ه)ی كینایە بەهۆی كەسرەی پیتی(ت).

4- ئایه‌تی {أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ}(**موزه‌میل**:20)، **به‌م شێوه‌یه**[وَنِصۡفِهِۦ][4].

5- ئایه‌تی {أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ}(**موزه‌میل**:20)، **به‌م شێوه‌یه**[وَنِصۡفِهِۦ وَثُلُثِهِۦ][5].

ث- ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(ه)ی كینایه‌و لكاوه‌كه‌ی(صیله) به‌ پیتی(و)ی گوتراو ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌ سێ وشه‌دا به‌م شێوه‌یه‌:

1- ئایه‌تی {إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ}(**طه‌لاق**: 3)، **به‌م شێوه‌یه**[بَٰلِغٌ أَمۡرَهُۥ][1].

2- ئایه‌تی {وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ}(**زوخروف**:88)، **به‌م شێوه‌یه**[وَقِيلَهُۥ][2].

3- ئایه‌تی {وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ}(**صه‌ف**:8)، **به‌م شێوه‌یه**[مُتِمٌّ نُورَهُۥ][3].

---

(1)ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئه‌م شوێنه‌ به‌ كه‌سره‌ی پیته‌كانی(ف)و (ه) ده‌خوێنێته‌وه‌، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت كه‌سره‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه‌ به‌هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ف).

(2)ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئه‌م شوێنه‌ به‌ كه‌سره‌ی پیته‌كانی(ث)و (ه) ده‌خوێنێته‌وه‌، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت كه‌سره‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه‌ به‌هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ث).

(3)ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئه‌م شوێنه‌ به‌ ته‌نوینی پیتی(غ)و فه‌تحه‌ی پیتی(ر) ده‌خوێنێته‌وه‌، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه‌ به‌هۆی فه‌تحه‌ی پیتی(ر).

(4)ئه‌بو جه‌عفه‌ر به‌ فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ل) ده‌خوێنێته‌وه‌، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه‌ به‌هۆی فه‌تحه‌ی پیتی(ل).

(5)ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئه‌م شوێنه‌ به‌ ته‌نوینی ضه‌ممه‌ی پیتی(م)و فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ر) ده‌خوێنێته‌وه‌، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه‌ به‌هۆی فه‌تحه‌ی پیتی(ر)و قه‌ڵه‌وكردنی له‌گه‌ڵ تێكهه‌ڵكێشانی.

ج- **ئەبو جەعفەر پیتی(ه)ی كینایە بە گۆڕینی پیتی(ت)ی بەكارهاتو بۆ مێینە بە نەصبە دەخوێنێتەوە لە ئایەتی**{كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكۡرُوهًا}(**ئیسراء**:38)، **بەم شێوەیە**[سَيِّئَةً][1].

ح- **ئەبو جەعفەر پیتی(ه)ی كینایە بە ضەممە دەخوێنێتەوە بێ لكاو(بێ صیلە) لە ئایەتی**{فَٱجۡعَلۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكَ مَوۡعِدًا لَّا نُخۡلِفُهُۥ نَحۡنُ وَلَآ أَنتَ}(**ئیسراء**:38)، **بەم شێوەیە**[لَّا نُخۡلِفُهُ نَحۡنُ][2].

خ- **ئیبن وەردان ئایەتی**{أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ} (**ئەعراف**:111)**و** (**شوعەرا**:36)، **بە كەسرەی پیتی(ه)و لكاوەكەی(صیلە) دەخوێنێتەوە، بەم شێوەیە**[أَرۡجِهِ وَأَخَاهُ]، **بەڵام ئیبن جەماز بە كەسرەی پیتی(ه)و لكاوەكەی(صیلە) دەخوێنێتەوە، بەم شێوەیە**[أَرۡجِهِۦ وَأَخَاهُ].

د- **ئیبن وەردان ئایەتی**{وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ}[3] (**نور**:52)، **بە زەنەی پیتی(ه) دەخوێنێتەوە بێ لكاو(بێ صیلە)، بەم شێوەیە**[وَيَتَّقۡهۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ]، **بەڵام ئیبن جەماز بە كەسرەی پیتی(ه)و لكاوەكەی (صیلە) دەخوێنێتەوە، بەم شێوەیە**[وَيَتَّقۡهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ].

ذ- **ئیبن وەردان ئایەتی**{قَالَ لَا يَأۡتِيكُمَا طَعَامٞ تُرۡزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأۡتُكُمَا بِتَأۡوِيلِهِۦ} (**یوسف**:37)، **بە كەسرەی پیتی(ه) دەخوێنێتەوە بێ لكاو(بێ صیلە)، بەم شێوەیە** [قَالَ لَا يَاتِيكُمَا طَعَامٞ تُرۡزَقَانِهِ إِلَّا نَبَّاتُكُمَا بِتَاوِيلِهِۦ].

---

[1] **هەمزە فەتحەداردەكرێت.**

[2] **ئەبو جەعفەر ئەم شوێنە بە زەنەی پیتی(ف) دەخوێنێتەوە.**

[3] **ئەبو جەعفەر بە كەسرەی پیتی(ق) دەخوێنێتەوە لە(وَيَتَّقِهِ).**

ر- **ئیبن وەردان ئایەتی**{وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ} (**زومەر**:7)، **بە ضـەممەی پیتی**(هـ)**و لكاوەكەی**(صیله) **دەخوێنێتەوە، بەم شێوەیە**[وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُو لَكُمُۗو]، **بەڵام ئیبن جەماز بە زەنەی پیتی**(هـ) **دەخوێنێتەوە بێ لكاو**(**بێ صیله**)، **بەم شێوەیە**[وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهۡ لَكُمُۗو].

تێبینی:

پێشەوا ئەبو جەعفەر هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا حەفص لە ئایەتی{فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ} (**نەمل**:28)، **بەو شێوەی كە بە پیتی**(هـ)**ی كینایە دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە**[فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمُو].

بابەتی هائی ڕاناو

پێشەوا ئەبو جەعفەر ڕاناوی کەسی سێیەم(هُوَ، هِیَ) **زەنەدار دەکات واتە پیتی**(ه) **بە زەنە دەخوێنێتەوە ئەگەر بکەوێتە دوای پیتی**(و)**یان پیتی**(ف)**یان پیتی**(ل)**ی زیادە وەك**{وَهْوَ، وَهْیَ، فَهْوَ، فَهْیَ، لَهْوَ، لَهْیَ}[1].

1- **وەك باری پێشو وایە ئەگەر**(هو) **بکەوێتە دوای وشەی**(یُمِلَّ) **ئەوەش ڕوی نەداوە تەنها لە ئایەتی**{أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُۥ بِٱلْعَدْلِ}{أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هْوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُۥ بِٱلْعَدْلِ}(**بەقەڕە**:282) **نەبێت، لەباری نەوەستاندا ئەم شوێنە بە زەنەی پیتی**(ه) **دەخوێنێتەوە هەر وەك وایە کردووە لەم بابەتەدا، بەڵام لەکاتی دەستپێکردن بەو ئەوە ضەممەداری دەکات وەك حەفص.**

2- **وەك باری پێشو وایە ئەگەر**(هو) **بکەوێتە دوای**(ثم) **ئەوەش نەهاتووە تەنها لە ئایەتی**{كَمَن مَّتَّعْنَٰهُ مَتَٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ثُمَّ هْوَ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ}(**قەصەص**:61) **نەبێت، لەباری نەوەستاندا ئەم شوێنە بە زەنەی پیتی**(ه) **دەخوێنێتەوە هەر وەك وایە کردووە لەم بابەتەدا، بەڵام لەکاتی دەستپێکردن بەو ئەوە ضەممەداری دەکات وەك حەفص.**

---

[1] **ئەم بابەتە ئەم ئایەتە ناگرێتەوە**(يَشْتَرِى لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ)(**لوقمان**:6)، **چونکە ناوە نەك ڕاناو.**

باسی
ئەحکامی نونی ساکینەو تەنوین

ئەم بابەتە بەگشتی یەکسانە لەگەڵ ئەحکامی پێشەوا حەفص تەنها لەم شوێنانەی خوارەوە نەبێت:

- **پێشەوا ئەبو جەعفەر بەتەنهایە لەناو قورِائەکاندا بە شاردنەوەی پیتی(ن)ی زەنەدار یان تەنوین بە مینگە لەکاتی گەیشتنی بە پیتەکانی(خ)و (غ) بەم شێوەیە**{مِن، خَشْيَةِ، مِّن، خِلَفِ، مِّن، غِلِّ، مِن،غَيْرِ، وَمَغْفِرَةٌ ،خَيْرٌ، حَكِيمٍ،خَبِيرٍ، قَوْلًا ،غَيْرَ، حَدِيثٍ، غَيْرِهِۦ}، **سێ شوێنی تێدا جیاکراوتەوە بە ئاشکراکردنی پیتی(ن)ی زەنەدار دەخوێنێتەوە، سێ شوێنەکەش ئایەتی**{يَكُنْ غَنِيًّا}(**نیساء**: 135) **وئایەتی**{وَٱلْمُنْخَنِقَةُ}(**مائیدە**:3)**و ئایەتی**{فَسَيُنْغِضُونَ}(**ئیسراء**:51).

- **پێشەوا ئەبو جەعفەر تێکهەڵکێشانی کردووە لە پیتی(ن) بە پیتی(ر) لە ئایەتی**(وَقِيلَ مَنْۜ رَاقٍ)(**قیامە**:27)، **بەم شێوەیە**(وَقِيلَ مَن رَّاقٍ) **چونکە لێرەدا سەکت ناکات، ئەمەش پێچەوانەی پێشەوا حەفصە.**

- **ئەبو جەعفەر هەندێ شوێنی خوێندۆتەوە بە زەنەدارکردنی پیتی(ن) لە پاشان بۆی هەیە یان تێکهەڵکێشانی پیتە نونەکە بکات یان بیشارێتەوە(اخفاء)، ئەوەش بە پێی یاسای گشتی لە حوکمەکانی نونی ساکین و تەنوین، وئەوەی گرنگە لای ئێمە لەم بابەتەدا حەوت وشەیە بەم شێوەیە:**

1- **وشەی**{مُنزَلٌ}(**ئەنعام**:114).

2- **وشهی**{وَإِن تَكُن}[1]. (**ئهنفال**:65-66).

3- **وشهی**{أَن تَكُونَ}[2]. (**ئهحزاب**:36).

4- **وشهی**{فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُ}[3]. (**یوسف**:110).

5- **وشهی**{وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نُنَكِّسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِ}(**یاسین**:68)[4].

6- **وشهی**{أَوَ مَن يُنَشَّؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ}(**زوخروف**:18)[5].

7- **وشهی**{عِندَ ٱلرَّحۡمَٰنِ}(**زوخروف**:19)[6].

➢ **پێشهوا ئهبو جهعفهر ههندێ شوێنی به تهنوین خوێندۆتهوه، پاشان بۆی ههیه یان تێكههڵكێشانی تهنوین یان وهرگهڕان یان شاردنهوهیان بۆ دهكات دوای ئهو، بهپێی یاسا گشتیهكان له ئهحكامی نونی ساكینهو تهنوین، ئهوهی له نێوانیان دایه لهم بابهتهوه بهم شێوهیه:**

---

[1] **شوێنی دووهم له سوڕهتی ئهنفال به پیتی(ف) دهخوێنێتهوه لهبری پیتی(و) بهم شێوهیه(فإن).**

[2] **وشهی(یكون) به پیتی(ت) دهخوێنێتهوه لهبری پیتی(ی).**

[3] (فنجي) **به لابردنی شهدهی پیتی(ج)و زیادكردنی پیتی(ن)ی ساكین له پێشی و زهنهداركردنی پیتی(ی)دهخوێندرێتهوه.**

[4] (نُنَكِّسۡهُ) **به زهنهداركردنی پیتی(ن) دهخوێنێتهوه.**

[5] (ینشأ) **به زهنهداركردنی پیتی(ن) دهخوێنێتهوه.**

[6] (عباد) **به زهنهداركردنی پیتی(ن) لهبری پیتی(ب)و لابردنی ئهلیف و فهتحهداركردنی پیتی(د) دهخوێنێتهوه.**

أ- له هەندێ شوێندا خوێندراوتەوە بە تێکهەڵکێشان، وژمارەیان دەیە کە ئەمانەن:

1- {فَلَا رَفَثُ وَلَا فُسُوقُ وَلَا }(**بەقەڕە**:197). **له دوو شوێندا.**

2- {كَبِيرًا يُسَبِّحُ}(**ئیسڕاء**:43).

3- {وَثَمُودًا وَأَصْحَبَ}(**فوڕقان**:38).

4- {وَثَمُودًا وَقَد}(**عەنکەبووت**:38).

5- {عَادًا الْأُولَى}(**نەجم**:50)[1].

6- {مُتِمٌّ نُورِهِ}(**صەف**:8)[2].

7- {أَنصَارًا لِلَّهِ}(**صەف**:14).

8- {سَلَاسِلَ وَأَغْلَالًا}(**ئینسان**:4).

9- {قَوَارِيرَ مِنْ}(**ئینسان**:16).

---

(1) قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکرێت بە درێژی و شی دەکرێتەوە لە (باسی گواستنەوەی جوڵەی هەمزە بۆ ئەو زەنەی دەکەوێتە پێش خۆی)

(2) وشەی(نورە) خوێندراوتەوە بە فەتحەدارکردنی پیتی(ر)و ضەممەدارکردنی پیتی(ھ)و لکاندنی پیتی(و)ی گوتراو و قەڵەوکردنی پیتی(ر).

ب- له هەندێ شوێندا به شاردنەوه خوێندراوتەوه، ژمارەیان هەشته بەم شێوەیەی خوارەوه:

1- {وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ}(**بەقەڕە**:197).

2- {جَعَلَا لَهُۥ شِرْكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا}(**ئەعراف**:191)[1].

3- {وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيْدِ ٱلْكَٰفِرِينَ}(**ئەنفال**:18)[2].

4- {ثَمُودَا۟ كَفَرُوا۟}(**هود**:68).

5- {عِوَجَا ۜ ۝١ قَيِّمًا}(**كەهف**:1).

6- {لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى}[3](**نەحل**:66)و (**موئمینون**:21).

7- {وَثَمُودَا۟ فَمَآ}(**نەجم**:51).

8- {قَوَارِيرَا۟ ۝١٥ قَوَارِيرَا۟}(**ئینسان**:15).

---

[1]وشەی(شُرَكَآءَ) خوێندراوتەوه به كەسرەداركردنی پیتی(ش) و زەنەداركردنی پیتی(ر) و تەنوینی فەتحەی پیتی(ك)و لابردنی ئەلیف و هەمزه، وەستانی بۆ دەكرێت به درێژكردنەوەی قەرەبو لەگەڵ لاوازكردنی پیتی(ر)

[2](مُوهِنُ)خوێندراوتەوه بەفەتحەداركردنی پیتی(و)و شەدەداركردنی پیتی(ه)و تەنوینی پیتی(ن) خوێندراوتەوه (كَيْدِ) بەفەتحەداركردنی پیتی(د).

[3]وشەی(نسقیكم) به پیتی(ت) دەخوێندرێتەوه لەبری پیتی(ن).

ت- له دوو شوێندا نونی زه‌نه‌دار به وه‌رگه‌ڕان(الاقلاب) ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه:

1- {أَوْثَـٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا}(عه‌نكه‌بوت:25)[1].

2- {وَمَآ أَصَـٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ}،(شورا:30)[2].

➢ پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر وه‌ستانێكی كورت ده‌كات له‌سه‌ر ئه‌و پیته پچڕاوانه‌ی سه‌ره‌تای هه‌ندێك سوره‌ت، له‌م باره‌شدا شاردنه‌وه بۆ هه‌ندێ پیت ده‌كرێ و هه‌ندێكیشیان نابێت شاردنه‌وه‌یان بۆ بكرێت، ئه‌و پیتانه‌ی شاردنه‌وه‌یان بۆ ده‌كرێت و ئه‌وه‌ی لای ئێمه گرنگه له‌م بابه‌ته ئه‌م وشانه‌ن:

أ- وشه‌ی{كهيعص} له ئایه‌تی{كٓهيعٓصٓ ۝١ ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ}(مه‌ریه‌م:1) ئه‌بو جه‌عفه‌ر شاردنه‌وه ناكات بۆ پیتی(ن)ی وشه‌ی(عه‌ین) له‌كاتی گه‌یشتنی به پیتی(ص)، ئه‌م بابه‌ته‌ش له ڕابردو باسكرا له بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌و كورتكردنه‌وه(المد والقصر).

ب- وشه‌ی{طسٓ} له ئایه‌تی{طسٓ تِلْكَ ءَايَـٰتُ ٱلْقُرْءَانِ}(نه‌مل:1) ئه‌بو جه‌عفه‌ر شاردنه‌وه ناكات بۆ پیتی(ن)ی وشه‌ی (سین) له‌كاتی گه‌یشتنی به پیتی(ت).

ت- وشه‌ی{حمٓ ۝ عٓسٓقٓ}له ئایه‌تی{حمٓ ۝١ عٓسٓقٓ ۝٢ كَذَٰلِكَ يُوحِىٓ إِلَيْكَ}(شورا:1) ئه‌بو جه‌عفه‌ر شاردنه‌وه ناكات بۆ پیتی(ن)ی وشه‌ی(عه‌ین) له‌كاتی گه‌یشتنی به پیتی(س)، وه‌هه‌روها شاردنه‌وه ناكات بۆ پیتی(ن)ی وشه‌ی(عه‌ین) له‌كاتی گه‌یشتنی به پیتی(ق)، ئه‌م بابه‌ته‌ش له ڕابردو باسكرا له بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌و كورتكردنه‌وه(المد والقصر).

---

[1] وشه‌ی (بینكم) خوێندراوته‌وه به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ن).

[2] وشه‌ی (فبما) خوێندراوته‌وه به لابردنی پیتی(ف).

بابەتی سەکت

❖ ئەبو جەعفەر وازی لەم سەکتانە هێناوە کە پێویستن(واجب)ن لای حەفص، لەگەڵ ئەوەی کە خوێندنەوەی بە تێکهەڵکێشانی بۆ بکرێت ئەوەی کە دەگونجێت تێکهەڵکێشانی بۆ بکرێت، ئەوەش ڕویداوە لە{بَل رَّانَ ، مَن رَّاقٍ}، چونکە مەرجەکانی تێکهەڵکێشان لە هەردووکیاندا هەیە.

❖ ئەبو جەعفەر سەکت دەکات لەسەر بیست و هەشت پیتەکانی عەرەبی –پیتە پچڕاوەکانی سەرەتای سوڕەتەکان– وەك{الٓمٓصٓ، الٓمٓ، الٓرٰ، الٓمٓرٰ، طٓسٓمٓ ، كٓهيعٓصٓ، طٰهٰ، يٰسٓ، صٓ}، لێرەدا پێویست دەبێت کە نابێت تێکهەڵکێشان بکرێت بۆ پیتە پچڕاوەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێك تر هەرچەندە تێکهەڵکێشانی دروست بێ، بۆ نمونە نابێت تێکهەڵکێشان بکرێت لە پیتی(ن) لە وشەی(سین) لە پیتی(م) لە ئایەتی{طٓسٓمٓ}، وەهەروها نابێت تێکهەڵکێشانی پیتی(م) لە وشەی(لام) بکرێت لە پیتی(م) لە ئایەتی{الٓمٓ}.

خوێندنەوە بە سەکت لای ئەبو جەعفەر لەسەر پیتە پچڕاوەکانی سەرەتای سوڕەتەکان دەبێتە بەڵگە کە هەمو پیتەکان زمانی عەرەبی واتا دارنین، وەك پیتە کەرەستەکان بۆ ناوەکان و فیعلەکان بەڵکو نەلکاوە هەرچەندە لە نوسیندا لکاو بێت وجیاش ناکرێتەوە لە وشەکە هەرچەندە واتا داریش نەبێت.

جیاوازیه‌كانی
نێوان وه‌ستان و سه‌كت

1- ماوه‌ی وه‌ستان زیاتره له ماوه‌ی سه‌كت.

2- خوێنه‌ر نه‌فه‌سێك هه‌لده‌كێشیت له كاتی وه‌ستاندا، به‌ڵام سه‌كت نه‌فه‌س هه‌ڵكێشانی تێدا نیه.

3- سه‌كت دروست نیه ته‌نها له‌ڕێگه‌ی گێڕانه‌وه نه‌بێت، به‌ڵام وه‌ستان بۆ خوێنه‌ر دروسته له‌سه‌ر هه‌ر وشه‌یه‌ك بیكات به مه‌رجێك واتای وشه‌كه تێك نه‌دات.

4- دروسته له‌باری وه‌ستاندا دووباره خوێندنه‌وه بكه‌یته‌وه به‌وه‌ی پێش ئه‌و بابه‌ته‌ی له‌سه‌ری وه‌ستاوه، به‌ڵام بۆ سه‌كت ئه‌مه دروست نیه.

5- وه‌ستان ڕونادات ته‌نها له‌سه‌ر وشه نه‌بێت، به‌ڵام سه‌كت ڕوده‌دات له‌سه‌ر وشه یان پیت.

بابه‌تی هه‌مزه

ئاشكرایه كه هه‌مزه قورساییه‌كی تێدایه له ده‌ربڕیندا، هه‌ر بۆیه عه‌ره‌ب به‌چه‌ند ڕێگایه‌كی جۆراو جۆر خۆیان لیٚ نه‌جاتداوه، دانی له په‌رتوكه‌كه‌یدا ده‌فه‌رموێت[1]:

والهمز فـيــه كلفة وتعب	لأنه حرف شديد صعب
يخرجه الناطق بــاجـتـهاد	من صدره وقـوة اعتمادِ
يـعيبه الكلـفــة والـتـنـطعْ	إذ هو كالسعلة والتهوعْ
لذاك فيه النقل والتسهيل	بالجعل بين بين والتبديل
والهـمز والنبر هما لقبان	لـواحــد بذاك يعــلـمــان
وقال أهل العلم بالحــروف	النبر تعبير عن التـخفـيف

ڕێگا جۆراوجۆره‌كانی ڕزگاربوون و ئه‌و گۆڕانكاریانه‌ی به‌سه‌ر هه‌مزه دادێت له‌باری وه‌ستاندا لای پێشه‌وا حه‌مزه كورتكراوته‌وه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

---

[1] **ئه‌بو عه‌مر عوسمانی دانی، په‌رتووكی**(الأرجوزة المنبهة على أسماء القراء والرواة وأصول القراءات وعقد الديانات بالتجويد والدلالات)،**(ڕیاز، چاپخانه‌ی موغنی بۆ بلاَوكراوه‌و دابه‌ش كرد)،(1420ك).**

- **ئاسان خوێندنەوە:** بریتیە لە دەربڕینی هەمزە لەنێوان هەمزەو پیتی درێژكردنەوە، ئەوەی كە جولەیان هاوڕەگەزن، وەك (أَئِمَّةَ) دەبێتە (أَ يْمَّةَ).

- **گۆڕین:** بریتیە لە گۆڕینی هەمزە بە پیتێك لە هاوڕەگەزی جولەی پێش خۆی، وەك (يَأْتِيَ)، دەبێتە (يَاتِيَ).

- **گواستنەوە:** بریتیە لە گواستنەوەی جولەی هەمزەی پچڕاو بۆ زەنەی پێش خۆی لەگەڵ لابردنی هەمزە، وەك(مِّلْءُ) دەبێتە(مِّلُ).

- **لابردن:** دەرنەبڕینی هەمزە بە تەواوی بە مەرجەكانی، وەك(تَطَـُٔوهَا)، دەبێتە (تَطَـوْهَا)، (تطـــُـو ها)

اری وا هەیە هەمزە لە یەك وشەدا دێت، جیاوازیشی نیە ئەو هەمزەیە زەنەدارە یان جولەدار، وهەروها دەكرێت هەمزەكە لە دوو وشەی بەدوای یەكدا بێت.

بابەتی هەمزەی تاك

مەبەست لە پیتی هەمزەی تاك: واتە ئەو هەمزەی کە هاووێنەی خۆی لەگەڵیدا نەبێت، ئەوەش یان زەنەدار دەبێت یان جولەدار.

➢ **یەکەم: هەمزەی تـاك ی زەنەدار**[1].

پێشەوا ئەبو جەعفەر هەموو هەمزەیەکی زەنەدار دەگۆڕێت بە پیتی درێژکردنەوە لە ڕەگەزی جولەی پێشەخۆی، جیاوازیش نیە فائی فیعلی وشە وەك[يُؤۡمِنُونَ ؛ مَأۡمُونٍ ؛ تَأۡلَمُونَ ؛ وَأۡمُرۡ ؛ ٱلَّذِى ٱؤۡتُمِنَ ؛ ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ ؛ ٱلسَّمَٰوَٰتِۖ ٱئۡتُونِى ؛ لِقَآءَنَا ٱئۡتِ ؛ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا ؛ فِرۡعَوۡنُ ٱئۡتُونِى ؛ تَأۡوِيلُهُۥ ؛ ٱلۡمَأۡوَىٰ ؛ يُؤۡتُونَ] **یان ببێتە عەینی فیعلی وشە وەك**[ٱلرَّأۡسُ ؛ كَأۡسٍ ؛ لُؤۡلُؤٌ ؛ وَبِئۡرٍ ؛ سُؤۡلَكَ ؛ بِئۡسَ ؛ بَأۡسُنَا ؛ ٱلذِّئۡبُ ؛ رَأۡفَةٌ] **یان پیتی لامی فیعل وەك**[ذَرَأۡنَا ؛ جِئۡنَا ؛ شِئۡنَا ؛ ٱقۡرَأۡ ؛ أَنشَأۡنَا].

ئەگەر هەمزە لە دوای فەتحە هات دەگۆڕدرێت بە ئەلیف وەك{مَامُونٍ ؛ تَالَمُونَ ؛ وَامُرۡ ؛ ٱلۡهُدَى ٱاتِنَاۗ ؛ لِقَآءَنَا ٱاتِ ؛ كَاسٍ؛ ٱلرَّاسُ ؛ بَاسُنَا ؛ ذَرَانَا ؛ ٱقۡرَا ؛ تَاوِيلُهُۥ ؛ ٱلۡمَاوَىٰ ؛ رَافَةٌ ؛ أَنشَانَا}،{يُومِنُونَ ؛ يَٰصَٰلِحُ ٱوتِنَا ؛ فِرۡعَوۡنُ ٱوتُونِى ؛ لُولُؤٌ ؛ سُولَكَ ؛ يُوتُونَ}.

ئەگەر هەمزە لە دوای ضـەممە هات دەگۆڕدرێت بە پیتی(و) وەك{يُومِنُونَ ؛ يَٰصَٰلِحُ ٱوتِنَا ؛ فِرۡعَوۡنُ ٱوتُونِى ؛ لُولُؤٌ ؛ سُولَكَ ؛ يُوتُونَ}.

---

[1]نیشانەی هەمزەی تاك ی زەنەدار لە قورئانی پیرۆز دەبێت یەك لەم حەوت پیتانەی لە پێش بێت کە بریتیە لە

(من آتوفى).

ئەگەر هەمزە لەدوای كەسرە هات دەگۆڕدرێت بە پیتی(ی) وەك{ٱلَّذِى ٱيتُمِنَ ؛ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱيتُونِى ؛ وَبِيرٍ ؛ بِيسَ ؛ ٱلذِّيبُ ؛ جِينَا ؛ شِينَا}.

جیاكراوتەوە: لەوانەی ڕابردو دوو وشە ئەوانیش{أَنۢبِئۡهُم}(**بەقەرە**:33) **و**{وَنَبِّئۡهُمۡ}(**حیجر**:51)**و**(**قەمەر**:28).

دەربارەی{وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ}(**مائیدە**:14)**و ئەوانەی وەك ئەو وان ئەوانە جولەدارن و ناگۆڕدرێن ولەم بابەتەدا نین.**

ئاگاداركردنەوە:

لای ئەبو جەعفەر لەكاتی گۆڕینی ئەو هەمزەی كە تەنهایەو هەمزەی تری لەگەڵ نیە وەك(ٱلَّذِى ٱؤۡتُمِنَ) **ئەوەی بەم شێوە دەخوێندرێتەوە**(ٱلۡهُدَى ٱاتِنَاۗ)، **لەو كاتەدا ئەو پیتە یائەی لێرەدا دەردەكەوێت ئەوە پیتی یائی وشەی**(الذي) **نیە، چونكە ئەو لابردراوە لەباری نەوەستاندا بەهۆی گەیشتنە دوو زەنەدار، بەلكو ئەو پیتە یائە یائی گۆڕدراوە، وەهەروها لەكاتی گۆڕینی هەمزە وەك**(ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ)، **ئەوەی دەخوێندرێتەوە بە**(ٱلۡهُدَى ٱاتِنَاۗ)، **لێرەدا ئەو ئەلیفەی دەردەبڕدرێت ئەو ئەلیفە نیە كە لە وشەی**(الهدى) **دا هەیە، چونكە ئەو لابردراوە لەباری نەوەستاندا بە هۆی گەیشتنە دوو زەنەدار، بەلكو ئەوە ئەلیفی گۆڕدراوە، هاووێنەی ئەوەش ڕویداوە**(يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا) **كە دەخوێندرێتەوە بە**(يَٰصَٰلِحُ ٱوتِنَا).

وشه تایبهتهكانی
پێشهوا ئهبو جهعفهر دهربارهی ههمزهی تاكی زهنهدار

- ✓ **ئهبو جهعفهر وشهی**(وَرِءْيًا) **له ئایهتی**{هُمْ أَحْسَنُ أَثَٰثًا وَرِءْيًا}(**مهریهم**:74)، **به گۆڕینی ههمزه به پیتی(ی) دهخوێنێتهوه لهگهڵ تێكههڵكێشانی بهوهی لهدوای خۆی دهبێته پیتی(ی)ی به شهدهی فهتحهدار، هۆكارهكهشی بۆ ئهوه دهگهڕێتهوه پێش ههمزهكه جولهداره به كهسره لهوكاتهدا دوو پیتی(ی) بهیهكهوه كۆدهبنهوه له یهك وشه، ئهوهش دهبێته هاووێنه یهكهمیان زهنهو دووهمیان جولهدار زهنهكه له جولهدارهكه تێكههڵكێش دهكرێت بهپێی یاسای گشتی له زانستی تهجوید.**

- ✓ **وشهكانی**(رُءْيَاكَ ؛ ٱلرُّءْيَا ؛ رُءْيَىَ) **له ئایهتی**{قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ}(**یوسف**:5)، **وشهی**(ٱلرُّءْيَا) **هاتووه له ئایهتی**{إِن كُنتُمْ لِلرُّءْيَا تَعْبُرُونَ}(**یوسف**:43)، **وئایهتی**{وَمَا جَعَلْنَا ٱلرُّءْيَا ٱلَّتِىٓ أَرَيْنَٰكَ إِلَّا فِتْنَةً لِّلنَّاسِ}(**ئیسراء**:63)، **وئایهتی**{قَدْ صَدَّقْتَ ٱلرُّءْيَآ}(**صافات**:105)، **وئایهتی**{لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ}(**فهتح**:27)، **وشهی**(رُءْيَىَ) **هاتووه له ئایهتی**{أَفْتُونِى فِى رُءْيَىَ}(**یوسف**:43)، **وئایهتی**{هَٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَىَ مِن قَبْلُ}(**یوسف**:100)، **ئهبو جهعفهر ئهم سێ وشه دهخوێنێتهوه به گۆڕینی ههمزهی زهنهدار به پیتی(و)، دواتر ئهو پیته واوه دهگۆڕێت به پیتی(ی) ئینجا تێكههڵكێشی دهكات به پیتی(ی)ی دوای ئهو، ئهوهش كاركردنه بهو یاسایهی كه بۆی داندراوه كه دهڵێ: ئهگهر پیتی(و)و پیتی(ی) له یهك وشهداو پیتی(و) بكهوێته پێش پیتی(ی)و زهنهداریش بێت ئهوه پیتی(و) دهگۆڕدرێت به پیتی(ی)و تێكههڵكێش دهكرێت لهگهڵ پیتی(ی)ی دووهم.**

✓ **وشەكانی**(وَتُـٔۡوِيٓ ؛ تُـٔۡوِيهِ) **بەهەرشێوەیەك هاتبێت، وشەی**(وَتُـٔۡوِيٓ) **لە ئایەتی**{تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ}(**ئەحزاب**:51)، **ووشەی**(تُـٔۡوِيهِ) **لە ئایەتی**{وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِي تُـٔۡوِيهِ}(**مەعارج**:13)، **پێشەوا ئەبی جەعفەر هەمزەی زەنەدار دەگۆڕێت لە هەردو وشەدا بە پیتی(و)، چونكە پێش هەمزەكە جولەدارە بە ضـەممە لەوكاتەدا دوو پیتی(و) بەیەكەوە كۆدەبێتەوە هەر بۆیە تەنها ئاشكراكردنی بۆ هەیە.**

تێبینی1:

پێشەوا ئەبو جەعفەر هەمزەی زەنەدار ناگۆڕێت تەنها ئەگەر زەنەی بنچینەیی بێت ئەوجا دەیگۆڕێت، جیاوازیشی نیە لەناوەڕاست وشەبێت یان لەكۆتایی، بەڵام ئەگەر زەنەكە بنچینە نەبو واتا پەیداكراوبێت ئەوە نایگۆڕێت، هەروەك لەباری وەستاندا ئەم ڕویداوە لەم وشانە(وَتُبۡرِئُ، ٱلۡبَارِئُ، ٱمۡرِيٍ، حَمَإٍ، مُبَوَّأَ).

تێبینی2:

پێشەوا ئەبو جەعفەر هەمزەی زەنەدار دەگۆڕێت ئەگەر زەنەی بنچینەیی بێت، وبەجولەی دێخێت بەهۆی ڕزگاربون لە گەیشتنە دوو زەنە بەیەكتر، ئەمەش ڕویداوە لە(يَشَإِ ٱللَّهُ) (**شورا**: 24) **ئەوە تەنها لە باری وەستاندا دەیگۆڕێت بە ئەلیف بەڵام لە باری نەوەستاندا نایگۆڕێت.**

➢ دووهم: ههمزهی جولهدار(كه بكهوێته ناوهڕاست) له دوای زهنه

ولهدوای زهنهكهش پیتی صهحیح هاتبێت، ولهدوای ئهلیف و پیتی(ی) زهنه هاتبێت.

❖ له دوای زهنه پیتی صهحیح تهنها پیتی(ز) دێت

ئهوهش وهك وشهكانی(جُزۡءَا، جُزۡءٌ).

- حوكمی ههمزهی جولهدار(كه بكهوێته ناوهڕاست) له دوای زهنه

گواستنهوهی جولهی ههمزه بۆ زهنهی پێش خۆی–كهپیتی زائه– لهگهڵ شهدهداركردنی و لابردنی ههمزهكه بۆ ئاسانكردن، دواتر پیتی(ز) جولهی ههمزهكه وهردهگرێت، لهئهنجامدا دهبێته پیتێكی نونداری به فهتحه ئهگهر ههمزهكه فهتحهداربێت ودهبێته نونێكی ضـهممهدار ئهگهر ههمزهكه ضـهممهداربو، لهگهڵ خوێندنهوهی پیته زائهكه به ئیشمام و ضـهممهداركردنی.

ئهم وشه له سێ شوێندا هاتووه له ئایهتی{ثُمَّ ٱجۡعَلۡ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٖ مِّنۡهُنَّ جُزۡءٗا ثُمَّ ٱدۡعُهُنَّ يَأۡتِينَكَ سَعۡيٗاۚ}(بهقهره:260)و ئایهتی{لِّكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ}(حیجر:44)و ئایهتی{وَجَعَلُواْ لَهُۥ مِنۡ عِبَادِهِۦ جُزۡءًاۚ}(زوخڕوف:15).

تێبینی:

وشهی(رِدۡءٗا) له ئایهتی{مَعِيَ رِدۡءٗا يُصَدِّقُنِيٓۖ}(قهصهص:34)و وشهی(ٱلۡأُولَىٰ) له ئایهتی{أَهۡلَكَ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ}(نهجم:50)و وشهی(ءَآلۡـَٰٔنَ) ئایهتی(51)و(91) له سورهتی یونس، كه ههمزهی پرسیاریان تێدایه، وجگه لهم سێ وشانه ههر وشهیهكی تری هاوێنهی ئهمانه بێت بهڵام ههمزهی پرسیاریان تێدانهبێت، ئهوه حوكمهكهیان بریتی دهبێت لهوهی كه ههمزهكان گواستنهوهیان بۆ بكرێت له ههمزهوه بۆ زهنه، دواتریش به درێژی باسی دهكهین له بابهتی گواستنهوهی ههمزه بۆ زهنهی پێش خۆی.

❖ هه‌مزه له دوای ئه‌لیف:

ئه‌وه‌ش ته‌نها له چوار وشه‌دا هه‌یه(إِسۡرَٰٓءِيلَ، وَكَأَيِّن[1]، ٱلَّٰٓـِٔي[2]، هَٰٓأَنتُمۡ[3]).

- **حوكمی هه‌مزه له دوای ئه‌لیف:**

پێشه‌وا ئه‌بو ئه‌جه‌عفه‌ر هه‌مزه‌ی دوای ئه‌لیف به ئاسان ده‌خوێنێته‌وه، وبۆ درێژكردنه‌وه‌ی پێشو بۆ هه‌مزه‌ی ئاسانكراو دوو خوێندنه‌وه هه‌یه:

یه‌كه‌میان: درێژكردنه‌وه به ئه‌ندازه‌ی دوو یان چوار جوله وچوار جوله پێش ده‌كه‌وێت، ئه‌وه‌ش له سێ وشه‌ی یه‌كه‌م، ده‌رباره‌ی وشه‌ی چوارم كه بریتیه له(هَٰٓأَنتُمۡ) **هیچی بۆ نیه ته‌نها ئاسان خوێندنه‌وه‌ودرێژكردنه‌وه‌ی دوو جوله نه‌بێت، چونكه درێژكردنه‌وه‌ی تێدا ده‌چێته باری درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو، ومه‌زهه‌بی ئه‌بو جه‌عفه‌ریش له درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاودا درێژكردنه‌وه‌یه به ئه‌ندازه‌ی ته‌نها دوو جوله هه‌روه‌ك باسمان كرد له بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌دا.**

---

[1] ئه‌م وشه به ئه‌لیف ده‌خوێنێته‌وه له دوای پیتی(ك) له‌بری هه‌مزه، دواتر هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌بری پیتی(ی) ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت هه‌مزه به ئاسان ده‌خوێنێته‌وه، هه‌ربۆیه درێژكردنه‌وه له ئه‌لیفه‌كه دروست ده‌بێت به ئه‌ندازه‌ی دوو جوله‌و چوار جوله به‌م شێوه‌یه(وَكَآئِن) ئه‌م وشه هاتووه له(ئالی عیمران:146)(یوسف:105)(حه‌ج:45+48) (عه‌نكه‌بوت:60)(موحه‌ممه‌د:13)(طه‌لاق:8).

[2] ئه‌م وشه ده‌خوێنێته‌وه به لابردنی ئه‌و پیته یائه‌ی ده‌كه‌وێته دوای هه‌مزه به‌م شێوه‌یه(ٱلَّٰٓءِ) دوای ئه‌وه بۆی هه‌یه له‌و هه‌مزه‌دا: له‌باری نه‌وه‌ستاندا درێژكردنه‌وه‌ی دوو جوله چوار جوله، به‌ڵام له باری وه‌ستاندا دوو خوێندنه‌وه هه‌یه: یه‌كه‌م: ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه له نێوان به ڕه‌وم(ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت) وئه‌م هه‌مزه‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی به هه‌مان شێوه دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه: درێژكردنه‌وه‌ی چوار جوله ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت، یان دوو جووله، دووه‌م: گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی)ی زه‌نه‌دار و درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جوله له‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی به‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌نه‌دار به‌یه‌كه‌وه، ئه‌م وشه هاتووه له(ئه‌حزاب:4) (مجادله:2)(طه‌لاق:4) له دوو شوێندا.

[3] له‌هه‌رشوێنێك هات له قورئانی پیرۆز، ئه‌مه‌ش له دوو شوێن هاتووه له سوره‌تی ئالی عیمران ئه‌وانیش ئایه‌تی(66و119) وشوێنێك له سوره‌تی نیساء ئایه‌تی(109) وشوێنێك له سوره‌تی موحه‌ممه‌د ئایه‌تی(38).

❖ هەمزە لەدوای پیتی(ى)ی زەنەدار

ئەوەش تەنها لە وشەی(كَهَيْـَٔةِ[1]، ٱلنَّسِيٓءُ[2]).

- **حوکمی هەمزە لەدوای پیتی(ى)ی زەنەدار**

گۆڕینی هەمزە لە ڕەگەزی پێش خۆی –واتا پیتی(ى)– دواتر تێکهەڵکێشانی پێش خۆی بۆ دەکرێت.



(1)(تەوبە:37).
(2)(ئالی عیمران:49)(مائیدە:110).

➢ **سێیه‌م: هه‌مزه‌ی جوله‌دار له‌دوای جوله‌دارێك**

له‌كاتی بونی هه‌مزه‌ی جوله‌دار له ناوه‌ڕاستی وشه، سیٚ باری بۆ دروست ده‌بێت(فه‌تحه یان كه‌سره یان ضـه‌ممه)، وه‌هه‌روها ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی به‌هه‌مان شێوه‌ی خۆی ئه‌ویش سیٚ باری هه‌یه، هه‌مو باره‌كانیش ده‌بێته نۆ خوێندنه‌وه، به‌لاْم ئه‌بو جه‌عفه‌ر ته‌نها شه‌ش خوێندنه‌وه به‌كاردێنێت و سیٚ خۆێندنه‌وه‌كه‌ی تر به‌كارناهێنێت، ئه‌م سیٚ خۆێندنه‌وه‌ی كه پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر به‌كاریان ناهێنێت بریتین له:

- **یه‌كه‌م:** هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار بكه‌وێته دوای فه‌تحه.
- **دووه‌م:** هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار بكه‌وێته دوای ضـه‌ممه.
- **سێیه‌م:** هه‌مزه‌ی ضـه‌ممه‌دار بكه‌وێته دوای ضـه‌ممه.

ده‌رباره‌ی ئه‌و شه‌ش خوێندنه‌وه‌ی كه ماوه‌و پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر به‌كاریان دێنێت دابه‌ش ده‌بێت به‌سه‌ر دوو گروپ:

- **گروپی یه‌كه‌م: دوو خوێندنه‌وه‌كه به‌م شێوه‌یه:** هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار بكه‌وێته پێش كه‌سره‌دارێك یان بكه‌وێته پێش ضـه‌ممه‌دارێك.
- **گروپی دووه‌م:** ئه‌و چوار خوێندنه‌وه‌ی ده‌مینێته‌وه.

❖ گروپی یەکەم: دوو خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت[1].

حوکمی ئەم کۆمەڵە گۆڕینی هەمزەیە بە پیتی درێژکراو لە ڕەگەزی جولەی پێش خۆی[2].

1- هەمزەی فەتحەدار لەدوای پیتی ضەممەدار:

بەمەرجێك هەمزە ببێتە فائی فیعلی وشە، وەك(مُؤَذِّنٌ، يُؤَلِّفُ، وَٱلْمُؤَلَّفَةِ، فَلْيُؤَدِّ، يُؤَخِّرَ، يُؤَاخِذُ، مُّؤَجَّلًا، يُؤَدِّهِۦٓ).

- **حوکمی هەمزەی فەتحەدار لەدوای پیتی ضەممەدار لەباری وەستاندا:**

گۆڕینی هەمزەکەیە بە پیتی(و) ئەوەش دەبێت فەتحەدار بێت، وەك(مُوَذِّنٌ، يُوَلِّفُ، وَٱلْمُوَلَّفَةِ، فَلْيُوَدِّ، يُوَخِّرَ، يُوَاخِذُ، مُّوَجَّلًا، يُوَدِّهِۦٓ).

ئەگەر هەمزە نەبێتە فائی فیعلی وشە وەك(بِسُؤَالِ، فُؤَادُ) ئەوە ئەبو جەعفەر نایگۆڕێت.

---

[1] ئەم گروپە هاوشێوی خوێندنەوەکانی پێشەوا نافعە یان وەك خوێندنەوەی ئیبن کەثیر یان بەچڕی یان ئەبی جەعفرە لە بابەتی(دوو هەمزە لە دوو وشەی جیاواز لە جوولەدا) ئەوەش ئەگەر هەمزەی دووەم فەتحەداربو ئەو کات هەمزەی دووەم دەگۆڕدرێت بە پیتی ڕەگەزی جوولەی یەکەم.

[2] ئیبنولباذش باسی کردوە لە پەرتوکەکەی خۆی بەناوی(الاقناع في القراءات السبع)، لا(267)، کە واتاکەی بەم شێوەیە(ئاسانکردنی نیە لەم کۆمەڵە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاسان بکرێت وببێتە لەنێوان بون ئەوە دەبێتە نزیك لە ئەلیف وئاشکرایە کە ئەلیف و نزیکەکانی لە ئەلیف لە پێشیاندا نایەت تەنها فەتحە نەبێت، سەیری وشەی (يؤيد، خاطئة) بکە ئەگەر ئاسانی بکەین، ئەوکات هەمزە لەوتندا دەبێتە نێوان هەمزەبون و ئەلیف، بەو واتایە کە نزیك دەکەوێتەوە لە ئەلیف، لێرەشدا جوولەی ضەممەی لە پێشدا هاتووە لە وشەی(يؤيد) وکەسرەداردەکرێت لە وشەی(خاطئة) ئایە دروستە پێش ئەلیف فەتحە نەبێت؟ بە دڵنیایەوە نەخێر.

ئاگادارکردنەوە:

لە وشەی(يُؤَيِّدُ) **لە ئایەتی**{وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصۡرِهِۦ مَن يَشَآءُۚ}**(ئالی عیمران:**13) **هەردوو ڕاوی ئەبی جەعفەر بۆچونی جیاوازیان هەیە لەسەری، ئیبن وەردان هەمزە دەخوێنێتەوەو ئیبن جەماز هەمزە دەگۆڕێت بە پیتی**(و).

2- هەمزەی فەتحەدار لە دوای پیتی کەسرەدار:

ئەمەشیان لە پازدە شوێندا هاتووە، وەش وەك وشەکانی(خَاطِئَةٍ، نَاشِئَةَ، فِئَةٍ، فِئَتَيۡنِ، مِاْئَةَ، مِاْئَتَيۡنِ، خَاسِئًا، مُلِئَتۡ، رِئَآءَ، لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ، شَانِئَكَ، لَّيُبَطِّئَنَّ، ٱسۡتُهۡزِئَ، قُرِئَ)[1].

- **حوکمی هەمزەی فەتحەدار لە دوای پیتی کەسرەدار:**

گۆڕینی هەمزەکەیە بە پیتی یاء ئەوەش دەبێت فەتحەدار بێت بەم شێوەیە(خَاطِيَةٍ، نَاشِيَةَ، فِيَةٍ، فِيَتَيۡنِ، مِاْيَةَ، مِاْيَتَيۡنِ، خَاسِيًا، مُلِيَتۡ، رِيَآءَ، لَنُبَوِّيَنَّهُمۡ، شَانِيَكَ، لَّيُبَطِّيَنَّ، ٱسۡتُهۡزِيَ، قُرِيَ).

دەربارەی وشەکانی(وَنُنشِئَكُمۡ، ٱلسَّيِّئَةِ، سَيِّـَٔاتِكُمۡۗ، لِئَلَّا، لَتُنَبِّئَنَّهُم) **ئەوە ئەبو جەعفەر کاری بەسەر هەمزەکانیانەوە نیە.**

(1) **وشەی پازدەهەم بریتیە لە**(مَوۡطِئًا)، **دواتر ئاگاداری لەسەر باس دەکەین ان شاء الله.**

ئاگاداركردنەوە:

بۆچونی جیاواز دروست بووە لای ئەبو جەعفەر لەسەر وشەی(مَوۡطِئٗا) **لە ئایەتی**{وَلَا يَطَـُٔونَ مَوۡطِئٗا يَغِيظُ ٱلۡكُفَّارَ}**(تەوبە:120)، خوێندنەوەی هەیە وەك حەفص و خوێندنەوەی تری هەیە بە گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی فەتحەدار بەم شێوەیە**{وَلَا يَطَونَ مَوۡطِيَا}.



❖ گروپی دووهم: چوار خوێندنهوه له خۆ دهگرێت:

حوكمی ئهم كروپه لابردنی ههمزهیه لهگهڵ باسكردنی ههندێ شتی تر بهم شێوهی خوارهوه:

1- ههمزهی فه تحهدار لهدوای فه تحه:

ئهوهش تهنها له وشهی(مُتَّكَـًٔا) **هاتووه.**

- **حوكمی ههمزهی فه تحهدار لهدوای فه تحه:**

لابردنی ههمزهیه لهگهڵ مانهوهی جولهی فهتحه لهسهر ئهو پیتهی دهكهوێته پێش ههمزهكه، بهم شێوهیه(مُتَّكَا) **دهربرینهكهی دهبێته پیتی**(ك)**ی نوندار به فهتحه لهدوای پیتی**(ت) **لهگهڵ درێژكردنهوهی قهرهبو لهباری وهستاندا.**

دهربارهی وشهكانی(مَـَٔابِ، مَـَٔارِبُ، شَنَـَٔانُ، تَأَذَّنَ، وَٱطۡمَأَنُّواْ، ٱشۡمَأَزَّتۡ، ٱلۡمُنشَـَٔاتُ)**، ئهوه ئهبو جهعفهر كاری بهسهر ههمزهكانیانهوه نیه.**

ئاگاداركردنهوه:

لهم بهشهدا سێ وشه ههیه مهزههبی پێشهوا ئهبو جهعفهر بهم شێوهی خوارهوهیه:

أ- **ئهبو جهعفهر ههمزه دهگۆڕێت به ئهلیف له ئایهتی**{مِنسَأَتَهُۥۖ}(**سهبهء**:14) **بهم شێوهیه**(مِنسَاتَهُۥۖ).

ب- **ئهبو جهعفهر ههمزه دهگۆڕێت به ئهلیف له ئایهتی**{سَأَلَ}(**مهعارج** :1) **بهم شێوهیه**(سَالَ).

تێبینی:

فیعلی(سَأَلَ) **له سوره‌تی مه‌عارج ته‌نها هه‌مزه‌كه‌ی گۆڕدراوه، به‌ڵام وشه‌ی**(سُئِلَ) **گۆڕینی تێدا دروست نه‌بووه.**

ت- ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی(رَأَيْتَ) **له هه‌رشوێنێكی قورئانی پیرۆز هاتبێت ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پرسیاری تێدابێت به ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌خوێنێته‌وه، وه‌ك**(أَرَءَيْتَكُمْ، أَرَءَيْتُمْ، أَرَءَيْتَكَ، أَرَءَيْتَ، أَفَرَءَيْتَ، أَفَرَءَيْتُم) **به‌م شێوه‌یه**(أَرَهْ يْتَكُمُو، أَرَهْيْتُمُو، أَرَهْيْتَكَ، أَرَهْيْتَ، أَفَرَهْيْتَ، أَفَرَهْيْتُمُو).

2- هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌دوای كه‌سره:

ئه‌وه‌ش وه‌ك(ٱلْخَاطِـِٔينَ، خَٰطِـِٔينَ، لَخَٰطِـِٔينَ، مُّتَّكِـِٔينَ، وَٱلصَّٰبِـِٔينَ، ٱلْمُسْتَهْزِءِينَ، لِإِيلَٰفِ).

- **حوكمی هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌دوای كه‌سره:**

لابردنی هه‌مزه‌و مانه‌وه‌ی جوله‌ی كه‌سره له‌سه‌ر ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی، به‌م شێوه‌یه(ٱلْخَاطِينَ، خَٰطِينَ، لَخَٰطِينَ، مُّتَّكِينَ، وَٱلصَّٰبِينَ، ٱلْمُسْتَهْزِينَ، لِيلَٰفِ).

ده‌رباره‌ی وشه‌كانی(خَٰسِـِٔينَ، بَارِئِكُمْ) **ئه‌وه ئه‌بو جه‌عفه‌ر كاری به‌سه‌ر هه‌مزه‌كانیانه‌وه نیه.**

3- هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌دار له‌دوای فه‌تحه:

ئه‌وه‌ش ته‌نها له‌م سێ وشه‌دا هه‌یه(يَطَـُٔونَ[1]، تَطَـُٔوهَا[2]، تَطَـُٔوهُمْ[3]).

- **حوكمی هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌دار له‌دوای فه‌تحه:**

لابردنی هه‌مزه و مانه‌وه‌ی جوله‌ی فه‌تحه له‌سه‌ر ئه‌و پیتیه ده‌كه‌وێته پێش خۆی كه پیتی گائه، به‌م شێوه‌یه(يَطَوْنَ، تَطَوْهَا، تَطَوْهُمْ). **ده‌رباره‌ی وشه‌كانی**(يَـُٔودُهُۥ، يَقۡرَءُونَ، مُبَرَّءُونَ، وَيَدۡرَءُونَ، ٱخۡسَـُٔواْ، يَكۡلَؤُكُم، يَذۡرَؤُكُمۡ) **ئه‌وه ئه‌بو جه‌عفه‌ر كاری به‌سه‌ر هه‌مزه‌كانیانه‌وه نیه.**

4- هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌دار له‌دوای كه‌سره، به‌مه‌رجێك له‌دوای هه‌مزه پیتی(و) بێت:

ئه‌وه‌ش وه‌ك(مُسۡتَهۡزِءُونَ، مُتَّكِـُٔونَ، أَنۢبِـُٔونِي، فَمَالِـُٔونَ، لِّيُوَاطِـُٔواْ، لِيُطۡفِـُٔواْ، وَيَسۡتَنۢبِـُٔونَكَ، ٱلۡخَـٰطِـُٔونَ، وَٱلصَّـٰبِـُٔونَ، أَتُنَبِّـُٔونَ، ٱسۡتَهۡزِءُوٓاْ، يُضَـٰهِـُٔونَ).

- **حوكمی هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌دار له‌دوای كه‌سره:**

لابردنی هه‌مزه‌و ضه‌مه‌داركردنی پێشه‌كه‌ی دوای لابردنی، به‌م شێوه‌یه(مُسۡتَهۡزُونَ، مُتَّكُونَ، أَنۢبُونِي، فَمَالُونَ، لِّيُوَاطُواْ، لِيُطۡفُواْ، وَيَسۡتَنۢبُونَكَ، ٱلۡخَـٰطُونَ، وَٱلصَّـٰبُونَ، أَتُنَـبُّونَ، ٱسۡتَهۡزُواْ، يُضَـٰهُـونَ[4]).

---

[1](ته‌وبه:120).

[2](ئه‌حزاب:27).

[3](فه‌تح:25).

[4]**رای جمهوی قاریئه‌كان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه كه وشه‌ی**(يضاهون)، **به‌بی هه‌مزه بخوێندرێته‌وه، واته: پیتی(ه) ته‌نها ضه‌مه‌ی له‌سه‌ر بێت، بنچینه‌ی ئه‌م وشه**(ضاهی)**یه، به‌لاَم پیتی ئه‌لیف**

ده‌رباره‌ی وشه‌كانی(سَنُقۡرِئُكَ، أَؤُنَبِّئُكُم، تُنَبِّئُهُم) **ئه‌وه ئه‌بو جه‌عفه‌ر كاری به‌سه‌ر هه‌مزه‌كانیانه‌وه نیه.**

ئاگاداركردنه‌وه:

له وشه‌ی(ٱلۡمُنشِئُونَ) **له ئایه‌تی**{أَمۡ نَحۡنُ ٱلۡمُنشِئُونَ}(**واقیعه**:72) **هه‌ردوو ڕاویه‌كانی ئه‌بو جه‌عفه‌ر بوچونی جیاوازیان هه‌یه، ئه‌بو جه‌عفه‌ر به لابردنی هه‌مزه‌و ضه‌ممه‌داركردنی پیتی**(ش) **ده‌خوێنێته‌وه به‌ڵام ئیبن وه‌ردان خوێندنه‌وه‌یه‌كی تری هه‌یه وه‌ك حه‌فصئه‌ویش بریتیه له خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه.**

گواستراوته‌وه بۆ پیتی(ی)**و دواتر لابردراوه له پێناو پیتی**(و) **واپێده‌چێت كه ئه‌وه‌ش خوێندنه‌وه‌یه‌ك بێت له وشه‌ی**(ضاهی) **ئه‌م وشه‌یه وه‌رنه‌گیراوه له‌وته‌ی عه‌ڕه‌بیدا كه ده‌ڵێن**:(امرأة ضهیاء) **چونكه پیتی**(ی) **بنچینه‌ی خۆیه‌تی و پیتی هه‌مزه‌كه‌ش زیاده‌یه، وناكرێت پیتی** (ی) **زیاده‌بێت، چونكه له ڕسته‌كه‌دا وشه‌ی**(**فعیل**)**ی فه‌تحه‌داری فائی تێدا نیه**.(**عبدالله عه‌كبه‌ری** –إملاء ما مَنَّ به الرحمن من وجوه الإعراب والقراءات-.(**به‌یروت، چاپخانه‌ی زانستی**، ب2، 1389ك)لا14.

وشه تایبه‌ته‌كانی
لای ئه‌بو جه‌عفه‌ر له‌سه‌ر هه‌مزه‌ی تاك

مه‌زهه‌بی ئه‌بو جه‌عفه‌ر له‌م بابه‌ته‌دا به‌م شێوه‌یه:

1- ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی{زَكَرِيَّا} **له‌ هه‌رشوێنێك بێت له‌ قورئانی پیرۆز، به‌ هه‌مزه‌ی دوای ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی لكاو ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌گه‌ڵ به‌ جوله‌ خستنی به‌پێی شوێنی ئیعرابه‌كه‌ی به‌م شێوه‌یه**(زَكَرِيَّآء).

2- ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(و) هه‌مزه‌دارده‌كات له‌ وشه‌ی{هُزُوًا} **له‌ هه‌رشوێنێك بێت له‌ قورئانی پیرۆز، به‌م شێوه‌یه**(هُزُؤًا).

3- ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(و) هه‌مزه‌دارده‌كات له‌ وشه‌ی{كُفُوًا}**(ئیخلاص:4)، به‌م شێوه‌یه**(كُفُؤًا).

4- ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئایه‌تی{وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتۡ}**(مورسه‌لات:11) به‌ گۆڕینی هه‌مزه‌ به‌ پیتی(و) له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆی ده‌خوێنێته‌وه‌ چونكه‌ له‌ وشه‌ی(وقت) ته‌وه‌ هاتووه‌، به‌م شێوه‌یه**{ٱلرُّسُلُ وُقِّتَتۡ}**، ئه‌وه‌ش له‌باری نه‌وه‌ستان و ده‌ستپێكردندا.**

5- ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی{أَصۡطَفَى} **له‌ ئایه‌تی**{أَصۡطَفَى ٱلۡبَنَاتِ}**(صافات:153) به‌ هه‌مزه‌ی لكاو له‌بری نه‌لكاو ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌باری نه‌وه‌ستاندا لاده‌چێت به‌وه‌ی پێشه‌خۆی، وله‌كاتی ده‌ست پێكردن به‌و كه‌سره‌دارده‌بێت، به‌م شێوه‌یه**(ٱصۡطَفَى).

6- ئەبو جەعفەر وشەی{وَمِيكَىٰلَ}(بەقەڕە:98) بە زیادكردنی هەمزەی كەسرەدار لە دوای ئەلیف دەخوێنێتەوە لەگەڵ درێژكردنەوەی لكاو، بەم شێوەیە(وَمِيكَـٰٓئِلَ).

7- ئەبو جەعفەر هەمزە لادەبات لە ئایەتی{بَـِٔيسِۭ}(ئەعراف:165) وبەكەسرەداركردنی پیتی(ب) دواتر پیتی(ی)ی زەنەداری درێژكراو دێت، لەگەڵ لابردنی هەمزە، بەم شێوەیە(وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابِۭ بِـيسِۭ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ).

8- ئەبو جەعفەر هەمزەی فەتحەدار زیاد دەكات لە پێش پیتی(ت) لە {وَرَبَتْ} سورەتی حەج ئایەتی پێنج و سورەتی فوصیلەت ئایەتی سی ونۆ، بەم شێوەیە(وَرَبَأَتْ).

ئەم خشتەی خوارەوە خوێندنەوەكانی ئەبو جەعفەر دەردەخات لە هەمزەی ناوەڕاستی وشە(جولەدار لە دوای جولە)[(1)].

[(1)]گومان لەوە دانیە كە لێرەدا قسەكردن لەسەر وشە تایبەتەكانە نەك گشت وشەكان هەر وەك لە ڕابردو ڕونكرایەوە.

هەمزەی جولەدار لە دوای جولە

گۆڕین	لابردن	ئەبو جەعفەر دەستكاری هەمزە ناكات
فەتحەداركردن لە دوای ضەممە	فەتحەداركردن لە دوای فەتحە	كەسرەداركردن لەدوای فەتحە
فەتحەداركردن لە دوای كەسرە	كەسرەداركردن لەدوای كەسرە	كەسرەداركردن لەدوای ضەممە
	ضەممە داركردن لە دوای فەتحە	ضەممە داركردن لە دوای ضەممە
	ضەممە داركردن لە دوای كەسرە	

بابه‌تی
دوو هه‌مزه له‌یه‌ك وشه‌دا

ئه‌گه‌ر دوو هه‌مزه له‌یه‌ك وشه‌دا كۆببێته‌وه، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌بێته هه‌مزه‌ی پرسیاری وپێویسته به‌رده‌وام فه‌تحه‌داربێت، ئه‌م جۆره هه‌مزه ده‌خوێندرێته‌وه لای گشت قوڕائه‌كان و هه‌مزه‌ی دووه‌م یان ضـه‌ممه‌دار ده‌بێت یان فه‌تحه‌دار یان كه‌سره‌دار.

مه‌زهه‌بی پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر له‌سه‌ر دوو هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا بریتیه له ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م به ئه‌لیف خستنه نێوان هه‌ردوو هه‌مزه، ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م فه‌تحه‌داربو واته هه‌ردوو هه‌مزه فه‌تحه‌یان له‌سه‌ر بوو وه‌ك(ءَأَنذَرۡتَهُمۡ، ءَأَلِدُ) ئه‌وه هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌كرێت به خوێندنه‌وه له نێوان هه‌مزه‌و ئه‌لیف، به‌م شێوه‌یه(ءَاۨنذَرۡتَهُمُ، ءَاۨلِدُ) ئه‌وه‌ش وه‌ك{قُلۡ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۖ}(ئالی عیمران:15)، وئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م ضـه‌ممه‌داربو وه‌ك{أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَاۚ}(ئالی عیمران:15)و ئایه‌تی{أَءُلۡقِيَ ٱلذِّكۡرُ عَلَيۡهِ مِنۢ بَيۡنِنَا}(ص:8)و سوره‌تی(قه‌مه‌ر:25) به‌لاَم چواره‌می نیه[1] له قورئانی پیرۆزدا، ئه‌وه هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌كرێت له نێوان هه‌مزه‌و پیتی(و)، به‌م شێوه‌یه(أَاۨ ؤنَبِّئُكُمُ، أَاۨ ءنزِلَ، أَاۨ ءلۡقِيَ)، ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م كه‌سره‌دار بوو وه‌ك(أَئِنَّا، أَئِنَّكُمۡ، أَئِنَّ، أَئِفۡكًا)، ئه‌وه هه‌مزه‌كه ئاسان ده‌كرێت له نێوان هه‌مزه‌و پیتی(ی) به‌م شێوه‌یه(أَاۨ ىنَّا، أَاۨ ىنَّكُمُ، أَاۨ ىنَّ، أَاۨ ىفۡكًا)، هه‌موو ئه‌و وشانه‌ی باسكران له ڕابردوو ئاسان خوێندنه‌وه‌یان بۆ ده‌كرێت له‌گه‌ڵ خستنه ئه‌لیفێك له نێوان هه‌ردوو هه‌مزه‌كه.

---

[1] لێره‌دا شوێنی چواره‌م هه‌یه لای ئه‌بو جه‌عفه‌ر، ئه‌ویش ئایه‌تی{أَشَهِدُواْ خَلۡقَهُمۡۚ}(زوخڕوف:19)، دواتر قسه‌یا له‌سه‌ر ده‌كه‌ین له ئاگاداركردنه‌وه‌كانی تر.

ئاگاداركردنه‌وه‌كان:

➢ له وشه‌ی{أَيِمَّةَ}[1]. ته‌نها به‌ئاسان خوێندنه‌وه ده‌خوێنێته‌وه بێ ئه‌لیف خستنه نێوان هه‌ردوو هه‌مزه‌كه به‌م شێوه‌یه ﴿أَئمَّةَ﴾.

➢ ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئایه‌تی﴿أَشَهِدُواْ خَلْقَهُمْۚ﴾،(زوخروف:19)، به زیادكردنی هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌دار ده‌خوێنێته‌وه له دوای هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م، دواتر دوو شێوه خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه:

✓ **یه‌كه‌م:** ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م به‌بێ دانانی ئه‌لیف له نێوان دوو هه‌مزه‌كه.

✓ **دووه‌م:** ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌گه‌ڵ خستنه نێوان هه‌مزه‌كان به ئه‌لیف، به‌م شێوه‌یه به‌م شێوه‌یه(أَاْ شْهِدُواْ)[2].

---

[1] ده‌رباره‌ی شێوه‌ی گۆڕین نه‌هاتووه، صه‌فاقصی له په‌رتووكه‌كه‌ی به‌ناوی(غيث النفع) له‌وڵام دانه‌وه‌ی زه‌مه‌خشه‌ریدا له په‌رتووكی (كه‌شاف) ده‌فه‌رموێت: به‌ڵام گۆڕینی به پیتی(ی) نابێ و ناخوێندرێته‌وه وهه‌ركه‌سێكیش دانپێدابنێت ئه‌وه كه‌سێكی له‌رێی ده‌رچووی سه‌رلێشێواوه، جه‌زه‌ری له‌وڵامدانه‌وه‌دا ده‌فه‌رموێت: به‌ڕاستی زێده‌ڕۆییه ڕاستیه‌كه‌ش ئه‌وه‌یه جێگیركردنی هه‌رسێ شێوه خوێندنه‌وه‌یه مه‌به‌ستیش ئه‌وه‌یه: ته‌حقیق خوێندنه‌وه له نێوان و خوێندنه‌وه‌ی به پیتی یائی ته‌واو، هه‌رئه‌وه‌ش هاتووه له عه‌ره‌به‌كانه‌وه ئه‌وه‌ش به‌ڕاست داندراوه له گێڕانه‌وه‌كاندا هه‌روه‌ك باسمان كرد له ڕابردودا، بۆ هه‌ر شێوه خوێندنه‌وه‌یه‌ك له عه‌ره‌بیدا دارشتنێكی وه‌رگێراوی هه‌یه خودا له هه‌مو كه‌س زاناتره، بروانه: (موحه‌ممه‌دی كوری موحه‌ممه‌د، ئیبن جه‌زه‌ری، په‌رتووكی: (النشر في القرائات العشر)، له لێكۆڵینه‌وه‌ی: عه‌لی موحه‌ممه‌د ضه‌باع، میصر قاهیره، چاپخانه‌ی تیجاریه‌ی گه‌وره، ب1، 1427ك، لا380.

[2] زه‌نه‌داركردنی پیتی(ش) ده‌رده‌كه‌وێت.

- **ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌خوێنێته‌وه له**{وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ}(**زوخروف**:58)، **وهه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌كات و هه‌مزه‌ی سێیه‌میش ده‌گۆڕێت به ئه‌لیف**(ءَأٰ لِهَتُنَا).

- **ئه‌بو جه‌عفه‌ر له ئایه‌تی**{قَالَ فِرۡعَوۡنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ}(**ئه‌عراف**:123)، **هه‌مزه‌ی پرسیاری زیاد ده‌كات له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆی، چونكه بنچینه‌ی ئه‌م وشه به‌م شێوه‌یه**(أأأمنتم) **واتا بوونی سیٚ هه‌مزه له‌یه‌ك كات و به‌دوای یه‌كدا، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و دووه‌م فه‌تحه‌داره هه‌مزه‌ی سێیه‌م زه‌نه‌دارو گۆڕدراوه به ئه‌لیف، ئه‌ویش**(فاء **الفعل**)**ی وشه‌كه‌یه**.
مه‌زهه‌بی ئه‌بو جه‌عفه‌ر بریتیه له‌وه‌ی كه هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م بخوێندرێته‌وه‌و هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان بكرێت و هه‌مزه‌ی سێیه‌م بگۆردرێت به ئه‌لیف، له هه‌ردوو شێوه‌دا له‌باری نه‌وه‌ستانداو ده‌ستپێكردندا به‌م شێوه‌یه(ءَ• امَنتُم).

- **ئه‌بو جه‌عفه‌ر له ئایه‌تی**{قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ}(**شوعه‌را**: 49)، **هه‌مزه‌ی پرسیاری زیاد ده‌كات، ئه‌وه‌ش له‌سه‌ر بنچینه‌ی وشه‌كه‌ی خۆیه‌تی، چونكه بنچینه‌ی وشه‌كه به‌م شێوه‌یه**(أأأمنتم) **واتا سیٚ هه‌مزه بوونی هه‌یه، یه‌كه‌م و دووه‌م جوله‌دارن وهه‌مزه‌ی سێیه‌م زه‌نه‌داره‌و گۆردراوه به ئه‌لیف، ئه‌وه‌ش له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا به‌م شێوه‌یه**(ءَ•امَنتُم).

- **ئه‌بو جه‌عفه‌ر له ئایه‌تی**{قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ}(طه:71)، **هه‌مزه‌ی پرسیاری زیاد ده‌كات، ئه‌وه‌ش له‌سه‌ر بنچینه‌ی وشه‌كه‌یه، چونكه بنچینه‌ی ئه‌م وشه به‌م شێوه‌یه**(أأأمنتم) **واتا بوونی سیٚ هه‌مزه، یه‌كه‌م و دووه‌م جوله‌دارن وهه‌مزه‌ی سێیه‌م زه‌نه‌داره‌و گۆڕدراوه به ئه‌لیف كه ئه‌ویش**(فائی) **وشه‌كه‌یه، مه‌زهه‌بی ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌خوێنێته‌وه‌و خوێندنه‌وه‌یه‌كی ئاسان ده‌كات بۆ هه‌مزه‌ی دووه‌م و هه‌مزه‌ی سێیه‌م ده‌گۆڕێت به ئه‌لیف، ئه‌وه‌ش له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا به‌م شێوه‌یه**(ءَ•امَنتُم).

- **ئه‌بو جه‌عفه‌ر له‌ ئایه‌تی**{وَيَوۡمَ يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذۡهَبۡتُمۡ طَيِّبَٰتِكُمۡ فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنۡيَا}(**ئه‌حقاف**:20)، **وئایه‌تی**{أَن كَانَ ذَا مَالٖ وَبَنِينَ}(**قه‌له‌م**:14)، **ئه‌بو ئه‌م دوو وشه‌ به‌ زیاد كردنی هه‌مزه‌ی پرسیاری و ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌گه‌ڵ دانانی ئه‌لیف ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌پێی یاسای گشتی له‌م باره‌یه‌وه‌ به‌م شێوه‌یه**(ءَاأَذۡهَبۡتُمۡ، ءَاأَن).

- **لای ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئیدخال قه‌ده‌غه‌یه‌ له‌وشه‌ی**(ٱلسِّحۡرُۖ) **له‌ ئایه‌تی**{مَا جِئۡتُم بِهِ ءَآلسِّحۡرُۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبۡطِلُهُۥٓ}(**یونس**:81) **چونكه‌ ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌مزه‌ی پرسیاری ده‌خاته‌ سه‌ر ئه‌م وشه‌ به‌م شێوه‌یه**(ءَآلسِّحۡرُۖ) **به‌مه‌ش هه‌مزه‌ی پرسیاری ده‌كه‌وێته‌ پێش هه‌مزه‌ی لكاو، لێره‌دا دوو شێوه‌ خوێندنه‌وه‌ی بۆ دروست ده‌بێت:**

یه‌كه‌میان: گۆڕین ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت، یان ئاسان خوێندنه‌وه‌ بێ ئیدخال، له‌م كاته‌دا ده‌كه‌وێته‌ ژێر باری بڕیاردان له‌سه‌ری به‌ هه‌مزه‌ی لكاو وه‌ك ئه‌م سێ وشه‌یه(ءَآلذَّكَرَيۡنِ، ءَآلۡـَٰٔنَ، ءَآللَّهُ).

- **ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی**(أَءِنَّكَ) **له‌ ئایه‌تی**{قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُۖ}(**یوسف**:90)، **به‌ یه‌ك هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار ده‌خوێنێته‌وه‌، له‌سه‌ر ئیخبار(واته: لابردنی هه‌مزه‌ی پرسیاری)، به‌م شێوه‌یه**{قَالُواْ إِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُۖ}.

- **ئه‌بو جه‌عفه‌ر له‌ ئایه‌تی**{لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓۖ ءَاعۡجَمِيّٞ وَعَرَبِيّٞۗ}(**فوصیله‌ت**:44)، **هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌كات و ئه‌لیف ده‌خاته‌ نێوان هه‌ردوو هه‌مزه‌، ئه‌وه‌ش له‌سه‌ربنچینه‌ی ڕێگای خۆی، به‌م شێوه‌ی**(ءَا اعۡجَمِيّٞ).

بابه‌تی
پرسیاری دووباره

پرسیاری دووباره له‌قورئانی پیرۆز له‌یازده شوێندا هاتووه، له نۆ سوره‌ت به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:

1- ئایه‌تی{وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ}،(**ره‌عد**:5)، **ئه‌بو جه‌عفه‌ر به‌م شێوه‌یه ده‌یخوێنێته‌وه**{وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ إِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَۦنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ}.

2- ئایه‌تی{وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا}،(ئیسراء:49).

3- ئایه‌تی{وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا}(ئیسراء:98).

4- ئایه‌تی{قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ}(موئمینون:82)، **ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی**(متنا) **به ضه‌ممه‌ی پیتی**(م) **ده‌خوێنێته‌وه.**

5- ئایه‌تی{وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ}(**نه‌مل**:67).

6- ئایه‌تی{وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢٨ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ}(**عه‌نكه‌بوت**:28**و** 29).

7- ئایه‌تی{وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۭ}(**سه‌جده**:10).

8- ئایه‌تی{أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ}(**صافات**:16)، **ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی**(متنا) **به‌ ضه‌ممه‌ی پیتی**(م) **ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌**{أَآ •ذَا مُتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا إِنَّا لَمَبْعُوثُونَ}.

9- ئایه‌تی{أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ}(**صافات**:53)، **ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی**(متنا) **به‌ ضه‌ممه‌ی پیتی**(م) **ده‌خوێنێته‌وه‌**.

10- ئایه‌تی{وَكَانُواْ يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ}(**واقیعه**:47)، **ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی**(متنا) **به‌ ضه‌ممه‌ی پیتی**(م) **ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌**{وَكَانُواْ يَقُولُونَ أَآ •ذَا مُتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا إِنَّا لَمَبْعُوثُونَ}.

11- ئایه‌تی{يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِى ٱلْحَافِرَةِ ۝١٠ أَءِذَا كُنَّا عِظَامًا نَّخِرَةً}(**نازیعات**:10و11).

مەزهەبی
ئەبو جەعفەر دەربارەی پرسیاری دووبارە

ئەبو جەعفەر وشەی یەکەم بە ئیخبار دەخوێنێتەوەو وشەی دووەمیش پرسیاری لەگشت ئەو شوێنانەی ڕابردو کە باسکران، تەنها سوڕەتی واقیعەو یەکەم پرسیاری دووبارەی سوڕەتی صافات نەبێت، واتا ئایەتی شازدە، ئەویان بە پرسیاری یەکەم و ئیخباری دووەم دەخوێنێتەوە، بنچینەکەش دیاردەکەوێت کە بریتیە لە ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم و خستنە ئەلیف لەنێوان هەردوو هەمزە.



بابهتی
دوو ههمزه له دوو وشهدا

پێناسه: مهبهست له دوو ههمزه له دوو وشهدا، واته: بوونی دوو ههمزهی نهلكاوی بهدوای یهك هاتوو له باری نهوهستاندا بكهوێته دوو وشه، بهشێوهیهك ههمزهی یهكهم بكهوێته كۆتایی وشهی یهكهم و ههمزهی دووهم بكهوێته سهرهتای وشهی دووهم.

كه دهڵێین لهباری نهوهستان، چونكه له كاتی وهستاندا ههردوو ههمزهكان كۆنابنهوه لهگهڵ یهك، چونكه وهستان لهسهر ههمزهی یهكهم پێك گهیشتنی نامینێت.

كۆبونهوهی دوو ههمزه له دوو وشهدا دهبێت بهدوو بهش:

- **یهكهم:** بوونی دوو ههمزهی یهكسان له جووله.
- **دووهم:** بوونی دوو ههمزهی پێچهوانهی یهكتر له جووله.

❖ یهكهم: دوو ههمزهی یهكسان له جوله.

ئهو دوو ههمزه یان ههردووكیان فهتحهدارن وهك{جَآءَ أَمۡرُنَا}، یان ههردووكیان كهسرهدارن وهك{فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ}، یان ههردووكیان ضهممهدارن وهك{أَوۡلِيَآءُۚ أُوْلَٰٓئِكَ}(ئهحقاف:32) لهمه زیاتری نیه له قورئان.

مه‌زهه‌بی
پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر ده‌رباره‌ی دوو هه‌مزه‌ی یه‌كسان

پێشه‌وا ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌خوێنێته‌وه له‌هه‌رسێ جۆره‌كه‌ی هاوێنه‌ن له جوله‌دا، ده‌رباره‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م به ئاسانكردن ده‌خوێنێته‌وه به له نێوان، واته: خوێندنه‌وه له نێوان هه‌مزه‌و پیتی درێژكردنه‌وه‌ی هاوڕه‌گه‌ز له جوله، له هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار ده‌خوێنێته‌وه له نێوان هه‌مزه‌و ئه‌لیف، له هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار خوێندنه‌وه ده‌كات له نێوان هه‌مزه‌و پیتی(ی) له هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌دار خوێندنه‌وه ده‌كات له نێوان هه‌مزه‌و پیتی(و)، به‌م شێوه‌یه{جَآءَ امْرُنَا ؛ فِي ٱلسَّمَآءِ الَٰهٌ؛ أَوْلِيَآءُ اوْلَٰٓئِكَ}.

❖ **دووه‌م: دوو هه‌مزه‌ی جیاواز له جوله.**

له كاتی كۆبوونه‌وه‌ی دوو هه‌مزه له دوو وشه‌دا، یان هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌داره یان كه‌سره‌داره یان ضه‌ممه‌دار، وه‌هه‌روها هه‌مزه‌ی دووه‌م یش به‌هه‌مان شێوه یان فه‌تحه یان كه‌سره یان ضه‌ممه‌ی وه‌رگرتووه.

كۆی گشتی ئه‌م خوێندنه‌وانه‌ی باسكران ده‌بێته نۆ خوێندنه‌وه‌، سێیان له‌م نۆیه هه‌مزه‌كان هه‌ردووكیان یه‌كسانن له خوێندنه‌وه‌ی جوله‌دا، ته‌نها شه‌ش خوێندنه‌وه له نۆ خوێندنه‌وه‌كه ده‌مینێته‌وه،

سێیان له‌م نۆ خوێندنه‌وه له وانه‌كانی ڕابردو باسكران، سه‌باره‌ت به‌م شه‌ش خوێندنه‌وه ماوته‌وه، پێنجیان خوێندنه‌وه‌یان له قورئانی پیرۆزدا هاتووه، به‌لاَم خوێندنه‌وه‌ی شه‌شه‌میان له قورئاندا نه‌هاتووه، ئه‌ویش بریتیه له‌وه‌ی ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م كه‌سره‌دار بوو وهه‌مزه‌ی دووه‌م ضه‌ممه‌دار، ئه‌م جۆره‌یان نه‌هاتووه.

ئه‌وه‌ی له‌ قورئانی پیرۆز باسكراوه‌ به‌م شێویه‌:

هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌دارو هه‌مزه‌ی دووه‌م ضه‌مه‌داره‌ یان كه‌سره‌دار، وهه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌مه‌ی له‌سه‌ره‌، یان كه‌سه‌ره‌، وهه‌مزه‌ی دووه‌م فه‌تحه‌ی وه‌رگرتووه‌.

خوێندنه‌وه‌ی پێنجه‌م بریتیه‌ له‌وه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌مه‌داره‌ هه‌مزه‌ی دووه‌م كه‌سه‌ردار، سه‌باره‌ت به‌ خوێندنه‌وه‌ی شه‌شه‌م بریتیه‌ له‌وه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م كه‌سه‌ردارو هه‌مزه‌ی دووه‌م ضه‌مه‌داره‌، به‌ڵام ئه‌م خوێندنه‌وه‌یان نه‌هاتووه‌ له‌ قورئانی پیرۆز.

ئه‌م پینج خوێندنه‌وه‌ دابه‌ش ده‌بێت بۆ سێ كۆمه‌ڵه‌:

- **كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كه‌م دوو خوێندنه‌وه‌ی تێدایه‌.**
- **كۆمه‌ڵه‌ی دووه‌م به‌هه‌مان شێوه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كه‌م دوو خوێندنه‌وه‌ی تێدایه‌.**
- **كۆمه‌ڵه‌ی سێیه‌م ته‌نها یه‌ك خوێندنه‌وه‌ له‌ خۆ ده‌گرێت.**

- **ده‌رباره‌ی كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كه‌م كه‌ دوو بار له‌ خۆ ده‌گرێت به‌م شێوه‌یه‌:**
  هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌داره‌و هه‌مزه‌ی دووه‌میش كه‌سره‌داره‌ یان ضه‌مه‌دار.

- **ده‌رباره‌ی كۆمه‌ڵه‌ی دووه‌م دوو بار له‌خۆ ده‌گرێت به‌م شێوه‌یه‌:**
  هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌مه‌داره‌ یان كه‌سره‌داره‌، وهه‌مزه‌ی دووه‌م فه‌تحه‌داره‌.

- **ده‌رباره‌ی كۆمه‌ڵه‌ی سێیه‌م كه‌ ته‌نها یه‌ك بار له‌خۆ ده‌گرێت ئه‌ویش بریتیه‌ له‌وه‌ی كه‌ هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌مه‌داره‌و هه‌مزه‌ی دووه‌میش كه‌سره‌داره‌.**

مەزهەبی ئەبو جەعفەر
دەربارەی بوونی دوو هەمزەی لەیەكتر جیاواز لە جولە لە دوو وشە

1- **ئەگەر كۆبویەوە دوو هەمزەی لە یەكتر جیا لە جولە دا لە دوو وشە، بە شێوەیەك كە هەمزەی یەكەم فەتحەدار بوو، وهەمزەی دووەم كەسرەدار بوو یان ضـەممەدار، ئەوە ئەبو جەعفەر هەمزەی دووەم ئاسان دەخوێنێتەوە.**

نمونەی هەمزەی یەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەمیش كەسرەدار بێت ئەم وشانەن(تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ، نَبَأَ إِبۡرَٰهِيمَ).

نمونەی هەمزەی یەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەمیش ضـەممەدار بێت تەنها لە(جَآءَ أُمَّةٗ)(مؤمينون:44).

نمونەی دووەم نەهاتووە لە قورئانی پیرۆز، ئەو وشانەی باس كران بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە(تَفِيٓءَ الَىٰ، نَبَأَ ابۡرَٰهِيمَ، جَآءَ امَّةٗ).

2- **كۆبونەوەی دوو هەمزەی لەیەكتر جیا لە جولە لە دوو وشە، هەمزەی یەكەم ضـەممەدار یان كەسرەدار بوو، هەمزەی دووەم فەتحەدار بوو، ئەوە ئەبو جەعفەر هەمزەی دووەم دەگۆڕێت بە پیتێكی هاوشێوەی جولەی هەمزەی یەكەم، وەك**(سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ، ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا، هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ، مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا)، **بەم شێوەیە**(وٓءُ وَعۡمَٰلِهِمۡۗ، ٱلۡمَلَأُ وَفۡتُونِي، وَٱلۡبَغۡضَآءُ وَبَدًا، هَٰؤُلَآءِ يَهۡدَىٰ، مِنَ ٱلۡمَآءِ يَوۡ مِمَّا).

3- **ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌ممه‌دار بوو هه‌مزه‌ی دووه‌م كه‌سره‌دار بوو، ئه‌وه ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م به دوو شێوه ده‌خوێنێته‌وه:**

أ- ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م ئه‌وه‌ی كه ده‌كه‌وێته نێوان هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و پیتی(ی).

ب- گۆڕینی هه‌مزه‌ی دووه‌م به پیتی(و)ی ته‌واوی كه‌سره‌دار، وه‌ك(أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ، وَمَا مَسَّنِىَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنْ أَنَا۠، يَشَآءُ إِلَىٰ)، **به‌م شێوه‌یه ده‌خوێندرێته‌وه**(ٱلْفُقَرَآءُ الَى أو/ ٱلْفُقَرَآءُ وِلَى، ٱلسُّوٓءُۚ انْ أو/ ٱلسُّوٓءُۚ وِنْ ، يَشَآءُ الَى أو/ يَشَآءُ وِلَى).

لێره‌دا ئه‌یمن سوید پارچه هونراوه‌یه‌كی هه‌یه له‌سه‌ر مه‌زهه‌بی ئه‌بو جه‌عفه‌ر ده‌رباره‌ی بوونی دوو هه‌مزه به جووله ی جیاواز له دوو وشه، به كورتی ده‌فه‌رموێت:

فتحُ الأُولى سَهلِ فتحُ الاخرى أبدلِ

غيــرَ فتحِ سهلِ وكــذاكَ أبـــدلِ

سه‌یری نمونه‌ی ژماره(1) بكه له كۆتایی به‌شی ئوصول.

بابەتی گواستنەوەی
جولەی هەمزە بۆ زەنەداری پێش خۆی

گواستنەوە لە زمانی عەرەبیدا: بە مانای گواستنەوەو گۆڕینی شتێك لە شوێنی خۆی دێت.

گواستنەوە لە زاراوەدا: بریتیە لە گواستنەوەی جولەی هەمزەی پچڕاو بۆ هەمزەیەکی زەنەداری پێشخۆی، لەگەڵ لابردنی پیتە هەمزەکە لەبەر ئاسانکردن، ئەوەش بە کار هاتووە لە زمانی هەندێ عەرەب دا.

پێشەوا ئەبو جەعفەر جولەی هەمزە بۆ زەنەداری پێش خۆی دەگوازێتەوە لەم پێنج وشەدا:

❖ پێشەوا ئەبو جەعفەر وشەی(ٱلۡأُولَىٰ) لە ئایەتی{أَهۡلَكَ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ}(نەجم:50)، دەخوێنێتەوە لەکاتی گەیشتنی بە وشەی(عَادًا) بە گواستنەوەی جولەی هەمزەی بۆ زەنەی پێش خۆی کە پیتی لامە، لەگەڵ لابردنی هەمزەی نەلکاوو تێکهەڵکێشانی بە تەنوینی(عَادًا) لە پیتی(ل)ی وشەی(ٱلُاولَىٰ) بەم شێوەیە(عَادَا لُّولَىٰ)، دەربارەی دەستپێکردن بە وشەی(ٱلُولَىٰ) ئەوە سێ خوێندنەوەی هەیە بەم شێوەی خوارەوە:

1- دەست پێکردن بە هەمزەی لکاو(وصل)و پیتی(ل) ی ضـەممەدار، بەم شێوەیە(ٱلُـولَىٰ).

2- دەست پێکردن بە پیتی(ل) ی ضـەممەدار، بەم شێوەیە(لُـولَىٰ) وەك خوێندنەوەی پێشو لەگەڵ لابردنی هەمزەی لکاو.

3- گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ بنچینه‌ی خۆی -وه‌ك حه‌فص- واتا به‌ جێگیر كردنی پیتی(ل)ی ناسراوو هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌داری دوای خۆی به‌م شێوه‌یه‌{ٱلۡأُولَىٰ}، ئه‌م خوێندنه‌وه‌ی گواستنه‌وه‌ی تێدا نیه‌ ئه‌ویان پێش ده‌كه‌وێت له‌ڕوی جێبه‌جێكردندا، چونكه‌ ئه‌بو جه‌عفه‌ر سه‌رپێچی بنچینه‌كه‌ی كردووه‌ له‌ نه‌گواستنه‌وه‌یدا.

❖ ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی(رِدۡءًا) له‌ ئایه‌تی{مَعِيَ رِدۡءًا يُصَدِّقُنِيٓۖ}(قه‌صه‌ص:34) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ گواستنه‌وه‌ی جوله‌ی هه‌مزه‌ بۆ زه‌نه‌ی پێش خۆی كه‌ پیتی(د) له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌و گۆڕینی ته‌نوینی ئه‌لیف به‌ ڕه‌ها، واته‌ له‌هه‌ردوو باردا وه‌ستان و نه‌وه‌ستان به‌م شێوه‌یه‌{مَعِي رِدا يُصَدِّقْنِيٓۖ}[1].

❖ ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی(مِنۡ أَجۡلِ) له‌ ئایه‌تی{مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ}(مائیده‌:32)، به‌ كه‌سره‌ی هه‌مزه‌ ده‌خوێنێته‌وه‌، له‌كاتی ده‌ربڕینا ده‌بێته‌ پیتی(ن)ی كه‌سره‌دارو له‌دوای ئه‌و پیتی(ج)ی زه‌نه‌دار دێت[2]. به‌م شێوه‌یه‌(مِنِ اجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِي إِسۡرَٰٓ‌ءِيلَ)، وئه‌گه‌ر به‌ وشه‌ی(أجل) ده‌ستی پێكرد ئه‌وه‌ ده‌بێت به‌ هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار ده‌ست پێبكرێت، به‌م شێوه‌یه‌(إِجۡلِ).

❖ ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی(مِّلۡءُ) له‌ ئایه‌تی{فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡ أَحَدِهِم مِّلۡءُ ٱلۡأَرۡضِ ذَهَبًا}(ئالی عیمران:91)، به‌ گواستنه‌وه‌ی جوله‌ی هه‌مزه‌ بۆ زه‌نه‌ی پێش خۆی ده‌خوێنته‌وه‌

---

[1] ئه‌بو جه‌عفه‌ر ده‌یخوێنێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ق) له‌ (يصدقني)، قه‌لقه‌له‌ش ده‌رده‌كه‌وێت و پیتی(ی) ی دانه‌ پاڵ ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌زه‌نه‌ له‌(معي).

[2] كه‌سره‌و فه‌تحه‌ له‌ هه‌مزه‌ی وشه‌ی(أجل) دوو زمانن، ته‌نها ئه‌وه‌ نه‌بێت واتای(من أجل) به‌ كه‌سره‌ ده‌خوێندرێته‌وه‌، واته‌ له‌ وشه‌ی(جنايه‌)و (جريره‌)وه‌ هاتووه‌، ده‌رباره‌ی واتای(من أجل) به‌ فه‌تحه‌، ئه‌وه‌ به‌ واتای(جر)و (سبب) دێت، هه‌ردووكیان له‌یه‌كتر نزیكن له‌ واتادا، له‌ دوڕه‌دا هاتووه‌(مِن اجلِ اكْسِرِ انقُلْ أُدْ).

له‌گه‌ڵ زه‌نه‌داركردنی، به‌م شێوه‌یه‌(فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِمْ مِلْءُ ٱلْأَرْضِ ذَهَبًا)، **له‌باری وه‌ستاندا: ڕه‌وم و ئیشمام دروست ده‌بێت.**

❖ **ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی**(ءَآلْـَٔـٰنَ) **له‌**(يونس: 51و91) **كه‌ به‌رانبه‌ره‌ به‌ هه‌مزه‌ی پرسیاری و هه‌مان وشه‌ جگه‌ له‌ هه‌مزه‌ی پرسیاری وه‌ك**(ٱلْـَٔـٰنَ جِيتَ بِٱلْحَقِّ، فَٱلْـَٔـٰنَ بَٰشِرُوهُنَّ، قَالَ إِنِّي تُبْتُ ٱلْـَٔـٰنَ) **ئیبن وه‌ردان به‌ لابردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م و گواستنه‌وه‌ی جوله‌كه‌ی بۆ پیتی**(ل) **ده‌خوێنێته‌وه‌، وله‌ شوێنی سوره‌تی یونس دا سێ خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه‌ بۆ هه‌مزه‌ی لكاو به‌م شێوه‌یه‌:**

1- گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به‌ ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جوله‌، به‌ هۆی بنچینه‌ی پیتی(ل) **كه‌ زه‌نه‌داره‌، به‌م شێوه‌یه‌**(ءَآ لْـَٔـٰنَ).

2- گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به‌ ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی به‌ دوو جوله‌، له‌به‌ر جوله‌داركردنی پیتی(ل) **به‌ فه‌تحه‌ به‌ هۆی گواستنه‌وه‌ی جوله‌ ی هه‌مزه‌ بۆ ئه‌و، به‌م شێوه‌یه‌**(ءَالَـٰنَ).

3- ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی لكاو، به‌م شێوه‌یه‌(ءَا لَـٰنَ).

كه‌واته‌ ده‌توانی هه‌مزه‌ی لكاو به‌ ئاسان بخوێنێته‌وه‌ یان گۆڕینی به‌ ئه‌لیف، ودروسته‌ له‌ كاتی گۆڕین به‌ شه‌ش یان دوو جوله‌ بیخوێنێته‌وه‌، هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی باسكران له‌گه‌ڵ هه‌مزه‌ی دووه‌م ئه‌نجام ده‌درێت و گواستنه‌وه‌ی جووله‌ ی بۆ پیتی(ل) **به‌ شێوه‌یه‌ك ده‌بێت له‌م وشه‌دا له‌ هه‌ردوو شوێنی سوره‌تی یونس دا لای ئیبن وه‌ردان ته‌نها نه‌وه‌ستانی بۆ هه‌یه‌ له‌م سێ شوێنه‌ی له‌ ڕابردوو باسمان كرد، وهه‌روها له‌ باری وه‌ستاندا سێ په‌یداكراوی زه‌نه‌دار**(مد عارض للسكون) **ده‌خه‌رێته‌ سه‌ر، كه‌واتا بۆی ده‌بێته‌ نۆ شێوه‌ خوێندنه‌وه‌ له‌ باری وه‌ستاندا.**

تێبینی:

قسەمان کردووە لەسەر بابەتی هەمزەی جولەدار کە بکەوێتە ناوەڕاستی وشە لەدوای زەنەدا لە گواستنەوەی وشەکانی(جُزْءًا، جُزْءٌ).

بۆ زانینی بنچینەی وشەی(ءَآلْـَٔنَ) **سەیری پاشکۆی ژمارە**(2)**ی کۆتایی بەشی ئوصول بکە**.



بابەتی تێكهەلكێشان

ئیدغام لەزمانی عەرەبیدا: بەكاردێت بۆ تێكهەڵكێش كردنی شتێك لەشتێكی تر.

ئیدغام لەزاراوەدا: واتا تێكهەڵكێش كردنی پیتێك لەپیتێكی تر بە شێوەیەك هەردوو پیت بە پیتێكی توندی شەددەدار دەخوێندرێتەوە لەڕەگەزی پیتی دووەم، ئەوەش دەكرێت بە دوو بەش: بچوك و گەورە.

مەبەست لەخوێندنی ئەم بابەتە، شارەزابوونە لەوەی تێكهەلكێش دەكرێت و ئەوەی تێكهەڵكێش ناكرێت، گەیشتنە دوو پیت بەیەك و كۆبونەوەیان دەكرێت بە سێ بەش:

- **یەكەم:** پێك گەیشتنیان لە وشەو نوسیندا، بە شێوەیەك پچڕان نەكەوێتە نێوانیان وەك پێك گەیشتنی دوو پیتی(ب) لە﴿ ولا یغتب بعضكم ﴾.
- **دووەم:** پێك گەیشتنیان تەنها لەنوسیندا، وەك:﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾، لێرەدا پچڕان لەنێوانیاندا ڕویداوە.
- **سێیەم:** پێك گەیشتنیان تەنها لەگوتن دا، وەك:﴿ أَنَاْ نَذِيرٌ ﴾،﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایه‌كی گشتی گرنگ

هه‌ر كاتێك دوو پیت به‌یه‌كتر بگه‌ن، ئه‌و دوو پیته یان شوێنی ده‌رچوونیان یه‌كسانه یان جیاوازه[1].

❖ ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیاوازبوو (مه‌خره‌جیان یه‌كسان نه‌بوو) ئه‌وكات به له‌یه‌كتر دوور ئه‌ژمارده‌كرێن، ته‌نها پیتی(غ)و (خ) نه‌بێت كاتێك ده‌گه‌ن به پیتی(ق)و (ك) .

هه‌ركاتێك پیتی(خ) له‌گه‌ڵ پیتی(ق) یان (ك) به یه‌ك گه‌یشتن ئه‌و دوو پیتانه ده‌بنه له‌یه‌كتر نزیك، چونكه هه‌رچه‌نده شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیایه به‌ڵام ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر نزیكه.

پیتی(غ)و (خ) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته نزیكترین شوێنی گه‌رو، ئه‌و شوێنه‌ی كه له‌دوای ئه‌و زمان ده‌ست پێ ده‌كات.

هه‌روها پیتی(ق)و (ك) شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دوورترین شوێنی زمان كه له‌دوای ئه‌و نزیكترین شوێنی گه‌رو دێت، نێوان هه‌ردوو ده‌رچوون لێك نزیك بوون هه‌یه.

له به‌ر ئه‌م هۆكارانه ده‌ركه‌وت كه پیتی(غ) له‌گه‌ڵ (ق) یان (ك) له‌یه‌كتر نزیكن، وبه‌هه‌مان شێوه پیتی(خ) له‌گه‌ڵ (ق) یان (ك) له‌یه‌كتر نزیكن.

---

[1] مه‌حمود خه‌لیل حوصه‌ری، په‌رتووكی ئه‌حكامی قورئانی پیرۆز،(مه‌ككه‌ی پیرۆز، نوسینگه‌ی مه‌ككیه– دار به‌شائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، به‌ده‌ست كارییه‌وه.

❖ ئه‌گه‌ر پیته‌كان له‌یه‌ك ئه‌ندام بوون (واته:له‌یه‌ك ئاست و شێوه دابوون و هه‌مان ده‌ربڕینیان هه‌بوو)، له‌و كاته‌دا ده‌بن به دوو به‌ش:
یان شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر نزیكه.
یان شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر دووره.

ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر نزیك بوو به شێوه‌یه‌ك هه‌ر یه‌ك له‌وان له‌یه‌كتر نزیك بوون، وهیچ دابڕان و پچڕان ڕوونه‌دات له‌نێوان هه‌ردوو پیته‌كه، ئه‌وه له‌یه‌كتر نزیكن،(واته:ئه‌م دوو پیته به له‌یه‌كتر نزیك سه‌یر ده‌كرێن).

له‌م قسانه‌ی ڕابردوو وا ده‌رده‌كه‌وێت ئه‌گه‌ر دوو پیت شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیابوو، به شێوه‌یه‌ك هه‌ر یه‌كێكیان له‌شوێنێك ده‌رده‌چوو، (پچڕان و دابڕان له‌نێوانیاندا هه‌بوو) به دوو پیتی دوور له‌یه‌كتر سه‌یرده‌كرێن.

له‌سه‌ر ئه‌وه نێوان شه‌ش پیته‌كانی گه‌رو وهه‌ژده پیته‌كانی زمان دوریه‌ك هه‌یه، چونكه پیته‌كانی گه‌رو له‌شوێنێك ده‌رده‌چێت و پیته‌كانی زمانیش له‌شوێنێكی تر، ته‌نها پیته‌كانی(غ) له‌گه‌ڵ(ق)و (ك)و پیتی(خ) له‌گه‌ڵ پیتی(ك) نه‌بێت هه‌روه‌ك له‌ڕابردوو باس كرا.

هه‌روها له‌نێوان پیته‌كانی گه‌روو پیته‌كانی لێو دورییه‌ك هه‌یه، چونكه هه‌ر یه‌ك له‌وان شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیاوازه، وله‌كاتی ده‌ربریندا جیاكاریه‌ك ده‌كه‌وێته نێوانه‌كانیان.

وله‌نێوان پیته‌كانی زمان و پیته‌كانی لێو دووری هه‌یه، چونكه شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیایه، ته‌نها پیتی(ن) له‌گه‌ڵ(م) نه‌بێت یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌ده‌ربڕینداو لێكچوونێكیان هه‌یه له‌نزیك بونه‌وه.

پیتی(ن) له‌گه‌ڵ(و) نزیكبوونه‌وه‌یه‌كیان هه‌یه له‌یه‌كتر له‌شێوه‌ی ده‌ربڕیندا.
پیتی(ی)ی لیین له‌گه‌ڵ(و) یه‌ك ڕه‌گه‌زن و نزیك بونه‌وه‌یه‌ك هه‌یه له‌نێوانیاندا له‌ده‌ربڕیندا.

❖ له‌نێوان پیته‌كانی گه‌رو پیتێك له‌گه‌ڵ پیتێكی تر نزیك بوون و دوركه‌وتنه‌وه هه‌یه.

ئه‌م دوو پیته‌ی كه شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دوورترین به‌شی گه‌رو –كه ئه‌وانیش پیتی(ء)و (هـ)– له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی گه‌رو ئه‌وانیش پیتی(ع)و (ح) لێك نزیك بوونه‌وه‌یه‌ك هه‌یه له‌نێوانیاندا.

ئه‌م دوو پیته‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه ده‌رچوونیان ده‌كه‌ویته نزیكترن شوێنی گه‌روو وه‌ك پیتی(غ)و (خ) دوریه‌ك هه‌یه.

پیته‌كانی ناوه‌ڕاست وه‌ك پیتی(ع)و (ح) نێوان ئه‌و دوو پیته‌و پیته‌كانی ده‌كه‌وێته سه‌روی گه‌رو وپیتی خواروی گه‌روو نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

له‌نێوان پیته‌كانی زمان هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تر نزیك و دووری هه‌یه.

ئه‌و دوو پیته‌ی ده‌كه‌ونه دورترین شوێنی زمان، وه‌ك پیته‌كانی(ق)و (ك) له‌نێوان ئه‌ودوو پیته‌و پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان وه‌ك پیتی(ج)و (ش)و (ی)و پیتی زمان وه‌ك پیتی(ض)و (ل) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، ئه‌و پیتانه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان كه بریتین له‌(ن، ر، ط، د، ت، ص، س، ز، ظ، ذ، ث) ئه‌م پیتانه‌ی باس كران پێیان ده‌گوترێت پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان(الذلقية) پیته‌كانی سه‌ره‌وه‌ی زمان(النطعية) وپیته‌كانی سه‌ره‌تای پێشه‌وه‌ی زمان(الأسلية) وپیته‌كانی لێو(الشفوية) و(پیته‌كانی نزیك له‌پودو) دوریه‌ك هه‌یه.

❖ له‌نێوان پیته‌كانی ناوه‌ڕاست و سه‌ر زمان و لێواره‌كان، نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

له‌نێوان پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان و لێواره‌كاندا نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، وه‌له‌نێوان پیتی(ف) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێو وه‌ك(و)و (ب)و (م) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

ولەنێوان پیتەکانی لێو هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریان هاوڕەگەزیەك هەیە لەشوێنی دەرچونیان.

ڕوونکردنەوە

- ئاشکرایە کە هەر یەك لەپیتەکانی(ء)و (هـ) دەکەونە کۆتایی گەرو، هەردووکیان یەك ڕەگەزن لە بەر ئەوەی دەرچوونیان یەکە بەڵام دەربڕینان لەیەکتر جیایە.

- پیتەکانی(ع)و (ح) لەناوەڕاستی گەرو دەردەچن، ئەم دوو پیتەش یەك ڕەگەزن.
پیتی(غ)و (خ) لەنزیکترین شوێنی گەرو دەردەچن ئەوانەش بەهەمان شێوەی ئەو پیتانەی باسکران یەك ڕەگەزن.

- پیتەکانی دوور هەر یەك لەپیتی(ء)و (هـ) بەرامبەر پیتەکانی ناوەڕاست واتە(ع)و (ح) لەیەکتر نزیکن، وبەرامبەر پیتەکانی نزیکترینی گەرو(غ)و (خ) لەیەکتر دوورن، چونکە پیتە ناوەڕاستەکان لەیەکتریان جیادەکاتەوە.
پیتەکانی ناوەڕاستی گەرو(ع، ح) لەگەڵ پیتەکانی دوورترین و نزیکترین نزیکایەتیەکیان هەیە.

- پیتی(غ) لەگەڵ پیتی(ق)و (ك) لەیەکتر نزیکن.

- پیتی(خ) لەگەڵ(ق)و (ك) بەهەمان شێوە لەیەکتر نزیکن، چونکە پیتی(غ)و (خ) هەر چەندە لەنزیکترین شوێنی گەرو دەردەچن، بەڵام کاتێك نزیکیێکی بەهێز هەیە لەنێوان ئەوان و پیتەکانی(ق)و (ك) کە دەرچوونیان دەکەوێتە دورترین شوێنی زمان، ئەمە وای کردووە کە ئەم پیتانە بە نزیك لەیەکتر بخوێندرێنەوەو سەیر بکرێن، هەرچەندە لەیەکتر جیان هەروەك لەڕابردوو باس کران.

- پیتەکانی(ق)و (ك) لەیەکتر نزیکن، بە هۆی بوونی جیاکاریەك لەشوێنی دەرچوونیان، وەگوتراوە پیتی(ق)و (ك)یەك ڕەگەزن بە هۆی شوێنی دەرچوونیان کە دورترینی زمانە.

❖ پیتی(ق)و هاوشێوەی ئەو پیتی(ك) لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان(ج، ش، ی) یان لەگەڵ پیتەکانی سەرە زمان لەیەکتر نزیکن، وەلەگەڵ هەر پیتێك لەو پیتانەی بە لایەکی زمان دەردەبردرێن لەیەکتر دوورن، وەك(ض،ل).

❖ پیتەکانی(ج)و (ش)و (ی) کە درێژناکرێنەوە(مەدیان تێدا نیە) لەناوەڕاستی زمان دەردەچن، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەکتر یەك ڕەگەزن، ئەم پیتانە لەگەڵ پیتەکانی (ق)و (ك)و (ض)و (ل)و (ن)و (ر)و (ط)و (د)و (ت)و (س)و (ص)و (ز)و (ظ)و (ذ)و (ث) هەموویان لەیەکتر نزیکن، وهەر یەك لەم پیتانە لەگەڵ پیتی لێوەکان بە دوور ئەژمار دەکرێن.

❖ پیتی(ض) لەیەك لەدوو لێواری زمان (لای چەپ یان ڕاست) لەگەڵ ئەوەی لەدوای دێت لەددانەکان خرێنە(اضراس) دەردەچێت لەناوەڕاستی لاییێکی زمان ئەوەی لەدوای ئەودێت، ئەوە لەگەڵ پیتی(ق) یان(ك) یان هەر پیتێکی تری دەرچوو لەناوەڕاستی زمان یان سەری زمان یان پیتی(ل) ئەوە بە نزیك لەیەکتر ئەژمار دەکرێن.

❖ پیتی(ل) دەردەبڕدرێت بە تەنیشتی زمان تا کۆتایەکەی، پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(ق) یان پیتی(ك) یان هەر پیتێکی تر لەو پیتانەی کە لەناوەڕاستی زمان یان لاییێکی زمان پیتی(ض) ئەمانە هەمووی بە نزیك ئەژمار دەکرێن لەگەڵ پیتی(ل)، تەنها پیتی(ل) لەگەڵ پیتەکانی لێو بە پیتی لێك دوور ئەژمار دەکرێن، بەڵام پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(م) بە نزیك ئەژمار دەکرێت لەسیفەت.

❖ پیتی(ن) لە بەشێکی پێشەوەی زمان دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ن) کەمێك دەکەوێتە ژێر شوێنی دەرچوونی پیتی(ل)، پیتی(ن) لەگەڵ پیتی(ق)یان پیتی(ك) بە لەیەکتر دوور سەیر دەکرێن، ولەگەڵ ئەو پیتانەی کە شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض)و (ل) لەگەڵ ئەو پیتانەی کە لەلێواری زمان دەردەچن، بە نزیك ئەژمار دەکرێت.

❖ پیتی(ر) لهپێشهوهی زمان(طرف اللسان) دهردهچێت، شوێنی دهرچوونی پیتی(ر) نزیكه لهشوێنی دهرچوونی پیتی(ن) لهكاتی دهربڕینی پیتی(ر) شێوهی دهربڕینهكه زیاتر بهرهو لای سهرووی زمان دهچێت، لهگهڵ پیتی(ق)و پیتی(ك) لهیهكتر دوورن، بهڵام بهرامبهر به پیتهكانی دهرچوو لهناوهڕاستی زمان وههروها پیتی(ض)و (ل)و (ن)و پیتهكانی تری دهرچوو له پێشهوهی زمان(طرف اللسان) به نزیك ئهژماردهكرێت.

❖ ههر یهك لهپیتهكانی(ط)و (د)و (ت) دهرچوونیان دهكهوێته پێشهوهی زمان(طرف اللسان) به شێویهك شوێنی دهرچوونهكهیان زیاتر بۆ بهشی لای سهرهوهی ددانهكان نزیك دهبێتهوه، ههر یهك لهم سێ پیته(ط)و (د)و (ت) لهگهڵ یهكتر به یهك ڕهگهز سهیر دهكرێن، پیتهكانی(ط، د، ت) لهگهڵ(ق) یان (ك) لهیهكتر دوورن، ولهگهڵ پیتهكانی ناوهڕاستی زمان و ئهم پیتانهی به پێشهوهی زمان دهردهبڕدرێن پیتی(ض، ل، ن، ر)و پیتهكانی دهرچووی پێشهوهی زمان به نزیك لهیهكتر ئهژمار دهكرێن.

❖ پیتهكانی(ص، ز، س) دهرچوونیان دهكهوێته پێشهوهی زمان(طرف اللسان)و سهروی ددانهكانی خواروو، ههر یهك لهپیتی(ص، ز، س)و لهگهڵ یهكتردا یهك ڕهگهزن، ئهم سێ پیته(ص، ز، س) دورن لهپیتهكانی(ق)و (ك)، وئهم سێ پیته(ص، ز، س) نزیكیان ههیه لهگهڵ پیتهكانی ناوهڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت)و ئهو پیتانهی تری دهكهوێته پێشهوهی بهشێكی زمان.

❖ پیتهكانی(ظ، ذ، ث) دهرچوونیان به پێشهوهی زمانه (طرف اللسان) كه دهكهوێته لای ددانهكانی سهروو، ئهم سێ پیته(ظ، ذ، ث) لهگهڵ یهكتر یهك ڕهگهزن، وههر یهك لهم پیتانه(ظ، ذ، ث) لهگهڵ پیتی(ق) یان (ك) دورن، ئهم سێ پیته(ظ، ذ، ث) لهگهڵ پیتهكانی ناوهڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز، س) نزیكی ههیه.

❖ پیتی(ف) لهنێوان بهشی ناوهوهی لێوی خوارهوهو بڕبڕهكانی سهرهوه دهردهچێت، پیتی(ف) لهگهڵ ههر پیتێك لهپیتهكانی گهرو یان ههر پیتێك لهپیتهكانی زمان به ڕهها لهیهكتر دوورن، جگه لهپیتی(ن) نهبێت لێك نزیكن لهگهڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) لهگهڵ(و، ب، م) لهیهكتر نزیكن.

❖ پیتی(و، ب، م) به لێوەکان دەردەبردرێت، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەکتر یەك ڕەگەزن، ئەم سێ پیتە(و، ب، م) بەرامبەر بە پیتەکانی گەرو(حلق)و پیتەکانی زمان لەیەکتر دوورن، پیتی(و، ب، م)و پیتی(ف) بە نزیك لەیەکتر سەیر دەکرێن، پیتی(م) لەگەڵ (ن)یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا، وپیتی(و) لەگەڵ(ن) بەهەمان شێوە لەیەکتر نزیکن لەسیفەتدا، وپیتی(و)و (ی)ی لیین یەك ڕەگەزن و لەیەك چوونیان هەیە لەدەربریندا.

زاناکان دەفەرموون:

ئەوانەی لەڕابردوو باس کران بۆ ئەو پیتانە بوون کە شوێنی دەرچوونیان دیار بوو، وشێوەی دەربڕینان زانداروبوو.
ئەو پیتانەی کە شوێنی دەرچوونیان بە تەخمین دیاری کراوە، بریتین لەسێ پیتی مەد (درێژکردنەوە) ئەم سێ پیتە مەدە شێوەی گەیشتنیان بە پیتەکان نادیارەو باس ناکرێت.

ئەگەر پیتی مەد گەیشتن بە پیتێك لەپیتەکانی زمانی عەرەبی نزیك بوونەوەیان بۆ نیە، یەك ڕەگەزنین لەگەڵ یەکتر، لێك دورکەوتنەوەشیان بەیەکەوە نیە، چونکە پیتەکانی مەد شوێنی دەربڕین و دەرچونیان نیە وەك پیتەکانی تر، بەڵکو ئەم پیتە مەددانە تەنها بە هەوای دەم و گەرو دروست دەبێت.

بەڵێ پیتە مەدەکان باس دەکرێن لەگەڵ هەندێك لەپیتە عەرەبیەکان کە ڕەگەزایەتییێك و هاوشێوەییێك هەیە لەسیفەتدا، بەڵام نەك لەشوێنی دەرچوون.
ئەو پیتانەی هاوشێوەییان هەیە لەگەڵ پیتە مەدەکان، وەك پیتی(و)ی جووڵەدار، لەگەڵ ئەلیف هەروەك لەوشەی(وَالٍ).

پیتی(و) لەگەڵ ئەلیف یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا بەهۆی یەکبونیان لە گشت ڕویەکەوە.
پیتی(ی)ی جووڵەدار لەگەڵ ئەلیف وەکو پیتی(و) وایە، وەك(الصِّيَامُ)، کەواتا هەردو پیتی(ی)و ئەلیف یەك ڕەگەزن لەسیفەت بەهۆی گشت دەربڕینێکەوە.

پیتی(و)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ(و)ی زه‌نه‌دار وه‌ك(وُورِيَ) به هاوشێوه داده‌ندرێن، هه‌ردوو پیتی(و) له‌یه‌ك ڕه‌گه‌زدان چوونكه هاوسیفه‌تی یه‌كترن.
پیتی(ی)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ پیتی(و)ی زه‌نه‌دار یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌سیفه‌تدا، وه‌ك(یوقنون).

تێبینی:

پیته‌كانی(ت)و (ك) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
پیته‌كانی(ح)و (ث)و (ه)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا،(حثه).
پیته‌كانی(ج)و (د) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
پیته‌كانی(م)و (ن)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
پیته‌كانی(و)و (ی)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ هه‌رسێ پیتی درێژكراوه‌كان (پیته مه‌ده‌كان) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
ئه‌و پێنج پیته یه‌كسانن له هه‌مو سیفه‌تێكدا، وپیته نه‌رمه‌كان(لیین) وه‌ك(و)و (ی) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
به‌پێی قسه‌كانی ڕابردو ده‌توانین بڵێین ئه‌و پیتانه‌ی یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا یه‌ك ڕه‌گه‌زیشن.
سه‌یری پاشكۆی ژماره(1) بكه له كۆتایی به‌شی ئوصول



پەیوەندی نێوان پیتەكان

✓ **پیتە هاووێنەكان(متماثلين)**

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان و ناوو ڕێنووسیان یەكسانە، وەك:(ن) لەگەڵ(ن).

✓ **پیتە لێك نزیكەكان(متقاربين)**

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان لە یەكتر نزیكە، وەك:(ن) لەگەڵ(ل) یان تەنها شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر نزیكەو سیفەتیان جیاوازە، وەك:(ج) لەگەڵ(ض) یان تەنها سیفەتیان لەیەكتر نزیكەو شوێنی دەرچوونیان جیاوازە، وەك:(غ) لەگەڵ(ظ).

✓ **پیتە یەك ڕەگەزەكان(متجانسين)**

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان یەكسانەو سیفەتیان لەیەكتر جیاوازە، وەك:(ذ) لەگەڵ(ظ) یان شوێنی دەرچوونیان لە یەكتر جیاوازەو سیفەتیان یەكسانە، وەك:(ت) لەگەڵ(ك).

چۆنیەتی
دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەكتر

هەركاتێك ویستمان پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەكتر بزانین، پێویستە سەرەتا سەیری شوێنی دەرچوون و سیفەتیان بكەین، ئەگەر هاتوو هاووێنە بوون(متماثل) وەك پیتەكانی(ق) لەگەڵ(ق)،(ٱلۡغَرَقُ قَالَ)، بڕیار لەسەر ئەو جۆرە پیتانە دەدەین بە هاووێنە بوون، بەڵام ئەگەر هاووێنەی یەكتر نەبوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەتیاندا، لەو كاتەدا سەیری شوێنی دەرچوونی پیتەكان دەكەین لە ڕووی هاوشێوەییان، ئەگەر هەردوو پیتەكە هاوشێوە بوون لە شوێنی دەرچوونیان، ئەوە بڕیار دەدەین لەسەر ئەم دوو پیتە كە یەك ڕەگەزن لە ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتەكانی(ع) لەگەڵ(ح)،(ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا).

ئەگەر شوێنی دەرچوونی پیتەكان یەكسان نەبوون، سەیری سیفەتیان دەكرێت، ئەگەر هاوشێوەی یەكتر بوون، بە شێوەیەك كە نە لەیەكتر كەمتربوون نە لەیەكتر زیاتر بوون لە سیفەتیان، بڕیاری یەك ڕگەز بوونیان لەسەر دەدرێت لە سیفەت دا.

هەر وەك پیتەكانی(ح، ث، ه) كۆدبێتەوە لە ووشەی (حثه) ئەم پیتانە بە هاوشێوەی یەكتر ناودەبردرێن و نمونەكانیان بەم شێوەیە(يَبۡحَثُ، يُبۡعَثُ حَيًّا، فَأَصۡبَحَ هَشِيمًا، ٱللَّهَ حَقَّ، بَعَثَهُۥ، ٱللَّهِ ثُمَّ).

لە نێوان پیتی(م)و (ن) یەك ڕگەزن(يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ).

لە نێوان پیتی(ت)و (ك) یەك ڕگەزن(وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ).

لە نێوان پیتی(ج)و (د) یەك ڕگەزن(وَلَقَدۡ جَآءَكَ).

لە نێوان پیتی(و)و (ی)ی لیین یەك ڕگەزن(أَوۡ يَعۡفُوَاْ).

له نێوان پیتی نەرم(لیین) له لایەك لەگەڵ پیتە درێژكراوەكان(حروف المد) له لایەكی تر هاوشێوەیی هەیە(وَالٍ).

جگە لەم پیتانەی باس كران یەك ڕگەزی نیە نە له شوێنی دەرچوون و نە له سیفەت دا، له ڕابردوش باسمان كرد.

ئەگەر یەكسان نەبوون له سیفەتدا ئەوا سەیری له یەكتر نزیك بوونیان دەكرێت له ڕووی شوێنی دەرچوونیان و سیفەتیان، ئەگەر یەكسانی هەبوو له نێوان پیتەكان له ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان هەر وەك له نێوان پیتەكانی(ل)**و** (ر)، (قل رب).
نێوان پیتەكانی(ذ)**و** (ز)، (وإذ زين).
نێوان پیتەكانی(ق)**و** (ك)، (نخلقكم).
بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم پیتانەی باس كران، بە نزێك بوون له شوێنی دەرچوون و سیفەت دا.

ئەگەر بەم شێوەیە نەبوون له نێوان پیتەكان له ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، تەنها سەیری شوێنی دەرچوونیان دەكرێت، ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو له نێوان شوێنی دەرچوونیان، بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها له ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتی(د)**و** (ص)،(ولقد صدقكم).

ئەگەر له یەكتر نزیك نەبوون له ڕووی شوێنی دەرچوون، تەنها سەیری سیفەتیان دەكرێت.

ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو له نێوان سیفەتیان، -بە شێوەیەك جیاوازیان تەنها له یەك یان دوو سیفەت هەبێت و زیاتر نەبێت- بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها له ڕووی سیفەت، هەروەك پیتی(و)**و** (ن)،(أو نصارى).

وهەروها لە نێوان پیتی(س)و (ح)،(للناس حسابهم). وەهەمزەو پیتی(د)(أدنی)، پەیوەندی نزیكایەتی لە نێوان پیتەكاندا زۆرە.

هەر دوو پیتێك تێكهەڵكێشیان هەبێت لەگەڵ یەكتر لە هەر خوێندنەوەو گێڕانەوەیەك بێت و هاوڕەسمی یان یەك ڕەگەزی لە نێوانیان نەبێت، بە لە یەكتر نزیك هەژمار دەكرێن، بەڵام ئەگەر هیچ شتێك لەوانەی ڕابردو باس كران لە نێوان پیتەكاندا نەبێت، ئەوە بە لە یەكتر دوورو جیاواز ئەژمار دەكرێن، كەواتە: ڕیزبەندی پەیوەندی نێوان پیتەكان ڕیزبەندیەكی دابەزینە.

واتا كامەی لەپێشترە ئەو باس دەكرێت ئەوانی تر لەدوای ئەوەوە دێن، بەم شێوەی خوارەوە[1]:

1- هاووێنە لە شوێنی دەرچوون و سیفەتدا.

2- یەك ڕەگەز لە شوێنی دەرچوون.

(1) زانای خەلیجی پیتەكانی زمانی عەرەبی دابەش گردووە بۆ سەر پێنج بەشی سەرەكی سەبارەت بە تێكهەڵكێش كردن و تێكهەڵنەكێشكردن: **یەكەم:** نە تێكهەڵكێش دەكرێت و نە تێكهەڵكێشانی بۆ دەكرێت، ئەوانەش سێ پیتن(ء، ا، خ)، **دووەم:** تێكهەڵكێش ناكرێت، بەڵام تێكهەڵكێشانی بۆ دەكرێت، ئەوانەش چوار پیتن(ط، ظ، ص، ن). ناگوترێت پیتی(ط) تێكهەڵكێش دەكرێت لەگەڵ پیتی(ت) لە(أَحَطتُ، بَسَطتَ) بە تێكهەڵكێشێكی ناتەواو، بەهۆی مانەوەی سیفەتی ئیطباق، چونكە مەبەست بە تێكهەڵكێشێكی تەواو(الادغام الكامل) بە لابردنی پیت و سیفەتی، وەك(الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ) لەلای سوسی، **سێیەم:** تێكهەڵكێش دەكرێت تەنها بەهاووێنەی خۆی، ئەوەش شەش پیتە(ع، غ، ف، ه، و، ی)، **چوارەم:** تێكهەڵكێش دەكرێت تەنها لەڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش پێنج پیتە(ج، د، ذ، س، ض)، **پێنجەم:** تێكهەڵكێش دەكرێت بە هاووێنەو هاوڕەگەزی خۆی و یەك ڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش یازدە پیتە(ب، ت، ث، ح، ر، س، ق، ك، ل، م، ن)، **بڕوانە:** موحەممەدی خەلیجی، لە پەرتووكی(حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، لێكۆڵینەوەی عومەری كوڕی عەبدولقادر،(ریاض، دار أضواء السلف، د.ت)، لاپەڕە23.(بەدەست كارییەوە) خەلیجی هونراوەیەكی هەیە لەم بەشەوە، باسمان نەكردووە لەبەر درێژبوونەوە.

3- یەك ڕەگەز لە سیفەت.

4- لەیەكتر نزیك لە شوێنی دەرچوون وسیفەت.

5- نزیكی لە شوێنی دەرچوون.

6- نزیكی لە سیفەت.

7- لەیەكتر دوور.



تێكهەڵكێشانی بچوك

بریتیە لە تێكهەڵكێشانی پیتێكی زەنەدار بە پیتێكی جووڵەدار، بە شێوەیەك بە هۆی ئەو تێكهەڵێشانە هەردوو پیت دەكرێن بە یەك پیتی شەدەدار لە یەك ڕەگەز لەگەڵ پیتی دووەم.

هۆی ناونانی بە بچوك

ناوی نراوە بە تێكهەڵكێشانی بچووك، چونكە لە كاتیٚ تێكهەڵكێشاندا تەنها پێویستی بە یەك هەنگاوی بچوكە، ئەویش بریتیە لە تێكهەڵكێشانی پیتی یەكەم بە پیتی دووەم.

مەزهەبی
ئەبو جەعفەر لەسەر تێكهەڵكێشی بچووك

1- ئەبو جەعفەر پیتی(ذ) تێكهەڵكێش دەكات لە پیتی(ت) لە فیعلی(ٱتَّخَذْتُ) بەهەر شێوەیەك هاتبێت، وەك(لَئِنِ ٱتَّخَذتَ ، ثُمَّ أَخَذتُّهَا).

2- ئەبو جەعفەر پیتی(ذ) تێكهەڵكێش دەكات لە پیتی(ت) لە وشەی(عُذْتُ) ئەمەش لە دوو شوێندا هاتووە بەم شێوەیە(وَإِنِّي عُذتُّ بِرَبِّي)(غافر:27)، (دوخان:20).

3- ئەبو جەعفەر پیتی(ث) تێكهەڵكێش دەكات لە پیتی(ت) لە وشەی(لَبِثْتُ) بەهەر شێوەیەك هاتبێت، وەك(فَلَبِثتَّ سِنِينَ فِي أَهْلِ مَدْيَنَ).

4-ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(ع) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له‌ پیتی(ع) له‌ ئایه‌تی{وَلِتُصۡنَعَ عَلَىٰ عَيۡنِيٓ} **(قیامه‌:27) به‌م شێوه‌یه**(وَلۡتُصۡنَع عَّلَىٰ)[1].

5-ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(ن) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له‌گه‌ڵ پیتی(ر) له‌ ئایه‌تی{وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ}**(قیامه‌:27)**[2]**. به‌م شێوه‌یه**(وَقِيلَ مَن رَّاقٖ).

6-ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(ل) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له‌ پیتی(ر) له‌ ئایه‌تی{كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ}**(موطه‌ففین:14)، به‌م شێوه‌یه**(كَلَّاۖ بَل رَّانَ)**، لێره‌دا دوو شوێنی تریش هه‌ن ئه‌وانیش تێكهه‌ڵكێشانیان بۆ ده‌كرێت، چونكه‌ به‌ شێوه‌ی ئه‌مر ده‌خوێندرێته‌وه‌ ئه‌وانیش بریتین له‌**{قَالَ رَبِّي}**(ئه‌نبیاء:4)و** {قَلَ رَبِّ} **(ئه‌نبیاء:112) به‌م شێوه‌یه**(قُل رَّبِّي قُل رَّبُّ)[3].

7-ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(ب) ئاشكراده‌كات له‌ ئایه‌تی{ٱرۡكَب مَّعَنَا}**(هود:42) به‌م شێوه‌یه**(ٱرۡكَبۡ مَعَنَا) **وقه‌لقه‌له‌ش ده‌رده‌كه‌وێت.**

8-ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیتی(ث) ئاشكراده‌كات له‌ ئایه‌تی{يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ}**(ئه‌عراف:176)، به‌م شێوه‌یه**(يَلۡهَثۚ ذَٰلِكَ).

9-ئه‌بو جه‌عفه‌ر پیته‌ پچڕاوه‌كان ئاشكراده‌كات وبه‌سه‌كت ده‌خوێنێته‌وه‌و تێكهه‌ڵكێشان ناكات له‌گه‌ڵ یه‌كتر ئه‌وانه‌ی كه‌ تێكهه‌ڵكێشانیان تێدا دروست بێت، ئه‌وه‌ش وه‌ك تێكهه‌ڵكێشكردنی پیتی(ن)ی وشه‌ی(سین) له‌ پیتی(م) له‌ ئایه‌تی{طٓسٓمٓ}**، وه‌هه‌روها**

---

[1] (ولتصنع) به‌ زه‌نه‌ی پیتی(ل)و پیتی(ع) ده‌خوێنێته‌وه‌.

[2] له‌ ڕابردو قسه‌ی له‌سه‌ر كراوه‌ له‌ بابه‌تی ئه‌حكامی نونی ساكین و ته‌نوین.

[3] (قال)ی خوێندۆته‌وه‌ به‌ ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ق)و لابردنی ئه‌لیف و زه‌نه‌داركردنی پیتی(ل)و ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ب) له‌ وشه‌ی(رَّبُّ).

تێكهەڵكێش نەكردنی پیتی(م) لە وشەی(لام) لە پیتی(م) لە ئایەتی{الٓمٓ}، لەڕابردودا باسمان كرد لە بابەتی تێكهەڵكێشان دا.

تێبینی:

``ئەبو جەعفەر وازی لە(سەكت) واتە وەستانێكی كورتی بێ هەناسە وەرگرتن هێناوە كە پێویستن(واجب)ن لای حەفص، بەڵام ڕەچاوی ئەوەی كردووە ئەوەی تێكهەلكێشانی بۆ گونجاو بووە ئەنجامی داوە، وەك(بَل رَّانَ، مَن رَّاقٍ) هەروەك لە ڕابرودو ئاماژەمان پێدا، وبۆی هەیە وەك خۆی دەریبخات، واتە(الاظهار)ی بكات لە وشەكانی دەستپێكی هەر یەك لە سوڕەتەكانی(یس، القلم).



تێكهەڵكێشانی گەوره

بریتیە لە تێكهەڵكێشكردنی پیتێكی جوڵەدار بە پیتێكی جوڵەداری تر كە لە دوای ئەو دێت، بە شێوەیەك هەردوو پیت دەبێتە یەك پیتی شەدەدار لە ڕەگەزی پیتی دووەم.

ناونانی بە تێكهەڵكێشی گەوره

هۆی ناونانی بە تێكهەڵكێشی گەوره: چونكە لە كاتی تێكهەڵكێشاندا پێویستی بە دوو هەنگاو هەیە، یەكەمیان زەننەداركردنی پیتی یەكەم، دووەمیان تێكهەڵكێشكردنی پیتی یەكەم لە دووەم.

پێشەوا ئەبو جەعفەر لە تێكهەڵكێشانی گەورەدا تێكهەڵكێشان دەكات لە یەك وشە ئەویش وشەی(تَأۡمَـنَّا) لە ئایەتی{قَالُواْ يَـٰٓأَبَانَا مَالَكَ لَا تَأۡمَـنَّا عَلَىٰ يُوسُفَ}(یوسف:11)، بە شێوەیەك پیتی(ن)ی یەكەمی تێكهەڵكێش كردووە لە پیتی(ن)ی دووەم بە تێكهەڵكێشانێكی تەواو بێ ڕەوم و بێ ئیشمام، بەم شێوەیە(تَأۡمَـنَّا).

تێبینی:

لێرەدا باسی ئەوەم نەكردووە كە تێكهەڵكێشەكەی لەسەر بنچینەی خۆیەتی، چونكە ئەبو جەعفەر تێكهەڵكێشی بۆ دەكات وەك حەفص، لە وشەكانی(تأمنا، أتحاجونِّي، تأمرونِّي، مكنِّي)، چونكە بنچینەی ئەم وشانە بریتیە لە[تأمننا، أتحاجونني، تأمرونني، مكنني].

حوكمی
بەیەك گەیشتنی دوو زەنەدار

ئەگەر دوو پیتی زەنەدار بەیەك گەیشتن لە دوو وشەدا ئەوە ئەبو جەعفەر زەنەی وشەی یەكەم دەگۆڕێت بە ضـەممە ئەگەر وشەی دووەم دەست پێكردنی بە هەمزەی لكاوی ضـەممەدار بوو، هۆكارەكەشی ئەوەیە گواستنەوە لە كەسرەوە بۆ ضـەم پەسند نیە، دواتر جولەداركردنی زەنەی یەكەم بە ضـەممە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جولەی هەمزەی لكاو لەكاتی دەستپێكردن بە وشەی دووەم ضـەممەیە، وەك{وَلَقَدُ ٱسْتُهْزِئَ}،{خَبِيثَةِ ٱجْتُثَّتْ}،{أَنُ ٱقْتُلُوا۟}،{بِرَحْمَةٍ ٱدْخُلُوا۟}،{أَوُ ٱنقُصْ}.

خوێنەر ئاگاداردەكرێتەوە لە ضـەممەداردا ئەگەر وشەی دووەم بە هەمزەی لكاو دەستی پێكردبوو، بەڵام ئەگەر وشەی دووەم بە هەمزە دەستی پێ كردبو بەڵام بە كەسرە خوێندراوە ئەوە زەنەداری یەكەم دەكرێت بە كەسرە وەك(بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ ، قُلِ ٱلرُّوحُ ، أَنِ ٱمْشُوا۟).

تێبینی:

ئەبو جەعفەر خۆی پزگاركردووە لە گەیشتنە دوو زەنە بەیەكەوە بەهۆی درێژكردنەوەی شەش جولە لە وشەی(ٱثْنَا عَشَرَ) لە ئایەتی{إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثْنَآ عَشَرَ شَهْرًا} (تەوبە:36)، بە شێوەیەك ئەبو جەعفەر بە زەنەی پیتی(ع) دەخوێنێتەوە، لەگەڵ درێژكردنەوەی پێویست(لازم) بە ئەندازەی شەش جولە لە ئەلیف ەهۆی گەیشتنە دوو پیتی زەنەدار بەیەك، وەهەروها وشەی (يَٰحَسْرَتَىٰ) لە ئایەتی{أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَٰحَسْرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِى جَنۢبِ ٱللَّهِ}(زومەڕ:56) ئەبو جەعفەر بە زیادكردنی پیتی(ی) لە دوای ئەلیفی كۆتایی دەخوێنێتەوە، دەبێتە فەتحە لەباری نەوەستاندا، ودەبێتە زەنە لەباری وەستاندا، بەڵام ئیبن وەردان خوێندنەوەیەكی تری هەیە كە بریتیە

له زهنهدارکردنی پیتی(ی)ی زیاده به ڕهها، ههربۆیه ئهو ئهلیفهی دهکهوێته پێش خۆی شهش جوله درێژی دهکاتهوه بههۆی گهیشتنه دوو پیتی زهنهدار بهیهك، پێشتر باسی ئهم بابهتهمان کرد له بابهتی درێژکردنهوهی پێویست له وشهیهکی ئاسانکراودا.



باسی
حەوت ئەلیفەكان

پێشەوا ئەبو جەعفەر پێچەوانەی حەفصی كردووە لە بابەتی حەوت ئەلیفەكان لە:

✓ **یەكەم:**

ئەبو جەعفەر ئەلیفی جێگیركردووە لە باری وەستان و نەوەستاندا لە پێنج وشەدا، بەم شێوەی خوارەوە:

1- وشەی(لَّٰكِنَّا۠)، **لەئایەتی**{لَّٰكِنَّا هُوَ ٱللَّهُ رَبِّي}(**كەهف**:38).

2- وشەی(ٱلظُّنُونَا۠) **لەئایەتی**{وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا ۝١٠ هُنَالِكَ ٱبْتُلِيَ ٱلْمُؤْمِنُونَ}(**ئەحزاب**:10).

3- وشەی(ٱلرَّسُولَا۠) **لەئایەتی**{وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا ۝٦٦ وَقَالُوا۟ رَبَّنَا}(**ئەحزاب**:66).

4- وشەی(ٱلسَّبِيلَا۠) **لەئایەتی**{فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا ۝٦٧ رَبَّنَا ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ}(**ئەحزاب**:67).

5- وشەی(أَنَا۠) **بە هەر شێوەیەك هاتبێت بەم شێوەی خوارەوە:**

ئەگەر لە دوای ئەم وشە(أَنَا) **هەمزەی پچڕاو هات فەتحەدار بوو یان ضەممەدار، وەك**{مَا أَنَا بِبَاسِطٍ أَنَا أُحْيِۦ} **ئەوە ئەبو جەعفەر بە ڕەهایی دەخوێنێتەوە بە جێگیركردنی ئەلیف و درێژكردنەوەی لەباری نەوەستاندا لەسەر نەلكاو، واتە دوو جولە بەپێی مەزهەبی خۆی، بەڵام ئەگەر لە دوای ئەم وشە هەمزەی پچڕاوی كەسرەدارهات، ئەوەش**

له سێ شوێندا هاتووه، وەك{أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ}(ئەعراف:188) و (شوعەرا:115) و (ئەحقاف:9) ئەوه ئەبو جەعفەر به لابردنی ئەلیف دەخوێنێتەوه لەباری نەوەستاندا وجێگیری دەكات لەباری وەستاندا وەك حەفص.

✓ دووەم:

ئەبو جەعفەر هەندێك وشه به نەصبەو تەنوین دەخوێنێتەوه بەم شێوەیه:

1- وشەی(سَلَٰسِلَا۟) له ئایەتی{إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَا۟ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا} (ئینسان:4)، ئەبو جەعفەر به تەنوین دەخوێنێتەوه لەباری نەوەستانداو بەگۆڕینی به ئەلیف لەباری وەستاندا.

2- وشەی(قَوَارِيرَا۟) شوێنی یەكەم له ئایەتی{وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَا۟}(ئینسان:15) وشەی دووەم (قَوَارِيرَا۟) له ئایەتی{قَوَارِيرَا۟ مِن فِضَّةٖ}(ئینسان:16) ئەبو جەعفەر هەردووكیان به تەنوین دەخوێنێتەوه لەباری نەوەستانداو بەگۆڕینی به ئەلیف لەباری وەستاندا.

3- ئەبو جەعفەر وشەی(ثَمُودَا۟) به تەنوینی پیتی(د) دەخوێنێتەوه بەم شێوەیه(ثَمُودَا۟) وله چوار شوێندا به ئەلیف لەسەری دەوستێت بەنم شێوەیه:

أ-{أَلَآ إِنَّ ثَمُودَا۟ كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ} (هود:68).

ب-{وَعَادٗا وَثَمُودَا۟ وَأَصۡحَٰبَ ٱلرَّسِّ} (فورقان:38).

ت-{وَعَادٗا وَثَمُودَا۟ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُمۚ} (عەنكەبوت:38).

ث-{وَثَمُودَا۟ فَمَآ أَبۡقَىٰ} (نەجم:51).

بابه‌تی فه‌تح و ئیماله

به‌شێكی زۆر له‌ هۆزه‌كانی عه‌ره‌ب، لاركردنه‌وه‌یان هه‌یه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌دا، وه‌ك به‌شێكی زۆر له‌ خه‌ڵكی نه‌جد، وه‌ك هۆزه‌كانی(به‌نی ته‌میم، به‌نی ئه‌سه‌د، قه‌یس و ئه‌وانی تر)، هه‌ندێك له‌ هۆزه‌كانی عه‌ره‌ب ئاخاوتنیان به‌ فه‌تحه‌داركردنی وشه‌یه‌، وه‌ك خه‌ڵكی حیجاز له‌ قوره‌یشیه‌كان و هه‌وازن و ثه‌قیف و كینانه‌.

❖ **لاركردنه‌وه‌ له‌ زمانی عه‌ره‌بی:**

واته‌ خواركردنه‌وه‌، یان لادان له‌ شتێك و رووكردنه‌ شتێكی تر.

❖ **لاركردنه‌وه‌ لای زانایان:**

بریتیه‌ له‌ لادان له‌ فه‌تحه‌وه‌ به‌ره‌و كه‌سره‌، وله‌ ئه‌لیفه‌وه‌ بۆ پیتی (ی)، ئه‌وه‌ش ده‌كرێت به‌ دوو به‌ش[1]:

---

[1] هۆكاری ئیماله‌ هه‌شتن:

1/بوونی كه‌سره‌ له‌ پێش وشه‌ یان له‌ دوای وشه‌، وه‌ك هه‌ر یه‌ك له‌ وشه‌كانی(الناس، النار، الربا، كلاهما، مشكاة).

2/كه‌سره‌یه‌كی په‌یداكراو له‌ هه‌ندێك كاتدا وه‌ك(طاب، جاء، شاء، زاد) چونكه‌ له‌م وشانه‌دا پیتی(ف) كه‌سره‌دار ده‌كرێت له‌ كاتی لكاندن به‌ راناوی ره‌فعه‌دار(مه‌رفوع).

3/بوونی پیتی(ی) له‌ وشه‌دا، وه‌ك(لا ضير) سوك خوێندنه‌وه‌ له‌م وشه‌دا به‌ ئیماله‌ داده‌ندریت(لاركردنه‌وه‌).

4/یان وه‌رگێڕان و قه‌لب كردن، وه‌ك(رمى).

5/یان لێكچوون به‌ وه‌رگه‌ڕان، وه‌ك: ئه‌و پیته‌ ئه‌لیفه‌ی بۆ مێ به‌ كاردێت.

6/یان پێچونێك به‌ پێچواندنی گۆرینی پیتی(ی) بێت، وه‌ك(موسى، عيسى).

7/یان ئه‌وه‌ی ده‌بێته‌ نزیك له‌ ئیماله‌(لاركردنه‌وه‌) ناوده‌بردرێت(ئیماله‌) له‌ پێناو(ئیماله‌)،(لاركردنه‌وه‌ وه‌ك وشه‌ی(تراءى) مه‌به‌ست پێی پیتی ئه‌لیفی یه‌كه‌مه‌، وبه‌هه‌مان شێوه‌ پیتی(ن) له‌ وشه‌كانی(نأى، وراء، رأى).

8/یان پیتی ئه‌لیف له‌سه‌ر شێوه‌ی(ی) نوسرابێت، هه‌رچه‌نده‌ له‌ بنچینه‌دا پیتی(و) وه‌ك(ضحى).

➢ **لارکردنەوەی گەورە(إماله کبری)**

بریتیە لە خوێندنەوەی ئەلیف لە نێوان ئەلیف و پیتی(ی)دا بە تەواوی، نەگواستنەوەو نەمانەوەی تەواوە، وپێشی دەگوترێت ئیضجاع(الاضجاع)، هەر ئەمەش مەبەستە لەکاتی ناوهێنانی بە ڕەهایی.

➢ **لارکردنەوەی بچووك(إماله صغری)**

بریتیە لە دەربڕینی پیت لە نێوان کردنەوەی سروشتی و ئیمالەی تەواو، واتە لارکردنەوە لە فەتحە بەرەو کەسرەی تەواو، لەگەڵ مانەوەی دەم لەباری ئاسایی خۆی، واتە نەفەتحەیەکی تەواو نەکەسرەیەکی تەواو، وپێشی دەگوترێت کەم بوون(التقلیل)، یان خوێندنەوە لە نێوان، واتە نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە.

زمان بەرزدەبێتەوە بە کردنەوەی دەم، لار دەبێت بە(ئیماله)[(1)]. وهەروها خوێندنەوە بە لارکردنەوە ئاسانترە لەسەر زمان لە بەرزکردنەوە، هەر بۆیە لارکردنەوە دەکەن، ئەوەی کردنەوە دەکات بۆچوونی وایە کە کردنەوە پەسندەو ئەو ڕەسەنە.


ئەو فەرموودەی[(2)]. پێشەوا ئیبنولجەزەری(ڕەزای خودای لێبێت) باسی دەکات لە پەرتووکەکەی خۆی بەناوی نەشر(النشر) پالپشتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ عەبدوڵلەی کوڕی مەسعود(ڕەزای خودای لێبێت) کاتێك پیاوێك سوڕەتی(طه)ی لەلا دەخوێندو کەسرەداری نەکرد(واتە: لارکردنەوەی نەکرد) بۆ پیتە پچراوەکانی سەرەتای سوڕەتەکە، ئیبن مەسعود (ڕەزای خودای لێبێت) خوێندیەوە ﴿طه﴾، واتە: لارکردنەوەی ئەنجام دا سێ جار، پاشان سوێندی خواردو فەرمووی بەم شێوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمەی فێرکردووە.

ئەوانەی باس کران هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دوو شت کەسرەو (ی). **سەیرکە:** عەلی کوڕی موحەممەد ضەباع، الاضاءة في بيان أصول القراءة،(قاهیرە، نوسینگەی ئەزهەریە بۆ کەلتور، ساڵی1420ی کۆچی، لاپەرە29.

[(1)] لە کاتی ئیمالە کردن بە ئەلیفی(طغی) زمان بەرز دەبێتەوە، بەلام کەمێك لاردەبێت کە بە فەتح بخوێندرێتەوە لە لای حەفص و هاوڕاکانی.

[(2)] فەرموودەیەکی غەریبە.

زانایانی زمانه‌وانی ڕاوبۆچونی جیاوازیان هه‌یه له‌سه‌ر كردنه‌وه(فتح)و لاركردنه‌وه(اماله)، ئایه كامه‌یان ڕه‌سه‌نه؟ بۆچوونی به‌هێز ئه‌وه‌یه كه كردنه‌وه(فتح) ڕاستره له ئیماله، چونكه ئیماله پێویستی به هۆكارێكه به پێچه‌وانه‌ی كردنه‌وه پێویستی به هۆكار نیه، (ئیماله)لاركردنه‌وه لقێكه له كردنه‌وه، ئیبنو لقاصح له شه‌رحه‌كه‌ی له‌سه‌ر كتێبی(حرز الامانی) ده‌فه‌رموێت: ئه‌وه‌ی لاركردنه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێت، كردنه‌وه‌شی بۆ ده‌كرێت، به‌ڵام ئه‌وه‌ی كردنه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێت مه‌رج نیه لاركردنه‌وه‌ی بۆ بكرێت.



مه‌به‌ست له‌لاركردنه‌وه یان كه‌م كردنه‌وه: ڕاگه‌یاندنه تا بزاندرێت بنچینه‌ی ئه‌لیف پیتی یائه، یان ئاگاداركردنه‌وه‌یه له‌سه‌ر وه‌رگه‌ڕانی بۆ پیتی(ی) له شوێنێكی دیاریكراودا، یان دیاری كردنی هاوشێوه‌یه له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سره‌ی كه نزیكیه‌تی.

ئه‌بو جه‌عفه‌ر وشه‌ی{مَجْرِيْهَا} له سوره‌تی(هود:41) نه ئیماله ده‌كات و نه كه‌مكردنه‌وه‌ی بۆ ده‌كات به‌ڵكو پیتی(م)ی ضـه‌ممه‌دار كردووه‌و پیتی(ر)ی فه‌تحه‌دار كردووه بێ ئیماله، به‌م شێوه‌یه(مُجْرَيْهَا).

بابه‌تی
شێوه‌ی ڕێنووسی

➢ **یه‌كه‌م:**

وشه‌ی(يَـٰٓأَبَتِ) به‌هه‌رشێوه‌یه‌ك هاتبێت[1]. له‌باری نه‌وه‌ستاندا به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ت) ده‌خوێنێته‌وه، وله‌باری نه‌وه‌ستاندا به پیتی(ه)[2] ده‌خوێنێته‌وه له‌بری پیتی(ت) به‌م شێوه‌یه(يَـٰٓأَبَتَ).

ئاگاداركردنه‌وه:

ئه‌گه‌ر(ـت)ی (مێ)ی به‌كار هاتوو بۆ تاك به فه‌تحه‌دار بنوسرێت، ئه‌وه لای ئه‌بو جه‌عفه‌ر پێویست ده‌بێت وه‌ستان له‌سه‌ری به پیتی(ت) –واتا به پیتی(ت) ده‌خوێندرێته‌وه– ئه‌وه‌ش له سێزده وشه‌دا هاتووه، دابه‌ش ده‌بێت بۆ سه‌ر چل و یه‌ك شوێن به‌م شێوه‌ی خواره‌وه[3]:.

(فِطْرَتَ ، سُنَّتُ ، ٱمْرَأَتُ ، لَّعْنَتَ ، رَحْمَتَ ، نِعْمَتَ ، بَقِيَّتُ ، وَمَعْصِيَتِ ، كَلِمَتُ ، قُرَّتُ ، شَجَرَتَ، وَجَنَّتُ ، ٱبْنَتَ).

---

[1] له(یوسف:4+100)،(مه‌ریه‌م:42+44+45)،(قه‌صه‌ص:26)،(صافات:102)دا هاتووه.

[2] (یا ابت): بنچینه‌كه‌ی(یا أبي) یه، به‌ڵام پیتی(ی) لابردراوه، دواتر قه‌ره‌بوكراوته‌وه به پیتی (ت)ی به‌كارهاتوو بۆ مێ و كه‌سره‌داركراوه –له‌لای ئه‌وانه‌ی كه‌سره‌داری ده‌كه‌ن– مه‌به‌ست له كه‌سره‌داركردنه‌كه تا كه‌سره‌كه ببێته به‌ڵگه له‌سه‌ر پیتی(ی)ی لابردراوو وه‌ستان له‌سه‌ری به پیتی(ی)، نوه‌یری ده‌فه‌رموێت: له په‌رتووكی (شه‌رحی طيبة النشر) ب2، لا(63) پیتی(ه) وازاندراوه له وشه‌ی(یا أبت) داندراوه بۆ ئه‌وانه‌ی باسكران گه‌ڕانه‌وه‌كه‌ی بچێته سه‌ر پیته هائه‌كه نه‌ك وشه‌كه، به هۆی نه‌نوسینی، خوێندنه‌وه‌ی پێچه‌وانه‌ی پیتی(ه) بنچینه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه هاووێنه‌ی قه‌ربوكردنه‌وه‌كه‌یه هه‌ربۆیه ناكرێته پیتی سه‌روژێر(ئیعراب).

[3] بۆ سود بینین له‌م بابه‌ته، سه‌یری پاشكۆی ژماره 3 بكه له كۆتایی ئه‌م به‌شه‌دا.

تێبینی:

شەش وشەی تر دەبێتە پاشكۆ بۆ پیتی(ت)ی (مئ)ی بەكار هاتوو بۆ تاك، واتاە ئەبو جەعفەر بە پیتی(ت) لەسەریان دەوستێت بەم شێوەیە:

- (مَرۡضَاتِ)(بەقەرە:270)[1]. لە هەر شوێنێك بێت.
- (ذَاتَ بَهۡجَةٍ)(نەمل:60)[2].
- (ٱللَّٰتَ)(نەجم:19).
- (وَّلَاتَ حِينَ)(ص:3).
- (هَيۡهَاتَ)(موئمینون:36).

ئەبو جەعفەر لەسەر ئەم پێنج وشە دەوەستێت بە پیتی(ت) وەك حەفص.

دەربارەی وشە(يَـٰٓأَبَتِ) ئەوە وشەی شەشەمە لەسەرەوە باسمان كرد.

ئەلمولا قارئ لە شەرحەكەیدا لەسەر پێشەكی(جەزەریەی شەش ئەلفاظەكەی) ڕابردوو هونراوەیەكی داناوە بەم شێوەیە:

واللاتَ مع لات كذا مرضات		ويا أبت وذات مع هيهات

---

[1] لە ئایەتی207 تا 265 لە سورەتی بەقەرە، وئایەتی 114ی سورەتی نیساء، وئایەتی 1ی سورەتی تەحریم، وەستان لەسەری بە خوێندنەوەی پیتی(ت) ئەوە شێوەزارێكە لە ناو عەرەبەكاندا، دەڵێن (هذا طلحت بالتاء) بەڵام ئەوانی تر كە لەسەری دەوستن بەم شێوە دەوەستن لە كاتی خوێندنەوەی (مرضاه) پیتی(ت) دەكەنە پیتی(ه) لە كاتی وەستان دا، بەڵگەیان ئەوەیە دەیانەوێت جیاكاری بكەن لە نێوان پیتی(ت)ی لكاو بە ناوێك لەگەڵ پیتی(ت)ی لكاو بە فیعل (كار) (قامت و ذهبت) (القماش) لە تەفسیری ئایەتی207ی سورەتی بەقەرە(وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ) بە دەست كاریەكی كەم.

[2] جگە لەم شوێنە هاتووە وەك وشەی(ذات) لە(ذات لهب) ئەوە باسی ئێمە نیە چونكە گشت قاریئەكان بە پیتی(ت) لەسەری دەوستن.

 **دووهم:**

ئهبو جهعفهر وشهی(أَلَّا يَسۡجُدُواْ) **له ئایهتی**{أَلَّا يَسۡجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِي يُخۡرِجُ ٱلۡخَبۡءَ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ}(**نهمل**:25) **به ئاسانكردنی پیتی(ل) دهخوێنێتهوه بهم شێوهیه**(أَلَا يَا ٱسۡجُدُواْ).

وبۆی ههیه وهستان به تاقیكردنهوه لهسهر وشهی(أَلَا يَا) **بهیهكهوه، ودهستپێكردن به وشهی** (ٱسۡجُدُواْ) **لهگهڵ ضـهممهداركردنی ههمزهی لكاو، وبۆی ههیه بوهستێت به ههلبژاردن لهسهر وشهی**(أَلَا) **به تهنها دواتر لهسهر**(يَا) **بهتهنها دواتر دهستپێكردن به**(ٱسۡجُدُواْ) **لهگهڵ ههمزهی لكاو، دهربارهی باری تاقیكردنهوهدا، بهشێوهیهك ئهلیف لابردرێت له وشهی**(يَا) **لهكاتی لكاندندا به**(ٱسۡجُدُواْ) **بههۆی گهیشتنه دوو پیتی زهنهدار بهیهك**[1].



[1] **بۆ سود بینین لهم بابهته، سهیری پاشكۆی ژماره(4) بكه له كۆتایی ئهم بهشهدا.**

بابەتی
یائەكانی دانەپاڵ

یائی دانە پاڵ(ئیضافە): ئەو پیتە یائەیە عەرەب بەكاری دێنن بۆ دەربڕینی كەسی قسەكەری تاك وەك(بِكِتَابِي)، پیتی یائی دانەپاڵ(لە بنچینەی وشەكەدا نیە، بەڵام بۆی زیاد كراوە).

بە وشەی (زیادە) ئەو پیتە یائە ناگرێتەوە كە زیادە نیەو بنچینەی خۆیەتی وەك(یهدي، سآوي).

بە وشەی(تاك) ئەو پیتە یائە دەرچوو كە بۆ تاك بەكار نەهاتووە وەك(حَاضِرِي)، چونكە پیتی(ی) لەم وشەدا بۆ جەمعی موذەكەری سالم بە كار هاتووە نەك بۆ تاك(مفرد).

بە وشەی(قسەكەر) ئەو پیتە یائە ناگرێتەوە كە بۆ كەسی دووەم(مخاطب)ی بەكار هاتوو بۆ مێ، وەك(فكلي واشربي).

یائی دانە پاڵ: دەچێتە سەر ناو(اسم) وكار(فعل) وپیت(حرف) وەك(سَبِيلِي، ذَرُونِي، فَإِنِّي).

ئەگەر(ی)ی دانەپاڵ چووە سەر فیعل دەبێتە بەركار(مفعول بە)، وەك(أَوْزِعْنِي)،[نەمل:19]، وئەگەر(ی)ی دانەپاڵ لەگەڵ ناو بوو دەبێتە مەجروری شوێنی(مجرور محلاً) وەك(ذِكْرِي)،(طه:14).

یائی دانەپاڵ لەگەڵ پیت دەبێتە مەجروری شوێنی(مجرور محلاً)، بەڵام دەبێتە مەنصوبی شوێنی(منصوب محلاً) ئەگەر لەگەڵ(إنَّ)و خوشكەكانی هات(إنَّ واخواتها).

نمونهی پیتی(ی)ی دانهپاڵ ی لكاو به پیت لهگهڵ(إنَّ)و خوشكهكانی، نهصبهی وهرگرتبێت، وهك:(إِنِّيَ أَخَافُ)،(**ئهنعام**:15).

نمونهی پیتی(ی)ی دانهپاڵ ی لكاو به پیت، جهڕهی وهرگرتبێت، وهك(وَلِيَ دِينِ)،(**كافرون**:6).

نیشانهی یائی دانهپاڵ ئهوهیه بتواندرێت پیتی(ك) یان پیتی(ه) بخرێته شوێنی، وهك(فَطَرَنِي) **دهبێته**(فطرك) **و**(فطره).

عهرهب یائی دانهپاڵ زهنهدار دهكهن وههندێك جار فهتحهداری دهكهن.

گوتراوه زهنهداركردنی پیتی(ی)ی دانهپاڵ بنچینهیه، چونكه خۆی مهبنیه(نهگۆڕه له جووڵهدا) بنچینهی مهبنیش زهنهداریه، ههر وهك چۆن یائی دانهپاڵ له زۆربهی شوێندا له قورئانی پیرۆز به زهنهداری هاتووه.

ههندێك دهڵێن فهتحهداركردنی یائی دانهپاڵ بنچینهی دووهمه، واتا فهتحهداری بنچینهیهو زهنهداریشی بهههمان شێوه بنچینهیه، چونكه یائهكه ناوه، ئهو ناوهی كه دهبێته پیت ڕهفعه وهرناگرێت بههێز دهبێت به جووڵه، فهتحهداركردن بۆ ئاسانكردنه، بهڵام بۆچوونی یهكهم بههێزتره.


له قورئانی پیرۆز پیتی(ی)ی دانهپاڵ876 **جاره هاتووه، دابهش دهبێت بهسهر سێ بهش، بهم شێوهی خوارهوه:**

أ- **قوڕائهكان یهك دهنگن لهسهر پیتی(ی)ی دانهپاڵ كه زهنهدار دهكرێت، ئهوهشیان زۆر ترینه، وهك**(إِنِّي جَاعِلٌ)،(**بهقهره**:30)، **كۆی گشتی(ی)ی دانهپاڵ بهم شێوه دهگاته**566 یاء.

ب- **قوڕائهكان یهك دهنگن لهسهر پیتی(ی)ی دانهپاڵ كه فهتحهدار دهكرێت، وهك**(بَلَغَنِيَ ٱلْكِبَرُ)،(**ئالی عیمڕان**:40). **كۆی گشتی(ی)ی دانهپاڵ بهم شێوه دهگاته**98 **پیتی(ی).**

ت- قورائه‌كان بۆچوونی جیایان هه‌یه له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ، ئایه فه‌تحه‌دار ده‌كرێت یان زه‌ننه‌دار، كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه ده‌گاته212 پیتی یاء، ئه‌وه‌ش له‌سه‌ر شه‌ش به‌ش ده‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی له دوای خۆی دێت.

جۆره‌كانی یائی دانه‌پاڵ



مەزهەبی
ئەبو جەعفەر لەسەر یائی دانەپاڵ

ئەبو جەعفەر هەمو پیتە یائێكی دانەپاڵ كە هەمزەی پچڕاوی بە فەتحەی بەدوا هاتبێت لە قورئانی پیرۆز فەتحەداری دەكات وەك(إِنِّيَ أَعْلَمُ)، تەنها لە نۆ شوێن نەبێت بە زەنە دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە:

1-{فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ}(بەقەرە:152).
2-{أَرِنِي أَنْظُرْ إِلَيْكَ}(ئەعراف:143).
3-{وَلَا تَفْتِنِّي أَلَا فِي}(تەوبە:49).
4-{وَتَرْحَمْنِي أَكُنْ مِنَ}(هود:47].
5-{فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا}(مەریەم:43).
6-{رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ}(نەمل:19).
7-{وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى}(غافر:26).
8-{وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ}(غافر:60).
9-{رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ}(ئەحقاف:15).

❖ ئەبو جەعفەر هەموو پیتە(ی)ی دانە پاڵێك هەمزەی پچڕاوی كەسرەداری بەدواداهات فەتحەدار دەكات لە هەموو قورئانی پیرۆز، وەك{قَالَ مَنْ أَنصَارِیٓ إِلَى ٱللَّهِۖ}، تەنها لە دە شوێن نەبێت بە زەنە دەخوێنێتەوەو شوێنێكیش خیلافی لەسەرە، دە شوێنەكەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1-{قَالَ أَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ}(ئەعراف:14).
2-{أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ}(یوسف:33).

3-{قَالَ رَبِّ فَأَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ}(**حیجر**:36).

4-{يُصَدِّقُنِي إِنِّي}(**قه‌صه‌ص**:34)، **به‌ زه‌نه‌ی پیتی(ق) ده‌خوێنێته‌وه‌.**

5-{قَالَ رَبِّ فَأَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ}(**ص**:79).

6-{وَتَدْعُونَنِي إِلَى النَّارِ}(**غافر**:41).

7-{لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِي إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُ}(**غافر**:43).

8-{فِي ذُرِّيَّتِي إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ}(**ئه‌حقاف**:15).

9-{لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ}(**مونافیقون**:10).

❖ **ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌موو پیته‌(ی)ی دانه‌ پاڵێك هه‌مزه‌ی پچڕاوی ضه‌مه‌ به‌دواداهات فه‌تحه‌دار ده‌كات له‌ هه‌موو قورئانی پیرۆز، وه‌ك(إِنِّي أُرِيدُ)، ته‌نها له‌ دوو شوێن نه‌بێت هه‌موو قاریئه‌كان به‌ زه‌نه‌ ده‌خوێننه‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌:**

1- {وَأَوْفُوا بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ}(**به‌قه‌ره**:40).

2- {قَالَ آتُونِي أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا}(**كه‌هف**:96).

ئه‌وانه‌ی له‌ ڕابردوو باسكران شێخی قازی كورتی كردۆته‌وه‌ له‌ هونراوه‌یه‌ك له‌ په‌رتووكی(النظم الجامع)[1].

والياء فافتح عند فتح همزة ... أو كسرها أو ضمّها إلا الّتي

في ادعون واذكرون فاتّبعني ... ترحمني تفتنّي ذروني أرني

ذرّيّتي يدعونني تدعونني ... معه يصدّقني كذا أخّرتني

أنظرن آتوني بكهف ثبتت ... ويا بعهدي أوّلا قد سكنت

---

[1] **عبدالفتاح قاضی، په‌رتووكی(شه‌رحی** النظم **الجامع** لقراءة **الامام النافع)** طنطا: (**مه‌كته‌به‌ی تاج**1425 **ك**).

❖ ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌موو پیته‌(ی)ی دانه پاڵێك هه‌مزه‌ی لكاو به‌(ئه‌ل)ی ناسراو فه‌تحه‌دار ده‌كات له هه‌موو قورئانی پیرۆز، وه‌ك{رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ}.

له‌گه‌ڵ بوونی تێبینیه‌ك له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی زه‌نه‌داری ده‌كات له قاریئه‌كان بۆی هه‌یه لابه‌رێت له باری نه‌وه‌ستاندا، چونكه زه‌نه‌داری به‌دوادادێت.

سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش ئه‌بو جه‌عفه‌ر پێچه‌وانه‌ی حه‌فص ده‌كات له‌م بابه‌ته‌دا له یه‌ك شوێندا، به‌م شێوه‌یه{لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ}(به‌قه‌ره:124)، لێره‌دا حه‌فص پیتی(ی)ی به زه‌نه خوێندۆته‌وه له‌م جۆره‌و ته‌نها له‌یه‌ك شوێندا ئه‌ویش سوره‌تی به‌قه‌ره‌ی پێشووه جگه له‌وه‌ش فه‌تحه‌داری ده‌كات.

❖ ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌موو پیته‌(ی)ی دانه پاڵێك هه‌مزه‌ی لكاوی به‌كارهاتوو بۆ تاك فه‌تحه‌دار ده‌كات له هه‌موو قورئانی پیرۆز، وه‌ك{إِنَّ قَوۡمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا}، ته‌نها له سێ شوێن نه‌بێت به زه‌نه ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه:

1- {إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ عَلَى النَّاسِ}(ئه‌عراف:144).
2- {هَارُونَ أَخِي(30) اشْدُدْ بِهِ}(طه:30).
3- {يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ}(فورقان:27).

له باری نه‌وه‌ستاندا پیتی(ی) لاده‌بردرێت له‌م سێ شوێنه‌ی ڕابردوو به هۆی گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌دار به‌یه‌ك.

شێخێی قازی له‌(النظم الجامع)[1]. ده‌فه‌رموێت:

وقبل لام العرف فتحها ثبت ... وعنـد همز الوصل أربـع أتت

مفتوحة قومي لنفسي ذكري ... بعدي اسمه قد بيّنت فى الذّكر

[1] سه‌رچاوه‌ی پێشوو.

❖ **ئه‌بو جه‌عفه‌ر هه‌موو پیته‌(ی)ی دانه پاڵێك هه‌مزه‌ی به دوادانێت زه‌نه‌دار ده‌كات، ته‌نها له شه‌ش شوێن نه‌بێت به فه‌تحه ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه:**

1- {أَنْ طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ}(**به‌قه‌ره**:125).
2- {فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ}(**ئالی عیمران**:20).
3- {وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ}(**ئه‌نعام**:79).
4- {وَمَمَاتِيَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ}(**ئه‌نعام**:162).
